# ئـیـدیـۆم
## چەشن و پێکهـاتنی لە زمانی کوردیدا

هەواڵنامەی کتێب

شیلان عومەر حسەین

مەڵبەندی کوردۆلۆجی

**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**مەڵبەندی کوردۆلۆجی**


- ناوی کتێب: ئیدیۆم چەشنو پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا
- نووسەر: شیلان عومەر حسەین
- پیتچنین: نووسەر
- دیزاین و سەرپەرشتیی چاپ: بریار فەرەج کاکی
- بەرگ: رەنج شوکری
- ژمارەی سپاردن: ١٢٤٩/ ساڵی٢٠٠٩
- چاپخانە: رەنج/ سلێمانی
- تیراژ:١٠٠٠ دانە
- نرخ: ٢٠٠٠ دینار
- زنجیرە: ٢٩


هەواڵنامەی کتێب


مەڵبەندی کوردۆلۆجی
ناونیشان: سلێمانی، گردی ئەندازیاران- گەڕەك/ ١٠٥، كۆڵان/ ٢٥، ژ.خانوو/ ٤، ژ. پۆست/ ٩٥
تەلەفون: ٣١٩٣٠٩٣
kurdology2006@yahoo.com

## ناوەرۆك


**پێشەکی** ٧

**بەشی یەکەم : ئیدیۆم لەزمانەوانیدا** ٩

١-ئیدیۆم ١١

٢-تێڕوانین بۆ دانەی ئیدیۆم لە زمانەوانیدا ١٤

٣-پێداچوونەوەو هەڵسەنگاندنی هەندێ لەو کارانەی لەزمانی کوردیدا تاکو ئێستا لەسەر ئیدیۆم کراون ٣٢

**بەشی دووەم: ئیدیۆم و واتا** ٤٧

١-ئیدیۆم وەك دانەیەکی واتایی ٤٩

٢-ئیدیۆمو پۆلێنکردنی واتایی ٥٤

٣-پەیوەندی نێوان واتاو فۆڕمی ئیدیۆم ٥٨

٤-واتای ئیدیۆمی ٦٠

٥-پێکهاتەی ئیدیۆم لە رووی واتاییەوە ٦٧

٦-ئیدیۆم و میتافۆڕ ٦٩

٧-ئیدیۆمو پراگماتیك ٧٥

**بەشی سێیەم: پێکهاتنی ئیدیۆم** ٨٥

١-پۆلێنکردنی ئیدیۆم لە رووی پێکهاتنی سینتاکسییەوە ٨٧

٢-رستەی ئیدیۆمی ٨٩

٣-فرێزی ئیدیۆمی ١٠١

٤-فرێزی ئیدیۆمیو وشەی لێکدراوی ئیدیۆمی ١١٣

٥-ئیدیۆمو مۆرفۆلۆجی ١١٤

٦-ئیدیۆمو فەرهەنگ ١٢٨

- لێما ١٢٨

-لێکسیم ١٣٣

-لیستێم ١٣٧

**ئە نجام** ١٤١

**سەرچاوە** ١٤٢

**کورتەیەك بە زمانی ئینگلیزی** ١٤٦

**لیستی زاراوەکانو هێماو کورتکراوەکان** ١٤٧


هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکەمان (ئیدیۆم چەشنو پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا) یە، کە تیایدا چەشن و واتاو مۆدێل و پێکهاتەی سینتاکسیی ئیدیۆمەکان بەپێی لێکۆڵینەوە زانستییە نوێکان، کە ئەمڕۆ لە زمانەوانیدا لە بواری ئیدیۆمدا لەکاردان، دەست نیشان کراون.

ئیدیۆم ڕۆڵێکی بەرچاوو گرنگ لە دەوڵەمەندکردنو گەشەسەندنی فەرهەنگی زماندا دەبینێت، بۆیە هەڵدەگرێت کە چەندەها باسو لێکۆڵینەوەی زانستی هەمەلایەنەی لە زمانی کوردیدا لەسەر بکرێت، بەڵام تائێستا وەك پێویست ئەو ئاوڕەی لیٚ نەدراوەتەوەو ژمارەی ئەو باسە زانستیانەی لەسەر ئیدیۆم کراون یەکجار کەمترن لە باسە زمانەوانییەکانی تر. نووسینی باسی زانستی نویێ لەسەر ئیدیۆم هەنگاونانە بۆ ڕونکردنەوەو شیکردنەوەی ئەو لایەنانەی بەشێوەیەکی پێویست ساغ نەکراونەتەوە، بۆیە ویستمان بەم لێکۆڵینەوەیە تیشكو ڕۆشنایەکی تازەو مۆدێرن بخەینە سەر ئەم لایەنە گرنگەی زمانەوانیی کوردییو هەنگاوێك لە پێناو دانانو هێنانەکایەی تیۆرێك، بۆ ئەوەی ببێتە بنەمایەك بۆ لێکدانەوەو شیکردنەوەی واتاو پێکهاتنی ئیدیۆمی کوردی بنێین.

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەدوای وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکدا دەگەڕێت، لەوانە: ئیدیۆم چیە؟ زمانەوانان چۆن دەڕواننە ئەم دانەیە؟ چۆن لە واتای ئیدیۆم دەگەین؟ ئایا ئیدیۆم چەشنی واتایی هەیە؟ جیاوازی نێوان ئیدیۆمو مێتافۆڕ چییە؟ ئایا دەتواندرێت پراگماتیکییانە لە ئیدیۆم بکۆڵرێتەوە؟ چۆن؟ ئەو پۆلێنانە کامانەن، کە بۆ پێکهاتەی سینتاکسی ئیدیۆم خراونەتە روو؟ لە کوێدا ئیدیۆم پەیڕەوی یاسا سینتاکسییەکانی زمانەکە ناکات، بۆچی؟ ئایا ئیدیۆم چەشنی پێکهاتەیی هەیە؟ ئایا ئەو شێوانەی (وشەی لێکدراو، فرێز، ڕستە) فۆڕمی ئیدیۆمی کوردییان پێکهێناوە، لەگەڵ فۆڕمە هاوشێوە ئاساییەکانی زمانەکەدا چونیەکە؟ ئایا ئیدیۆم دەبێتە یەکەی فەرهەنگی، یان دەتوانرێت لەفەرهەنگدا تۆماربکرێت؟ ...تاد. واتاو پێکهاتنی فۆڕمی ئیدیۆمی کوردیی (کوردیی

خواروو) بەپێی پۆلێکردن و بنەما جیهانییەکان خراونەتەڕوو، لەبەر سنووردارییی نامەی ماستەر نەمانتوانی خۆمان لە قەرەی پەیوەندی نێوان ئیدیۆم و پەندی پێشینانو قسەی نەستەق، یا ئیدیۆم و فرەواتاو مەتەڵ بدەین. ڕێبازی شیکردنەوەی پەسەندکاریمان پەیڕەو کردووە، بۆ ناساندن و خستنە ڕووی ئیدیۆمو، شیکردنەوەو دیاریکردنی پێکهاتەکانی.

کەرەستەی بەکارهاتوو لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەنیسبەتی ئیدیۆمە کوردییەکانەوە، بریتین لەو ئیدیۆمانەی کە بە کوردیی خواروو تا ئەمڕۆ بەسەر زاری خەڵکییەوەنو بەشێکیشیان چوونەتە ناو نووسینەوە. گرفتی سەرەکیمان، کەمیو دەگمەنیی سەرچاوەی باوەڕپێکراوی زانستی بوون کە تاکو ئێستا دەربارەی ئیدیۆم لەزمانی کوردیدا نووسراون.

لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکییو سێ بەشو ئەنجام پێکهاتووە:

بەشی یەکەم: کە بەناونیشانی (ئیدیۆم لە زمانەوانیدا)یە، بۆ لێکدانەوەی چەمکی ئیدیۆم، تێڕوانینی زمانەوانان لەبارەی ئیدیۆمو هەڵسەنگاندنی ئەو کارانەی پێشتر سەبارەت بە ئیدیۆمی کوردی کراون، تەرخان کراوە.

بەشی دووەم: بۆ لێکدانەوەو چۆنێتی تێگەیشتن لە واتای ئیدیۆم و دیاریکردنی پێکهاتەی ئیدیۆم لە ڕووی واتاوەو، دەستنیشانکردنی ئەو بنەمایانەی واتای ئیدیۆم لە واتای میتافۆڕ جیادەکەنەوە، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی پەیوەندی نێوان ئیدیۆمو پراگماتیكو چۆنێتی لێکدانەوەی تەرخان کراوە.

بەشی سێیەم: تایبەتە بەشێوەیەکی پراکتیکی، بۆ زۆربەی ئەو پۆلێن و دابەشکردنانەی بۆ پێکهاتەی ئیدیۆم کراون و بەسەر ئیدیۆمی کوردیدا جێبەجێ کراون، لەگەڵ خستنەڕووی پێکهاتەی سینتاکسی و مۆرفۆلۆجی ئیدیۆم و پاشان ئیدیۆم وەك یەکەی فەرهەنگی لێی کۆڵراوەتەوەو تایبەتمەندییەکانی دیاری کراوە.

لە کۆتاییشدا، ئەنجامە گرنگەکانی لێکۆڵینەوەکە لەچەند خاڵێکدا، نیشان دراون.

بەهیوایین توانیبێتمان بۆشاییەکی بچوکی بواری زانستیی زمانی کوردیی پڕبکەینەوە.

**شیلان عومەر حسەین**

**سلێمانی/ ٢٠٠٩**

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی یەکەم

# ئیدیۆم لە زمانەوانیدا

هەواڵنامەی کتێب

# ئیدیۆم لە زمانەوانیدا

## یەکەم: ئیدیۆم

ئاخاوتن تەنیا لە وشەو دەربڕاوو رستەی ئاسایی، کە لە کاتی قسەکردندا ریز دەکرێن و دەردەبڕێن، پێك نایەت، بەڵکو زۆر جار بۆ دەوڵەمەندکردنو دەرخستنی لێهاتوویی زمانی لە کاتی گفتوگۆکردنو تەنانەت نووسینیشدا، بە مەبەستی گەیاندنی چڕترینو قووڵترین مەبەست بە کەمترین یەکەی زمانی، پەنا دەبرێتە بەر دەربڕاوی ئامادەکراو لە زماندا کە بە ئیدیۆم ناسراون، ئەم دەربڕاوانە بۆ کورتبڕیو ئاسانکاریو...تاد، لە وتوێژکردندا، بەکار دەهێنرێن.

بۆ ناسینی ئەم یەکەیە، سەرەتا پێویستە بزانین لە بارەی زاراوەی (ئیدیۆم) چی نووسراوە لە فەرهەنگەکانداو، چۆن لە لایەن زمانەوانانەوە لێکدراوەتەوە:

أ· لە فەرهەنگی (Webster-1913)[1]دا، ئەم واتایانە بۆ چەمکی ئیدیۆم خراونەتە روو*:

١. شێوازی بزووتنەوە، یان قوتابخانەیەکی هونەریی تایبەتە.
٢. شێوازی ئاخاوتنی قسەپێکەرانی زمانی دایکە.
٣. ئەو دەربڕینەیە، کە ناتوانرێت واتاکەی لە واتای وشە پێکهێنەرەکانییەوە هەڵبگوێزرێت.

---

(1) www.1913dictionary.com

بەپێی ئەم فەرهەنگە زاراوەی ئیدیۆم لە وشەی لاتینی (ئیدیۆس- idios)ەوە وەرگیراوە، کە بەم واتایانە بەکارهێنراوە :

(خاوەنێتی، هەیەتی- own).

(تایبەتی، سەربەخۆ- private) .

(کەسیی، خودی، personal ).

* فەرهەنگەکانی (Chambers 21st century dictionary: 2003: 670)، (Collins cobuld: 2004: 718)، (Cambridge advanced: 2004: 622) هەمان لێکدانەوەیان بۆ زاراوەی ئیدیۆم کردووە.

٤. بەکارهێنانی چەند وشەیەکە بەشێوەیەك، کە ببنە ئاماژە بۆ چەمکێکی تر، جیا لە واتای فەرهەنگیی خۆیان، ئەمەش پەیوەندی بە تایبەتێتی زمانی کۆمەڵێکی دیاری کراوەوە هەیە.

٥. فۆڕمێکی سینتاکسیی، یان پێکهاتەیی تایبەتی هەر زمانێکە.

٦. دەربڕینێکی گونجاوە لەگەڵ فۆڕمی پێکهاتەیی تایبەتی زمانداو بەکارهێنان فراوان دەکات.

ب. لە فەرهەنگی زاراوەکانی زمانناسی (فرهنگ اصطلاحات زبان شناسی)[۲] دا، نووسراوە، ئیدیۆم ئەو واژانەیە، کە لە بازنەی بەکارهێنانی زانستێکی تایبەتدا، مانایەکی تایبەتی هەبێ، وەك واژەی (وشە) لە (وشەناسی) دا، یان (دەنگ) لە (دەنگناسی) دا.

لە روانگەی وشەسازییەوە، بەدوایەکداهاتنی گرووپێك وشەیە، کە پەیوەندییەکی تایبەت لە نێوانیاندا هەبێ و نەتوانرێت مانای گشتییان لە یەکە یەکەی وشەکانی بە دەست بهێنرێت.

لە لایەکی ترەوە، ئیدیۆم دەتوانێت لەدەقێکی تایبەتدا، چەمکی زاراوەیی خۆی لەدەست بدات و ببێتە گوزارەیەکی ئاسایی.

لە وشەدا، گۆڕانی فۆنێم دەبێتە هۆی گۆڕانی چەمك، بەڵام ئیدیۆمەکان دەبنە هۆی پڕاوپڕنەبوونی وێنەی فۆنەتیکی و مانا، هەروەها نەبوونی پەیوەندی راستەوخۆ لە نێوانیانداو لەم رێگایەوە (ئیدیۆم) بەرهەم دەهێنرێن. لەبەر ئەوە ئیدیۆم، نموونەی گۆڕانی چەمکە، یان بە واتایەکی تر لە ئیدیۆمدا شێوەکانی فۆنەتیکیی وشەکان، لەسەر چەمکی خۆیان دەلالەت ناکەن، بەڵکو بۆ چەمکێکی تر دەبنە ئاماژە.

گۆڕینی ئیدیۆم لە زانست و هونەرەکاندا، کارێکی پەسەند نییە، چونکە پرۆسەی فێرکردن دژوار دەکاتو دابڕانی کولتووری بەدی دەهێنێت و هیچ کاتێك دوو زاراوە لە زانست، یان هونەردا، لە سەداسەد، لەسەر هەموو ئەو شتە واقیعییەی چەمکێکی زەینی بەسەردا دەچەسپێت هاودەلالەت نابن، وەك (ئەوەی هەموو مرۆڤێك چەمکی مرۆڤی بەسەردا دەچەسپێت)، ئاساییە کە ناتوانرێ لە دوو زماندا یەك ئیدیۆم وەك خۆی ساز

(2) سید جلیل (۱۳٦۹: ۵۲۹-۵۳۰).

هەواڵنامەی کتێب

بکرێت، لەبەر ئەوە وەرگێڕانـی بەشـێکی زۆری ئیـدیۆم لـە زمانێکـەوە بـۆ زمـانێکی تـر کارێکی گرانە.

پ . لـە فەرهـەنگی زاراوە ڕێزمانییـەکان لـە زمانـەوانی ( A Dictionary of Grammatical Terms in Linguistic)[3] دا، ئیدیۆم بەم شێوەیە خراوەتە ڕوو:

دەربڕینێکـە لـە دوو وشـە، یـان زیـاتر پێـك هـاتووە، کـە واتاکـەی لـە بەشـە پێکهێنەرەکانییەوە پێـشبینی ناکرێـت، وادەخـوازرێ بـە هـۆی هۆکـاری سـیمانتیکییەوە بەشـی خـۆی لـە دەروازەی فەرهەنگدا هـەبێت، زۆربـەیان لـە پرۆسـە سینتاکـسییەکاندا بەشداری دەکەن.

ت . فەرهەنگی زمانەوانی و فۆنـەتیکی (Linguistics & Phonetics)[٤] ، لـە ناسـاندنیدا دەڵـێ: زاراوەیەکـە لـە ڕێزمـانو زانـستی فەرهەنگـدا بـەکار دەهێنـرێنو دەگەڕێتەوە بۆ ئاماژەکردن بە زنجیرەی وشەکان، کە لە ڕووی سیمانتیکیو سینتاکسییەوە سنووردار دەکرێن، بۆ ئەوەی وەك یەك یەکە ئەرك ببینن، لـە ڕوانگـەی سـیمانتیکییەوە، نـاتوانرێ واتـای وشـە تاکـەکان بـۆ پێکهێنـانی واتـای دەربڕینـە ئیدیۆماتیکییەکـە وەك گشتێك کۆبکرێتـەوە، لـە ڕووی سینتاکـسیـشەوە وشـەکان زۆربـەی جـار ڕێگـەنادەن بـەو دەرکەوتنە جۆر بەجۆرە ئاساییەی کە لەدەقی تردا دەبینرێن، بـە هـۆی بێبەشـبوونیان لـە دژیـەکی نێوخۆییـەوە، هەنـدێك زمانـەوان ئامـاژە بـە ئیـدیۆم دەکـەن، وەك (وتـراوی ئامادەکراو). ئەو خاڵەی کە بیرو ڕای جیاوازی لێکەوتۆتەوە، بریتییە لەو ڕادەیـەی کـە چ پلەیەك و جۆرێکی بوون بەئیدیۆم دەکرێ پێك بهێنرێت: هەنـدێك ئیـدیۆم تـەواو ڕێـدەدەن بەپلەیـەك لـە گـۆڕانی نـاوەکی، ئەمانـە لـەوانی تـر واتاکانیـان تـا ڕادەیـەك لـە واتـای فەرهەنگیانەوە نزیکترن وەك لـە واتـای ئیـدیۆمی. لـە ڕێزمـانی بەرهەمهێنانـدا (G.G) بنیاتە ئیدیۆمییەکان بۆ پشکنینی ئەو گریمانەکارییانەی کە لە بـارەی پێکهاتـەن، بـەکار دێن.

ج . لە فەرهەنگی ( زاراوەی زماننـاسی)(٥) دا، زاراوەی فرێزیۆلۆجیی (فرێزی گیراو)

---

[3] Trask (1993: 132).

[4] Crystal (2003: 225-226).

[5] ئەورەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٤: ٢٦٩-٢٧٢).

بـۆ ئیـدیۆم دانـراوە، کـە دانـەی ئامـادەکراوی زمـانن و لـە کـاتی ئاخاوتنـدا، بـە ئامادەکراوی دروستدەبن و پێکهاتەی ئاڵۆزیان هەیەو لە وشە نزیـك دەبنـەوە، بـەگوێرەی پەیوەندیی نێوان بەشە پێکهێنەرەکانی فرێزی گیراویان پێکهێناوە، سێ جـۆر دەستنیـشان کراوە، کە بریتین لە: فرێزیۆلۆجیی (تێکچڕژاو، تێکئالاّو، یەکگرتوو) .

(فرێزیۆلۆجی تێکچڕژاو، ئەوانەن کە مانای گشتییان بە هـیچ جۆرێـك بەنـد نییـە بـە مانای ئەو وشانەوە، کە پێکیـان هێنـاوە. لـەم رووەوە ئـەمجۆرە راسـتەوخۆ دژ بـە فرێـزی بەرەڵا دەوەستێ. فرێزیۆلۆجیی تێکئالاّو، ئەو فرێزانەن کە یەکێك لە وشەکانی بەندەو لـە بەکارهێناندا گیراوەو تەنیا لە فرێزێکدا بەکار دەهێنرێن، کەچـی لەگـەڵ ئەوەشـدا مانـای سەربەخۆی خۆی هەیە. بـە وێنـە، لـە فرێـزی (خـۆ لەتەلـدان) دا ، تێکـڕای پارچـەکانی، واتادارن، بەڵام (لەتەلدان) تەنیا لێرەدا بەکار دەهێنرێن.

فرێزیۆلۆجیی یەکگرتوو، ئەوەیە کە مانای لە رێگای واتـای سـەرپاکی ئـەو وشـانەوە (ئەو پارچانەوە) کە پێکیـان هێنـاوە ئاشـکرا دەبـێ، بـە وێنـە فرێـزی (زمـان درێـژ) کـە بەمانای (زۆر بلێ) دێـت، لـە (زمـان) و (درێـژ) پێـك هـاتووە، لێـرەدا هـەردوو وشـەکە واتادارن. بەم چەشنە مانای فرێزی (زمان درێژ) لەسەرپاکی وشـەکانی (زمـان) و (درێـژ) ەوە پەیدا دەبێ.

## دووەم: تێڕوانین بۆ یەکەی ئیدیۆم لە زمانەوانیدا

بە پێی ئەو لێکدانەوانەی بۆ چەمکی ئیدیۆم کـراون، ئیـدیۆم بـە یەکەیـەکی زمـانیی ئاڵۆز دادەنرێت، لەبەر ئەوە بە زۆر تیۆرو رێبازی جیاجیا لێی کۆڵراوەتەوە، بە تایبەت لە دوای هاتنەکایـەی زانـستی واتاسـازیی فەرهـەنگی (Lexical Semantics) یـەوە، کـە بایەخێکی تەواوی بە هەریەك لە ئیدیۆم و کۆلۆکەیشن و میتافۆرو...تاد. داوەو ئەمـەش ربووە هۆی ئەوەی زمانەوانان زیاتر گرنگی بەم بابەتە بدەنو، بە پێـی بۆچـوونی تایبـەتی خۆیـان و بـە پێـی ئـەو رێبـازو تیـۆرە جیاجیایانـەی کـە کاریـان پێکـردووە، تێڕوانینـی جیاوازیان بۆ ئیدیۆم و ناسـاندنی و چـۆنێتیی مامەڵـەکردن لەگەڵیـدا، لـە هـەردوو رووی واتاو فۆڕمەوە بخەینە روو. لێرەدا، بە پێی قوتابخانەکانیان، بۆچوونەکەیان دەخەینەروو:

هەواڵنامەی کتێب

## ❖ ڕێزمانی تەقلیدی:

لە ڕوانگەی ئەم قوتابخانەیەوە، ئیدیۆم دەچێتە ناو چوارچێوەی شازەکان، یان (نا پێوانەییەکان)ەوە لە زماندا، یەکەم لەبەر ئەوەی مەبەست لەو شتە نییە کە ڕایدەگەیەنن، دووەم، بە شێوەیەکی گشتی بەو ئاراستەیە دەڕۆن کە لە سینتاکسدا، سنووریان بۆ دابنرێت، هەندێکیان بڕوایان وایە لە ڕووی ڕێزمانییەوە فۆڕم دروست نین(دروست دانەڕێژراون not ill-formed )[٦].

## ❖ Hockett:

(Hockett)[٧]، کە یەکێکە لەو زمانەوانانەی سەر بە قوتابخانەی بوونیاتگەرییە، شەش جۆر ئیدیۆم دەناسێنێت:

**١. جێگرەوەکان:**

کە ئەم فۆڕمانە دەگرێتەوە، وەك:

أ- جێناوی کەسیی وەك: ئەو، ئێمە ،... لە نموونەی (He is a nice person) دا.

ب- ژمارەکان، وەك: سێ، کاتێك لە وەڵامی پرسیارێکی وەك:

-How many brothers do you have?threeor,etc.

هەولێرنامەی کێتر

**٢. ناوی پڕاوپڕ (ناوی تایبەتی):**

بەلای ( Hockett )ەوە لە ڕێی کردەی دروستکردنی ئیدیۆمەوە، ناوی پڕاوپڕ سەرهەڵدەدەن، وەك کردەی ناولێنان. وەك ناوەکانی (Mary, Robert...)، ئەمانە بەلایەوە بە ئیدیۆم دادەنرێن، چونکە جگە لەوەی واتاکەیان لە واتای پارچەکانیان پێکنایەت و لە پێکهاتەکەیانەوە پێشبینی ناکرێت، کاتێك تەواو بەدەر لە دەوروبەر دەوترێن، کەسێك ناتوانێت بزانێت ئەمانە ئاماژەن بە کێ و چین؟

**٣. کورتکراوە:**

Hockett دەڵێت: یەکێك لە ڕێگە بەربڵاوەکانی ڕێکخستنی ئیدیۆم، بریتییە لە کورتکراوە، واتە بەکارهێنانی بەشێك لە جێی هەموو. وەك: (UN و USA و UNESCO... ) تاد.

---

(6) بڕوانە: Salam Hurmiz (2002: 10-15).

(7) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

ئەمانە بە ئیدیۆماتیکی دادەنرێن، چونکە واتای پیتە تاکەکان واتای هەموو فۆڕمە دەربڕاوەکە ناگەیەنن. لە ئینگلیزیدا، ئارەزوویەکی گشتی هەیە بۆ بەکارهێنانی ئەکرۆنیم (واتە ئەو فۆڕمانەی لە یەکەم پیتی ناوەکان پێکهێنراون، بەنیازی ئاسانیی نووسین و وتن). ئەمانە وەك مۆنۆمۆرفیمەکان (تاکمۆرفێم)، لە بەشی (پارچەی) بێ واتا پێکدێن. بەڵام ئەگەر دیاریکردن لە ئارادا نەبێت کەسێك دەشێت بزانێت، یان نەزانێت، کە ئەو پیتانە لە جێی چی بەکار هاتوون.

یا لە نموونەیەکی تری وەك:

-You take the white pieces and I will take the reds.

بە واتای (تۆ پارچە سپییەکان بەرەو منیش سوورەکان)، لێرەدا (reds) بەتەنها لە جێی هەموو فرێزی (red pieces) بەکار دێت و بەلای Hocketteوە ئیدیۆماتیکییە. بەڵام لێرەدا رەخنە لە Hockett دەگیرێت، چونکە لابردنی فۆڕمە دووبارەکان وەك (pieces) لێرەدا باوو بڵاوە لە رێزماندا، بە مەبەستی خۆپاراستنە لە دووبارەکردنەوەی ناپێویست.

**٤. لێکدراوە فرێزییەکان :**

لێرەدا Hockett بە متمانەوە بەراورد (بە ئاماژە بۆ جیاوازی سترێس) لە نێوان کۆمەڵێك جووت فرێزدا دەکات، کە دەڵێت تەنها لەوەدا جیاوازن (یەکێك لە هەریەك لەو جووتانە ئاساییەو ئەوی تر لێکدراوی فرێزییە).

| | | |
|---|---|---|
| - a ˈwhite ˈhouse | The ˈWhite ˌHouse | کۆشکی سپی |
| - a ˈwoman ˈdoctor | a ˈwoman ˌdoctor | دکتۆری ژن |

Hockett دەڵێت: ئەو سترێسە ئاماژەیە بۆ ئیدیۆمێتی، کاتێك سترێسی یەکەم لەسەر یەکەی یەکەم بێت، بە واتای دکتۆرێکی ژن، یان ژنێکە کە دکتۆرەو، سترێسی دووەم لەسەر یەکەی دووەم، بە واتای دکتۆری ژن، واتە پزیشکی ژنان و منداڵبوون، کە دەشێت لە هەردوو رەگەزەکەدا هەبێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە هەموو ئیدیۆمەکان ئەم ئاماژەیەیان هەبێت.

**٥. هونەرەکانی رەوانبێژی:**

بۆ کەرەستە ئەدەبییەکان (میتافۆر، خوازە، درکە) نموونەیەك دەهێنێتەوە، وەك:

- He married a lemon.


هەوالنامەی کتێب

کە بە واتـای (ئـەو گـوژاڵکی مـارە کـردووە)، وشـەی (lemon) ژنێکـی چـارەتاڵ و مامەڵە ناخۆش و رووگرژ دەگرێتەوە، بریتییـە لـە ئیـدیۆمێك کـە پـەرەی سـەندووە، لـە هەمان واتای مۆرفیمە بنەڕەتیەکەیەوە، کە (جۆرێکە لە میوە) بە هۆی جۆرێکی تایبەتی (میتافۆڕ) ەوە.

ئەو پەیوەندییەی سەرەوە، دەکرێت لە رێی فرەواتـاوە شـیکار بکرێـت. گوژاڵـك، یـان لیمۆ، وەك لە ئینگلیزییەکەدا هەیە بە بەکارهێنانی میتافۆڕیی بـەردەوام واتایـەکی تـری پەیوەندیداری وەرگرتووە، کە بریتییە لە مەزاجی خـەڵك، واتـە زانـینی واتـای بنـەڕەتیی (میوەیەك کە ترش و تاڵە) بە خوازە پەیوەندیی بە زانینی واتای ئیدیۆماتیکییەوە هەیە.

بـەڵام ئیـدیۆمی وەك (kick the bucket)، کـە بـە مانـای ( مـرد) دێـت، هـیچ هاوبەشییەك لە نێوان واتـای بنـەڕەتی مۆرفیمـەکان و واتـای سـەرجەم فرێزەکـەدا نییـە، بەڵکو لەوانەیە ئاڵۆزیی دروست بکات، کاتێك کە لە دەوروبـەردا بـە واتـای فەرهـەنگیی لێکبدرێتەوە. هەروەك نموونەکەی سەرەوە، کە (ئەو لیمۆ ترشێکی مارە کردووە) هـەرگیز بە واتای فەرهەنگیی بەکار نایەت.

واتـە کەرەسـتە ئەدەبییـەکان، بریتـی نـین لـە جۆرێـك لـە ئیـدیۆم، بـەڵکو هـەروەك ئیدیۆمەکان جـۆرێکن لـە بـەکارهێنانی خـوازەیی زمـان. واتـە کەرەسـتە ئەدەبییـەکان و ئیدیۆم یەکێکن لە بەکارهێنانە خوازەییەکانی زمان، نەك بە پێچەوانەوە. بەم شێوەیە لـە هێڵکاری (١)دا، روون کراوەتەوە:




**هێڵکاری ژمارە (١)**

### ٦. **زمانی گشتی خەڵك** (Slang):

Hockett دەڵێت: سروشتی ئیدیۆماتیکی زمانی گـشتی ئاشـکرایە، هەرچـەندە ئەمە شتێکی جیهانی و بەربڵاوەو بە تێپەرینی کات، یان دەبێتە دەربڕینـی گـشتی، یـان

پلەوپایەی بەشێك لە وشە فەرهەنگییەکانی زمان وەردەگرێت، بۆ نموونە دەربڕینێکی وەك (absquatulate) لە سەرەتادا بە واتای دەڕۆیشت بەکاردەهات کە ئەمە تەنها سلانگ بووە، دواتر بووە بە (vamoose) و پاشان وشەیەکی وەك(scram) بووە هێما بۆی، واتای فەرهەنگیی هەریەك لەو دەربڕینانە پێشنیازی واتای بنەڕەتیان لێوە ناکرێتو لێرەدا لەگەڵ سروشتی ئیدیۆمیدا یەك دەگرنەوە.

### ❖ بۆچوونی ڕێزمانی گواستنەوەو بەرهەمهێنان و Katz and Postal:

یەکەمین بایەخ بە لێکۆڵینەوە لە ئیدیۆم، لە چوارچێوەی تیۆری ڕێزمانی گواستنەوەو بەرهەمهێناندا، لەو وتارەدایە کە لە لایەن (Katz and Postal )ەوە لە ساڵی (١٩٦٣) دا بڵاو کراوەتەوە کە تیایدا وتراوە[8]: سیفەتێکی بنەڕەتی ئیدیۆم واتای تەواویەتی، بە شێوەیەکی گشتی، واتای هەر ڕستەیەکە کە کشانی، یان فراوانیی ئیدیۆمی لە خۆ گرتبێت، ئەمەش ئەرکی پێکهێنەری واتایی پارچە ڕێزمانییە سەرەتاییەکانی ئیدیۆم نییە.

ئاشکرایە ئەم پێناسەیە، مۆنۆمۆرفیم (تاکە وشە) لە چوارچێوەی ئیدیۆمی دوور دەخاتەوە، چونکە پارچە سەرەتاییەکانی (فۆنیمەکان) بێ واتان. لە ڕاستیدا ئەم پێناسەیە جێی مشتومڕە، هەموو کەس وابیر لە ئیدیۆم دەکاتەوە، کە فۆڕمێکی واتادارە، جیا لەوەی کە پێکهێنەرەکانیشی بە سەربەخۆی واتای تایبەتیان هەیە.

(Katz and Postal) دوو جۆر ئیدیۆم جیا دەکەنەوە:

١- ئیدیۆمی فەرهەنگی (Lexical Idioms): ئەمانە لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە زاراوەی فەرهەنگیی ئاڵۆزن.

٢- ئیدیۆمی فریزی ( Phrase Idioms ): فریز دەگرێتەوە.

کەواتە بەلای ئەمانەوە سنووری پێکهاتەی ئیدیۆمێتی بریتییە لە فرێزو، هەر بونیاتیکی فراوانتر لە فریز بە ئیدیۆم دانانرێن.

ئەم دوو زمانەوانە ئەمریکییە، زاراوەی "ئیدیۆم" بۆ هەر فۆڕمێکی ڕێزمانی بەکار دەهێنن، کە واتاکەی لە داڕشتنەکەیەوە پێشبینی ناکرێت، بەلایانەوە هەموو دەربڕینێك

---

[8] بڕوانە: Salam Hurmiz (2002: 17).

لە زماندا ئیدیۆمییە، چونکە یان خۆی ئیدیۆمە، یان لە بەشی ئیدیۆمی بچوکتر پێك هاتووە .

(Chafe)یش، زمانەوانێکی تری سەربەم ڕێبازەیە، لە ساڵی ١٩٦٨ دا و لەوتارێکیدا ئاماژەی بەوە داوە کە[٩]:

**أ**. واتای ئیدیۆم یەکسانە بە واتای یەکەیەکی فەرهەنگی یان (لێکسیم)، نەك یەکسان بێت بەکۆی واتای پێکهێنەرەکانی، بۆ نموونە :( Kick the bucket )، واتاکەی نە بەرامبەر مانای (Kick )ە ، نە بەرامبەر واتای (The ) یا(bucket)، بەڵکو واتای (die) ی دەگەیەنێت.

**ب**. زۆرینەی ئیدیۆمەکان سروشتێکی چەسپاویان هەیەو زۆر مل نادەن بۆ ئەو گۆڕانانەی بەسەر دانە زمانییەکانی تردا دێن، وەك نموونەکەی سەرەوە ناتوانرێت بکرێت بە بکەر نادیار، یان کردارەکەی بکرێت بە ناو، یان پرۆسەی گواستنەوەی بەسەردا جێبەجێ بکرێت، بێ ئەوەی مانای ئیدیۆمی لە دەست بدات.

-Passivisation: the bucket was kicked.(= the pail was struck with one’s foot)

-Nominalisation: kicking of the bucket... (= striking the pail with one’s foot…).

**پ**. هەندێ ئیدیۆم لە ڕووی سینتاکسییەوە دروست دانەڕێژراون، لەبەر ئەوە ناتوانرێت بە هۆی ئەو یاسایانەوە دابڕێژرێت، کە بۆ بەرهەمهێنانی پێکهاتەی قوولّی دروست داڕێژراو دانراون، بۆ نموونە ئیدیۆمێکی وەك (by and large) بە واتای گشتی دێت، لەگەڵ (kingdom come) کە بە واتای بەهەشت یان ئەو دنیا دێت، لە ڕستەیەکی وەك:

-Gone to kingdom come(dead).

ئەمانە ناتوانرێت بە پێی ئەو یاسایانە دابڕێژرێن.

**ت**. ئەو ئیدیۆمانەی دروست داڕێژراون واتای فەرهەنگیو ئیدیۆمیشیان هەیە، بەڵام زیاتر بە واتای ئیدیۆمیان بەکار دێنو بەو واتایەوە لە ناو کۆمەڵدا بڵاونو بە دەگمەن بە واتای فەرهەنگییان بەکار دێن، وەك( Kick the bucket) بە واتای ئیدیۆمی (die)

---

[9] بڕوانە: Salam Hurmiz (2002: 19).

دەگەیەنێتو ئەمەیان زۆر زیاتر بەربڵاوترەو بە دەگمەن بە واتای فەرهەنگی کە (strike the pail with one’s foot.) بەکار دەهێندرێن.

❖ **بۆچـــوونی ڕێبـــازی ستارتیفیکەیـــشن (Startificational) و Makkai:**

(Makkai)[١٠]، زمانـەوانێکی سـەربەم قوتابخانەیـە* ، بۆچـوونی بەرامبـەر بـە ئیـدیۆم پێچەوانەی ئەو زمانەوانانەیە کە بۆ دیاریکردنی ئیـدیۆم، پێـشبینی نـەکردنی ماناکـەیان وەك پێوەرێـك دانـاوە، (Makkai ) بەرجەســتەبووەکانی وەك: (شــێوە یــان فــۆڕمی دەربڕینەکە، بونیاتی ڕێزمانی، فرێز و تایبەتمەندی فرێزیۆلۆجی ...هتد ) هەڵبژاردووە، بۆ ئەوەی ئیدیۆم لە یەکەکانی تـری زمـان جیـا بکرێتـەوە. جیـاواز لـە زمانـەوانانی تـر کـە هەوڵیان داوە ئیدیۆم دیـاری بکـەن و بناسـێنن، بـە تـەنها یـەك خەسـڵەتی ناسـێنەر وەك ناپێشبینی کراوێتی واتایی، کرابووە پێوەر، (Makkai) بـۆ پێناسـەکردنی پێـنج پێـوەری پەیوەندیداری هەڵبژاردووە بۆ ڕێزبەندکردنی ئیدیۆمەکان، وەك ئەوەی ئیدیۆمی ڕاستەقینە هەبێت، کە ڕێزبەند دەبن لـە ئیدیۆمـە پوختەکانـەوە (کـە هـەر پێـنج پێوەرەکـەیان تێدا دەبێت) بەرەو دەربڕینە کەمتر ئیدیۆمییەکان. ئەو پێنج پێوەرە بە شێوەیەکی سەرەکی لە واتای فەرهەنگی (Oxford -1961) وەرگیراوە، کە لـە پێناسـەی ئیدیۆمـدا دەنووسـێت: فۆڕمێکە بۆ دەربڕین، بۆ بونیاتیکی ڕێزمانی، بۆ فرێز...تـاد، کـە تایبەتـە بـە زمانێـك،

هەواڵنامەی کتێب

---

[10] Salam Hrmiz (2002:23).

* ئـەم قوتابخانەیـە، لەلایـەن زمانـەوانی ئـەمریکی( Sydney M Lamb ) سـاڵی ١٩٦٢ دامـەزراوە، بیروڕای وایە، زمان وەك سیستمێکی ئاڵۆز، چـەند چینێکی سـەربەخۆ، بـەڵام پەیوەنـداری بـە پێکهاتـەوەی هەیە. بەپێی ئەم تیۆرییە، زۆر لە زمانەکانو لەوانەش ئینگلیزی بەتایبەتی، شەش ئاستی هەیە: هایپۆفۆنێم یان (فۆنەتیك) و چینی فۆنیمی بۆ فۆنۆلۆجی، چینی مۆرفیمێك و لێکـسیمێك بـۆ ڕێزمـان، و سێمـسیمك و هایپرسێمسیمك بـۆ سـیمۆلۆجی، هـەر چینێك بەتـەنها سیـستمێکەو دوو جـۆر کلێـشەی هەیـە: (tactic) تاکتیکی و (realisational) ناسەرەوە. تاکتیکی وەسفی ئـەو ڕێگایـە دەکـات، کـە یەکـە بنەڕەتیـەکانی چینێك (هایپۆفۆنێم، فۆنێم، مۆرفێم،...هتد)، بەیەکەوە دەبەستێت بۆ پێکهێنانی یەکەی گەورەتر لەهـەمان چین، لەبەرئەوە بە ئاسۆیی کـار دەکـات. ئـەوەی تریـان ناسـەرەوەکان (realisational)، بایەخدەدات بـە پەیونـدی یەکـە سـەرەتاییەکانی یـەك ئاسـت (هایپـەر سـیمۆن، سیمۆن، لێکـسیکۆن،...هتـد)، بـۆ یەکـە بنەڕەتیەکانی ئاستێکی نزمتر (بێجگە لەئاستی هایپۆفۆنیمـك، چـونکە ئـەو نـزمتر نییـە). بەواتایـەکی تـر بەشێوەیەکی ستونی کاردەکات.

تایبەتبوونێکی فرێزیۆلۆجی، دەچەسپێت بە هۆی بەکارهێنانی ئەو زمانەوەو زۆر جار گرنگییەکی هەیە جیا لە گرنگییە رێزمانی و لۆجیکییەکەی.

پێوەرەکانی(Makkai) لە بارەی ئیدیۆم لەم خاڵانەدا خۆی دەبینێتەوە:

**١- پێکهاتەی مۆرفۆلۆجی:**

(Makkai)، لە بەکارهێنانی زاراوەی ئیدیۆمدا، رەخنە لە (Hockett) دەگرێت بۆ لێکسیمە تاك مۆرفیمەکان، ئەوە دەردەخات، ئەگەر بەوشێوەیە بێت ئەوا ئیدیۆم دەبێتە کۆگەیەك بۆ بەشی هەرەزۆری هەموو شتێك لە زمانێکدا. بۆیە ئەو پێی وایە شتێکی ئابووریانەترە ئەو زاراوەیە بەکاربێت، بۆ ئەو فۆرمانەی بەلای کەمەوە لەدوو مۆرفیم پێك هاتوون. دواتر دەڵێت: وشە هەڵواسراوە رێسا بەندەکان (پێشگرو، پاشگردانان و دەمی رابردووی رێسابەند دروستکردن و کۆکردنەوە، هتد)، پێویست ناکات بخرێنە ناو پێناسەی ئیدیۆمەوە، چونکە رێزمان رێسای شیکردنەوەی کۆدی، بە پێی پێویست دابین کردووە بۆ ئەو جۆرە زنجیرانە یان رێزبەندییانە، وەك پاشگری (er) لە وشەکانی ( teacher, player) ئاماژەیە بۆ ئەوکەسەی کە مامۆستایە یان یارێزانە، ئەمە پێویست ناکات بخرێتە چوارچێوەی ئیدیۆمییەوە.

**٢- واتای نادارِشتەیی:**

گرنگترین تایبەتمەندی، کە ئیدیۆمی راستەقینە لە دەربڕینی نائیدیۆمی جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە واتاکانیان لە واتای پارچە پێکهێنەرەکانیانەوە بەدی ناکرێن. چونکە واتای پارچەکانی ئیدیۆمێك زۆر جار هێندەی پێویست زانیاری دەرناخەن، بۆ نموونە:( old glory ) واتاکەی بریتی نییە لە(glory which is old). یا( rain cats and dogs)، کەبۆ واتای باران بارینی بەتاوو لێزمە بەکار دەهێندرێن.

ئەم تایبەتمەندیە لە لایەن زۆربەی هەرە زۆری زمانەوانانەوە لەپێناسەی ئیدیۆمدا بەهەند گیراوە، بەلای هەندێکیشەوە وەك (Hockett) ئەمە تاکە ناولێنەری بە ئیدیۆمبوونە. جێبەجێ نەکردنی ئەمەو دوو پێوەری دواتر (لێڵی و توانای چەواشەکارانە)، بەسەر زۆرێك لە دەربڕینە بەکار هاتووەکاندا، دەبێتە هۆی کردنە دەرەوەیان لە بواری ئیدیۆمی راستەقینەو بەرەو تایبەتمەندبوونی (فرێزیۆلۆجی)، چونکە واتاکانیان شیاوی تێگەیشتنە لە یەکە پێکهێنەرەکانیانەوە. لێڵ نین و لێرەشەوە بۆ گوێگر چەواشەکار نین.

**٣- لێڵی:**

یەکێك لە خەسڵەتە گرنگەکانی ئیدیۆم لێڵیی واتاییە ، واتە ئیدیۆم دەربڕینێکە دەشێت دوو خوێندنەوەی هەبێت، یەکێکیان فەرهەنگی، کە سەرەنجامی کۆی واتای پارچە پێکهێنەرەکانی ئیدیۆمێك و پەیوەندییە ڕێزمانییەکانیانە. دووەم نافەرهەنگییە، کە ڕۆڵێکی نادارِشتەیی بۆ واتا پێکهێنەرەکانی ئیدیۆمەکە هەیەو ئەمە لێڵی واتایی دروست دەکات. بەهەرحاڵ راڤەکردنەکەی بە تەواوی پشت بە دەوروبەر دەبەستێت، بۆ نموونە دەربڕینێکی وەك: (Kick the bucket) لە رستەی (١) دا واتاکەی لێڵە، لە رستەی (٢) دا واتای فەرهەنگیی هەیەو، لە رستەی (٣) دا واتای ئیدیۆمی دەگەیەنێت.

1) Jack kicked the bucket.
2) Jack kicked the bucket and hurt his foot.
3) Jack kicked the bucket and was buried last Sunday.

**٤- تواناى چەواشەكارانە ( چەواشەكردن ):**

(Makkai)، لە بارەی ئەو ئیدیۆمانەی بە گشتی شیدەکرێنەوەو ئیدیۆمە لێکسیمیەکان (کە زۆربەی ئیدیۆمەکانی زمانی ئینگلیزی پێکدێنن)، دەڵێت: ئەوانە بابەتێکن کە تێگەیشتن لێیان ئاسان نییە، سەرباری ئاشنایەتی بە واتای پێکهێنەرەکانی، یان بە شیکردنەوەی هەڵە، ئەوان دەشێت لە خودی خۆیاندا بۆ گوێگر چەواشەکار بن، یان دەشێت زانیاری تەواویان نەداتێ. ئەو جیاکاریی لە نێوان دوو جۆر بە هەڵە تێگەیشتندا دەکات (واتە نازانیاریکردن)، کە لە ئیدیۆمبوون و بە هەڵە زانیاری گەیاندندا هەیە.

بەهەڵە زانیاری گەیاندن، لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە (فۆڕمی هاوبێژ- ی بە ڕێکەوت هاتوو) هەبن، کە (شیکردنەوەی پرواتای یەکسانیان) هەبێت. وەك:

(ئەو ژنە منداڵی پێیە) (she bears children) ئەمە دوو واتا هەڵدەگرێت، یەکەمیان (مناڵی بە باوەشەوەیە)(she carries children)، دووەمیان (وەختی مناڵ بوونییەتی) (she gives them birth).

ئەم دەربڕینە لێڵە، لەبەر ئەوەی کرداری(پێیە)(bear) دوو واتای( carry,give birth)ی هەیە. بەڵام ژن و مناڵ واتای فەرهەنگیی خۆیان دەست دەخەنەوە. کەچی لەحاڵەتی (kick the bucket) دا، هیچ یەکێك لە وشەکان واتای فەرهەنگیی خۆیان دەست ناخەنەوە.

ئـەم پێـوەرە کـە بریتییـە لـە لێڵـی، تـەواو پـشتی پـێ بەسـتراوە، چـونکە ئیدیۆمـە راستەقینەکان هەمیـشە لـێڵن، ئـەو گـوێگرەی رێـی لـەو فۆڕمانـە نەکـەوتووە، دەشـێت تێینەگات یان بە هەڵە تێیبگات، یان لە هیچ واتایەکی نەگات کە مەبەستی چی بووە.

بەلای (Makkai)ەوە، ئەم پێوەرە رۆڵی ئەوەی هەیە کە ئیـدیۆمێتی بـەوە ناوبـەرێت کە خۆی پێی دەڵێت (ئیدیۆمە ساختەکان- درۆیینەکان)، کە تـەنها بـە پێـوەری لێڵبـوون دەکرێت ئەنجام بدرێن.

**٥- بە باوبوونێتی یان کۆکبوونی کۆمەڵایەتی:**

(Makkai)، بەو نموونەیەی (Hockett) دەڵێـت (ئیـدیۆمی تایبـەت) کـە لـە نێـوان چەند کەسێك و حاڵەتێك و دەوروبەرێکی دیاری کراودایە، وەك:

-That's a nice shade of blue, isn't it?

نەك هەموو قسەپێکەرانی ئینگلیزی بیزانن، کە ئەمەیان بە (ئیـدیۆمی پێکهاتـەیی کراو) ناو دەبات، وەك:

-Too many cooks spoil the broth.

دەربڕینێکی ئیـدیۆماتیکی ناکرێـت بـە (پێکهاتـەیی کـراو) دابنرێـت، ئەگـەر لـەنێو ئەندامانی کۆمەڵگە یان (وتار) دا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بەکار نەیەت.

لەوەش زیاتر، دانانی ئیدیۆمێك لە فەرهەنگدا، روونـاکی دەخاتـە سـەر (پێکهاتـەیی کراوێتی) ئەو ئیدیۆمە.

فۆڕمە ئیدیۆمییەکان، کە دەخرێنە فەرهەنگەکانی ئیدیۆمـەوە، دەشـێت زیـاتر ببنـە هەمیـشەیی، (واتـە نەبەسـترێنەوە تـەنها بـە ئێـستاوە) بـەڵام ئیدیۆمـەکانی تـر، کـە نەخراونەتە فەرهەنگەوە، لەوانەیە زۆر بڵاو و باوبن.

پۆلێنکردنی (Makkai) بۆ ئیدیۆمەکان:

١. **لێکسیمی**. ٢. **سێمیمی**. ٣. **هایپەرسێمیمی**.

١. ئیدیۆمی لێکسیمی: لێکسیمێکە (یەکەیـەکی پرمانـای کـورت نەکراوەیـە)، کـە پێك هاتووە لە زیاتر لە یەك مۆرفێمی ئازاد، کە هەر یەکەیان دەکرێـت بـە سـەربەخۆیی هەبن (بە واتای خۆیانـەوە) لـە دەوروبـەری تـردا. وەك (pass away) واتـە (دەمرێـت)، بەڵام هەریەك لە (pass) و (away) واتای سەربەخۆیان هەیە، وەك:

- Alfred passed away yesterday and his funeral is today.
- The ship passed the English channel.
- Go away.

**ئەم جۆرە شەش بەشە:**

أ- ئیدیۆمی فریزی کرداریی، پێك هاتووە لە: (Verb + adverb ) وەك:

-The blow caused him to pass out.

(Pass out) واتە دەبووریێتەوە.

ب- ئیدیۆمی توغنیێی (وشەکە فرەنسییە)، بە واتا وەرگرتن لە فریز: پێك هاتووە لە ڤێرب + فریز، بۆ نموونە: (break the ice )، واتای فەرهەنگی بریتییە لە: ئەو بەستەڵەکە بشکێنێت، بە واتای ئیدیۆمی (دەست پێکردن )دەگەیەنێت، وەك لێرەدا خراوەتە روو:

-Paul and Betty were both shy to speak, but finally Paul broke the ice.

پ- ئیدیۆمی دوو ناوی، کە ریزبەندییەکەی بۆ هەڵگێڕانەوە ناشێت (پێچەوانە نەکراو):

ئامرازێکی لێکدەرەی وەك( and)، بەشە ئاخاوتنەکانی، ( verbal, nominal, adjectival, adverbial) پێکەوە دەبەستێت. وەك:

- Mr. Beanearns his bread and butter by acting.

( Bread and butter )، نان و کەرە واتای فەرهەنگییەتیو واتای ئیدیۆمیشی بریتییە لە(بژێوی).

ت- ئیدیۆمی لێکدراوی فریزی: دوو مۆرفیم، یان زیاتر کە یەکەی سیمانتیکی دروست دەکەن.

لێرەدا(snake in the grass) بە واتای فەرهەنگی واتە(ماری ناو گیا) و بە واتای ئیدیۆمی(کەسێکی غەدار) دەگەیەنێت، وەك:

- Be careful; he is a snake in the grass.

ج- ئیدیۆمی کرداریی تێکئاخنراو (incorporating):

کردارێك، هەمیشە لێکدراو دروست دەکات لەگەڵ بەرکارە راستەوخۆکەی خۆی، یان دەرخراوە ئەدڤێربڵەکەی و رۆڵە بنەڕەتییە سینتاکسیەکەشی دەهێڵێتەوە، بۆ نموونە:

-The thief was manhandled by the police.

لێرەدا (manhandled) بە واتای جوڵاندنی زۆر بەهێز دێت.

چ- ئیدیۆمی ساختە یان درۆینە (پسێدۆ- pseudo) ناوێکە نووسەرێك لە جێی ناوی خۆی بەکاری دەهێنێت، یەکێك لە مۆرفیمە پێکهێنەرەکانی ئەم جۆرە بێ واتایە،

یان لە دەرەوەی ئەو فۆڕمە ئیدیۆمەدا، بوونی نییە، وەك: (jim-jams)

-This child gives me the jim-jams.

٢. ئیدیۆمە سێمیمییەکان*:

بونیاتی فرە لێکسیمین، کە واتای فەرهەنگییان لە لێکسیمە پێکهێنەکانییەوە هەڵدەگوازرێن و وەك دەرکەوتەی تۆڕێکی پێشبینی نەکراوی سێمیمی رۆڵ دەبینن.

ئەمە لە ئاستێکی پێکهاتەیی باڵاتردایە وەك لە ئیدیۆمی لێکسیمی، کە لە تاك لێکسیم پێکدێت، بەڵام ئیدیۆمی سێمیمی لە لێکسیمی جۆراوجۆر (چەندینە) پێکدێت کە یەکەیەکی دارِشتەیی سێمیمی پێکدێنێت.

هەر پەندێك (بەها - ئاکار) ێکی تیایە، هەر پەندێك دوو سێمیمی تۆڕیی تیایە، یەکێك بۆ رستەکە بە واتای فەرهەنگی، ئەوی تر بۆ واتای پەندی، یان ئیدیۆماتیك بوون. گوێگر دەبێت پرسێك بە (زانینی دنیایی) خۆی بکات بۆ بوون و زانینی مانای ئیدیۆماتیکی ئەو (بەها) یەی لە پەندەکەدایە، جۆرەکانی لەمانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

ا- ئیدیۆمی بناغەی یەکەم: لەسەر بنەمای دامەزراوە کولتوورییە بەربڵاوە نەتەوەییەکان پێکدێت، وەك ( American baseball) جۆرە یارییەکە تایبەتە بەو نەتەوەیە، یان وەك ئەم نموونەیە کە بە واتای (تەپی لێ ناپێکێت) دێت.

- Sam will (never) get to first base. (Sam will (never) make a successful beginning).

ب- ئیدیۆمی پێکهاتەی ئەدەبیانە: لە رووی لێکسیکیەوە، دەربڕاوێکی فۆڕم تەقلیدییە بۆ خەڵك، وەك دەتوانم فلان شت؟ بەواتا دەمەوێت فلان شت بکەم (داخوازییە).

- May I ask who is colling? (indentify yourself)

- Could you pass me the sugar, please?

پ- ئیدیۆمی پێکهاتەی نەگەیەنراو، ناڕاستەوخۆ: ئیدیۆمێکە دەربڕینێکی لێکسیکی فۆڕم تەقلیدییە، کە ئاماژە بە پچران، یان ناڕاستەوخۆبوون دەکات، وەك ئەم

---

* سێمیم و سێمانتیم: سێمیم دانەیەکی سەرەکی ناوەرۆکەو سێمانتیم کۆمەڵەیەکە لە سێمیم بەواتایەکی تر، ژمارەیەك سێمیم کە تایبەتیەکی واتایی کۆیان دەکاتەوە سێمانتمێك پێکدێنن. بڕوانە: (محەمەد مەعروف فەتاح :١٩٩٠: ٩٢).

رستەیە (وا دیارە باران دەبارێت)، واتا باران دەبارێ بەڵام من پێم ناخۆشە، یان پێم ناخۆشە بوەستێت.

- It seems to be raining  ‘it is raining (but I hate to say so/ I am afraid it might stop raining / etc.)

ت- ئەو ئیدیۆمانەی پێشنیازن و لە ڕێی پرسیارەوە بە کۆد دەکرێن: ئەمە دەربڕینێکی لێکسیکی فۆرم تەقلیدییە، ئاماژە بە پێشنیازێك، یان خستنەڕوویەك دەکات کە لە فۆرمی پرسیارێك بە کۆد کراوە، وەك (دەکرێ لێرەدا دانیشی) بەواتا لێرەدا دانیشە.

-Would you like to sit over here?  ‘sit over here’

ج- ئیدیۆمی پێکهاتەیی بۆ سلاوکردن: وەکو چۆنی، چاکی، باشی، لەکوێ بووی؟

- How do you do?
- How are you?

چ- ئیدیۆمە پەندییەکان لەگەڵ (بەها) یەکدا، ئەمانە دەناسرێنەوە بەوەی کە بەهایەکی ڕەوشتیی تێدایە، وەك (زۆر کوڵاندن خواردنەکە تێکدەدا)، یان (زۆر خۆ هەڵقورتاندن پشیلەکەی بە کوشتن دا).

- Too many cooks spoil the broth.
- Curiosity killed the cat.

ح- خواستنە ئاشناکان بەشێوەی ئیدیۆم، هاوکات دەرکەوتەی یەکەیەکی تری واتایە وەك (پەنابردنەبەر دەسەڵات)، زانینی کولتووری وەك (منی داماو بە دەست ئەم فرە دوکتۆرییەوە دەمرم).

- Iam dying with the help of too.

خ- ئیدیۆمێتی پێکهاتەیی کەم نرخاندن: لێرەدا کاریگەری ڕستەیەك کەم دەکرێتەوە، چ بە قبوڵ کردن، یان نەکردن بێت، وەك زۆر خراپ نەبوو، واتە کەمێك باش بوو (قبوڵ کردن).

- It wasn’t too bad.  ‘it was rather good’

د- ئیدیۆمێتی پێکهاتەیی زیاد نرخاندن: وەسفی شتێکی نەگۆڕی کۆمەڵایەتی دەکات، کە بەڕوونی دیارە هەڵەیەو زیادەڕۆییە، وەك (هەر پەنجەیەکیشی هەڵنەبڕی، واتە ئەو زۆر تەمەڵە).

- He won’t even lift a finger.  ‘He is too idle’

هەوالنامەی کتێب

### ٣. ئیدیۆمی هایپەر سێمیمی، یان (ئیدیۆمی کولتووری):

بەواتــە ئیــدیۆمی فــرە تــۆڕی (نێــت ۆرك)، دەربــڕین هەیــە جیــا لــە واتــا فەرهەنگییەکەی، واتای نافەرهەنگیشی هەیە، کـە بـە پێـی شـوێن دەگـۆڕێ، بـۆ نموونـە (بەڕاستی سارده، وانییە) کە بە چەندین واتاو بـەپێی دەوروبـەر بـەکار دەهێنـدرێن. ئـەم ئیدیۆمانـە زۆر کـەمتر لـە دوو جۆرەکـەی تـر چەسـپاون، بـەواتا لـەڕێی کولتـوور، یـان فێرکردنەوە دیاری کراون، کە کۆمەڵێك راڤەیان هەیە، هیچ قسەپێکەرێکی زمانی دایك، هیچ فەرهەنگێك هەموو لێکدانەوەکانی ناتوانێ کۆبکاتەوە.

### ❖ تیۆرو گریمانەکان لە بارەی واتای ئیدیۆم:

سەبارەت بە واتای دەربڕینی ئیدیۆمیو نواندنی و چۆنێتیی راڤەکردنیو لێکدانـەوەی ماناکەی، زمانەوانان فەرهەنگیان بە هەردوو چەشـنەکەیەوە (هۆشەکیوگشتی) کردۆتـە پێوەر، لەو بڕوایەدان، کە ئیدیۆم لە فەرهەنگی هۆشەکیدا تۆمار کراوە، بەو پێیەی دانەی ئامادەی زمانەو لـە هـەموو زمانێکـدا هـەنو دیاردەیـەکی زمـانیی جیهانییـەو رێگـای گواسـتنەوەی لـە نەوەیەکـەوە بـۆ نەوەیـەکی تـر هـەر وەك وشـەکان بۆماوەییـە ((لای چۆمسکی یونیڤێرسەڵەکان بۆماوەن))[11]، ئیدیۆمەکانیش ئەو یەکە یونیڤێرسـەڵانەن، کـە لە هەموو زمانەکانی دنیادا هەن.

بۆ فەرهەنگی گشتی، پێشتر بە شێوەیەکی تەقلیدی، بە گەنجینـەی ناوازەکـان دانـرا بـوو[12]، بـۆ وێنـە (Bloomfield) فەرهـەنگی بـە پاشـکۆیەکی رێزمـانی دانـاوەو پێـی وابووە، کە بریتیی بێت لە لسیتێك بۆ تۆمارکردنی نایاساییەکان.

(de Sciullo & Williams )، فەرهەنگیان بەو زیندانـە وێنـا کـردووە، کـە تـەنیا یاسا بەدەرەکان، کە (وشە، مۆرفیمو ئیدیۆم)ن، لە خۆ دەگرێت.

بەپێی تیۆری رێزمانی بەرهەمهێنان، فەرهەنگ پێویستە هەموو زانیارییـە جیـاوازە جۆراوجۆرەکانی وەك واتا و تایبەتێتیی فۆنۆلـۆجیو سینتاکسی، کـە لـە بـارەی وشـەو مۆرفیمو ئیدیۆمە تێدا تۆمار بکرێتو، لە لایەن قسەپێکەرانییەوە لەبەر بکرێت.

---

[11] محەمەد مەعروف فەتاح: (١٩٩٨: وانەی خوێندنی باڵا).

[12] بڕوانە: Katamba (1993).

زمانەوانانی سەر بەم ڕێبازە پەرەیان بەم بوارەداو لە لێکۆڵینەوەکانیاندا زۆر وردتر ڕۆچوونو توێژینەوەیان کرد، تاگەیشتنە ئەو رادەیەی ئەو بۆچوونە ڕەت بکەنەوە، کەفەرهەنگ تەنیا بریتی بێت لە لیستی تۆماری ناوازەکان، چونکە زۆرینەی وشەی سەربەخۆ، کە بەپێی یاساو ڕێسای زمانەکە سازدراون، تیا تۆمار دەکرێت بەناوازەکانیشەوەو گەر لە فەرهەنگدا تۆمار نەکرێن، ئەوا فەرهەنگەکان بایەخێکی ئەوتۆیان نامێنێ، چ بۆئاخێوەرانی زمانەکەو چ بۆ ئەوانەی بە مەبەستی فێربوونی زمانێکی تر، یان بۆ وەرگێران...تاد، فەرهەنگ بەکار دەهێنن، ((ئێمە دەبێت مۆرفیمە سەربەخۆکانیش تۆمار بکەین ،ئەم تۆمارکردنەش لە فەرهەنگدایە))[١٣].

ئیدیۆم بە پێشنیازی (Bobrow & Bell-1973)[١٤]، لە مێشکدا تۆمار کراوە، وەك کەرەستەی فەرهەنگیو بە تەنیا پرۆسەکراونو نوێنراون، لە فەرهەنگدا وەك وشە درێژەکان ڕیزبەند نەکراون، بەڵکو بەشێوەی سەربەخۆ لە فەرهەنگی ئیدیۆمی جیاواز لە فەرهەنگە ئاساییەکاندا تۆمار کراون، لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا بۆ چۆنێتیی لێکدانەوەی ماناکەی، واتای فەرهەنگیی ئارەزوومەندانە نییەو پێش گێڕانەوەی واتای ئیدیۆماتیکی دێن، لێرەدا بایەخ بە واتای فەرهەنگی دەدرێ.

لە ڕوانگەی گریمانەی نواندنی فەرهەنگییەوە، (Swinney & Cutle - 1979)، بۆچوونیان پێچەوانەی (Bobrow & Bell )ە، داکۆکی لە هاوسەنگبوونی هەردوو واتای فەرهەنگی و ئیدیۆمی دەکەن، واتە وەك دوو هێڵی چوونیەك شانبەشانی یەکتر دەڕۆن و واتای ئیدیۆماتیکی بەپرۆسە دەکرێ و لە هەمان کاتیشدا بایەخ به واتای فەرهەنگییش دەدرێ.

(Swinney & Cutler)، پێشنیازی مۆدێلێکی کارلێکراوی چوونیەك بۆ هەردوو واتاکە دەکەن و پێیان وایە ئیدیۆم بەتێڕوانینی هۆشەکی دەنوێنرێت و ڕێك دەخرێت، وەك کەرەستەکانی فەرهەنگ، لە شوێنێکی ئاساییدا تۆمار کراون، نەك لە شوێنێکی تایبەت لە فەرهەنگدا.

---

(13) Katamba (1993: 83).
(14) Rosa Elena (2004:75-105).

(Gibbs-1980)، گریمانەی پەیوەندی راستەوخۆ (یەکەم گریمانەی هێمایی)، پێشکەش کردووە، کە پێیوایە ئیدیۆم کەرستەکانی فەرهەنگن و واتای ئیدیۆمی هەر دەربڕینێك، هەرئەوەندەی ببیسترێ، راستەوخۆ بۆ فەرهەنگی هۆشەکی دەگەڕێنرێتەوە.

(Gibbs)، وای بۆ دەچێت، کە دۆزینەوەی ئیدیۆم خێراتر بەپرۆسە دەکرێت، وەك لە زنجیرە پیتییەکان، بە هیچ شێوەیەك ئاماژە بە کارلێکردنی فەرهەنگی ناکات و پێویستیش نییە رووبدات.

(Cacciari & Tabossi-1988, Cacciari & Glucksberg-1991)، لە گریمانەی رێزبەندی و مۆدێلی فریزی ، کە بە مۆدێلی دارِشتەیی* ناسراوە: وایادەنێن، ئیدیۆمەکان پێکەوەن و لە شێوەی زنجیرە دیارەکانی وەك لێریکاو هۆنراوەو ناونیشانی گۆرانییەکاندان، ئیدیۆمە پێکهاتەییەکان سوود لە نواندنی دابەشکراو وەردەگرن، بۆیە وەك زنجیرە وشەیەك بنیاد نراون.

بۆ چۆنێتی تێگەیشتن لەم دانە زمانییە، (Glucksberg)، بڕوای وایە کە ئیدیۆم بەشێوەی فەرهەنگیی پرۆسێسکراون و بەرێزبەندکردنی واتای ئیدیۆماتیکی چالاکتر دەردەکەون، کردەی فەرهەنگی و هێمایی، شانبەشانی یەکتری دەڕۆن، تا ئەوکاتەی راڤەکردنی واتای ئیدیۆماتیکی، وەك مەبەست وەردەگیرێ.

(Sperber & Wilson- 1986)، تیۆری پەیوەستی و چەمکە تایبەتەکانیان خستۆتەڕوو، کە تیۆرێکی نوێیەو بە گشتی دەڕوانێتە پەیوەندیکردن و بوونی یاسا و رێسا لە وتووێژکردندا رەت دەکەنەوەو پێیان وایە پەیوەندیی راستەوخۆ لەو بنەمایانەی، کە حوکمی ئیدراکی مرۆڤەکان دەکەن دێن و، ئەمان بە پێچەوانەی بۆچوونە تەقلیدییەکانەوە، بڕوایان وایە، کە راڤەکردنی فەرهەنگی زۆر پێویستە بایەخی پێبدرێت بەرلەوەی بگەڕێینەوە بۆ واتای ئیدیۆم.

لەم (٢٠) ساڵەی دواییداو بە تایبەتی دوای تیۆری گریمانەی پەیوەندی، بانگەشەی ئەوە کراوە، کە واتای بنەڕەتی وشەکان لە تێگەیشتنی کردەی ئیدیۆمیدا، رۆڵێکی

* زاراوەی دارِشتەیی (compositionality): ئیدیۆمی دارِشتەیی بریتییە لەو جۆرەی کە واتاکەی بە شێوەیەك پەیوەندیدارە لەگەڵ ئەو مانایەی دەستدەخرێت لە ئەژمارکردنی واتای فەرهەنگی (پیتی) زنجیرەکە،پلەی ئەو پەیوەندییەش لە نێو ئیدیۆمەکاندا جیاوازە.

بنـەڕەتییان هەیـە و ئـەو پەیوەندییـەی لـە نێـوان فـۆڕمی زمانـەوانی زنجیرەکـەو واتـای ئیدیۆماتیکیدا هەیە، بە تەواوی هەڕەمەکی نییە.

ئیدیۆم لە مێشکدا، وەك چـەمکی پێکهاتـەیی فریـزو دەربڕاوەکـانی تـر دەنوێنرێـت، بەسێ دەروازەی جیاواز بەپرۆسە دەکرێن:

أ. دەروازەی زمانەوانی: زانیاری لە بارەی سینتاکس و تایبەتمەندییە فۆنۆلۆجیـەکانی ئیدیۆم لەخۆ دەگرێت. چۆنییەتیی خوێندنەوەییو رێکخستنی پێکهاتەی ناوەکی لە رووی سینتاکسییەوە دەخاتە روو.

ب. دەروازەی لـۆجیکی: لەدەسـتەیەك پەیوەنـدی لـۆجیکی، کـە پەیوەسـتە بـە چەمکەکانی ترەوە، پێك هاتووە.

پ. دەروازەی ئینـسکلۆپیدیایی: لـە زانیارییـە جۆراوجـۆرە جیاوازەکـان (زانیـاری گـشتیی دنیـایی) پێـك هـاتووە، کـە بەشـێوەی پلەپلـە دەردەکـەون، وەك دەرەنجـامێکی بەردەوامی، کە بەر زنجیرەکە دەکەوێ.

لە ئەنجامی ئەو شیکردنەوەو لێکدانەوانەی لە لایەن زمانەوانەکانـەوە بـۆ دانـەی ئیدیۆم خرانە روو، ئێمە ئەم تایبەتمەندییانە بۆ ئیدیۆم دەستنیشان دەکەین:

أ- ئیـدیۆم لـە دەربڕینـە نادارِشـتەییەکانە*، لێـرەدا (نـا- دارِشـتەیی) مانـای ئـەوە دەگەیەنێت، کە واتای دەربڕینەکە لەسەر بنەمای واتای پارچەکانی شیناکرێتەوە، فۆڕمی دەربڕینەکە، یان واتای دەربڕینەکە بە گـشتی (واتـای ئیـدیۆمی) لـە واتـای یەکەیەکـەی پێکهێنەرەکانییەوە نایەت. وەك:

١) یەکشەوەیە(١٥). [بە یەکێك دەڵێن کە زوو، لەناکاودا دەوڵەمەند بووبێت].

٢) چنگ لەسەرشان. [بە پەلەو هەڵەداوان]

٣) دەزووی وشك دانیەتی. [ واتا هەرچی لەبەردایە تەڕەو هەمووی بووە بە ئاو].

لـەو نموونانـەدا، واتـای ئیـدیۆمی [لـەناکاو دەوڵەمەنـدبوون، بەپەلـەو هەڵـەداوان، تەڕبوونی هەموو گیان] هیچیان لە واتای کەرتە پێکهێنەرەکانی[(یەك، شەوە)، (چـنگ،

---

* دەربڕینی نادارِشتەیی (non-compositionality): ئەو دەربڕینانەن کە ماناکانیان بەگشتی لەواتای فەرهەنگیی وشە پێکهێنەرەکانیانەوە بەدەست ناهێنرێت.

(15) بۆ نموونەکانی ئەم باسە بڕوانە ( جەلال مەحمود عەلی:١٩٨٢ ، ٢٠٠١).

له، سـەر، شـان)، (دەزووی، وشـك، دانیـەتی)] نـەهاتوون، لەبـەر ئـەوە، دەوتـرێ واتـای دەربڕینەکە لەسەر بنەمای واتای بەشـە پێکهێنـەرەکانی، یـان شـێوەی دەربڕینەکـە راڤـە نـاکرێ و شـیناکرێتەوە، (مەبەسـت نادارِشـتەیی دەربڕینەکانـە)، ئەمـەش هۆکـارێکی بنەڕەتیی بوون بە ئیدیۆمی دەربڕینێکە.

ب- ئیدیۆم یەکەیەکە، گەورەترە لە وشە، بە واتـای ئـەوەی لـە وشـەیەك زیـاتر پێـك هـاتووەو لـە رووی پێکهاتنـەوە ناسـادەن، ئـەم فـۆرمی ناسـادەییە، یـەکێکی تـرە لـە هۆکارەکـانی بـوون بـە ئیـدیۆمی دەربڕینێـك، چـونکە فـۆرمی چەسـپاو و بـە قـاڵبوو تایبەتیـەکی دیـاری ئیدیۆمەکانـە بـە گشتی، هەرچـەندە پلـەو رادەی ئـەم چەسـپاوییە، فۆرمی ئیدیۆم دەگۆڕێت (بڕوانە بەشی سێیەم). واتە لە رووی پێکهاتەی مۆرفۆلۆجییـەوە لە جۆری ناسادەن و لە شێوەی (وشەی لێکدراو) دان و لە سینتاکسدا، لە شێوەی (فرێـز، رسـتە)دا دەردەکـەون، کـە لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا، بـە پێـی ئـەو فۆرمانـەی کـە تیایـدا دەردەکەون، ئەم زاراوانـە دانـراون وەك (وشـەی لێکـدراوی ئیـدیۆمی، فرێـزی ئیـدیۆمی، رستەی ئیدیۆمی). بڕوانە(٤-١٢).

- **وشەی لێکدراوی ئیدیۆمی:**

٤) چڵکاوخۆر. [بەکرێ گیراوی ئەم و ئەوەو دەروون نزمە]

٥) سەربەگۆبەند. [بەزم دەنێتەوە].

٦) چاوچنۆك. [چاوچڵێس، یان چاوی بە هـیچ تێـر نابێـت و بـە یـەکێکی تـەماعکار دەڵێن].

- **فرێزی ئیدیۆمی:**

٧) دانی مار. [ زۆر زیرەکە، زوو دەگاتە ئەنجام ].

٨) دڕکی مەمو زین. [یەکێك لە یەکێکی تر ئـاڵاوەو لێـی نابێتـەوە، هێنـدە بـەدو نالەبارە حەز بە دوو زمانیو ئاژاوە دەکات].

٩) داری واوەیلا. [دارێکی بێ لقو پۆپی وشکە بە یەکێك دەڵـێن وشـكو رەقو درێژ هەڵچووبێت].

- **رستەی ئیدیۆمی:**

١٠) پارووی گەورە دەگلێنێت. [بەرچاوتەنگەو بەتەماعە].

هەواڵنامەی کتێب

١١) تاڵی و سوێری زۆر چەشتووە.          [خاوەن ئەزموونی زۆرەو شتی زۆر بەسەر هاتووە، قاڵ بووە، لە ژیان گەیشتووە].

١٢) رێ بەکونی مار دەبات.      [زۆر زرنگ و زیرەکە هیچی لێ ون نابێت].

پ- پێکهاتەی سینتاکسی ئیدیۆم، لەگەڵ پێکهاتە سینتاکسییە ئاساییەکانی تری زماندا چونییەکە، تەنها ئەوە نەبێت ئەم سنووردارترەو لە فۆرمدا قاڵبگرتووەو رێ نادات بەو کرانەوە بەرفراوانەی کەرەستەکانی تر پیادەی دەکەن، ئەم تایبەتمەندییەش بە پێی رادەو پلەی چەسپاوێتیی ئیدیۆمەکە دەگۆرێ و بۆ گشت ئیدیۆمەکان رەها نییە، لە بەشی سێیەمدا ئەمانە خراونەتە روو.

ت- تایبەتێتیی سیمانتیکی و سینتاکسی ئیدیۆم وایکردووە، کە وەك یەك یەکە ئەرك ببینن‌و دەربکەون و، لە لێکسیکۆلۆجیدا وەك یەکەیەکی زمانی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ، وەك:

١٣) چنگ لەسەرشان. ← [بە هەڵەداوان، بە خێرایی].

١٤) ئەمری خوای بەجێ هێنا. ← [مرد].

١٥) چۆتە بن کلێشەیەوە. ← [فریوی داوە] .

## سێیەم: پێداچوونەوەو هەڵسەنگاندنی هەندێ لەو کارانەی لە زمانی کوردیدا تاکو ئێستا لەسەر ئیدیۆم کراون:

ئیدیۆم یەکەیەکی زمانییەو، دیاردەیەکی جیهانییەو لە هەموو زمانەکاندا هەیە، زمانەوان‌و لێکۆڵەرەوانی کوردیش لەم بابەتە گرنگەی زمانەوانییان کۆڵیوەتەوە، لێرەدا بە پێی ریزبەندیی مێژوویی، بەسەر هەندێ لەوکارانەدا دەچینەوە، کە زمانەوانانی کورد لە بارەی ئەم بابەتە، کردوویانن، ئەوانیش:

أ- د.ئەورەحمانی حاجی مارف لە کتێبی (وشەی زمانی کوردی) و لە بەشی فرێزیۆلۆجیدا، تیشکی خستۆتە سەر ئەم بابەتەو فرێزیۆلۆجی (ئیدیۆم) بە بەشێك لەو سێ بەشە گرنگەی لێکسیکۆلۆجی داناوەو بەم شێوەیە فرێزی گیراو (ئیدیۆم) ی باس کردووە:

(لە یەکگرتنی هەندێ وشەدا واتای تایبەتی پەیدا دەبن و بەوجۆرە فرێزانە دەڵێن فرێزیۆلۆجی (ئیدیۆم))[١٦].

دواتر ئاماژەی داوە بەجیاکردنەوەی فرێزیۆلۆجی لەگەڵ فرێزی بەرەڵا لە لایەك و وشەی سەربەخۆ لە لایەکی ترەوە، تا سنووری فرێزیۆلۆجی لە سیستمی زماندا دیاری بکرێت، هۆکارەکانی ئەم جیاکردنەوەیەشی دەرخستووە.

بە پێی رادەی یەکگرتن و پەیوەندی ئەو وشانەی فرێزیۆلۆجی پێك دەهێنن و لە رووی واتای گشتی دەربڕینە فرێزیۆلۆجییەکەو پەیوەست بە بەشەکانی دەربڕینەکەوە، سێ جۆر فرێزیۆلۆجی دەستنیشان کردووە، کە تێکچڕژاو، یەکگرتووو تێکئالاون. پاشانیش لە رووی واتاییەوە، فرێزیۆلۆجی یەك واتاو فرەواتای دیاری کردووە، شیکردنەوەیەکی واتایی بۆکردووە.

لێرەدا ئەم دانەیەی بە جۆرێك لە فرێز داناوە ((دوو جۆر فرێز هەیە، فرێزی بەرەڵا و فرێزی گیراو))[١٧]، فرێز خاوەنی رۆنان و پێکهاتن و فۆڕمی تایبەتییەو پێویستە دیاری بکرایە، فرێز لە کەرەستەی زمانی بچووکتر لە خۆی پێك هاتووە، کە وشەیە و بەشداری لە رۆنانی یەکەی زمانی گەورەتردا دەکات کە رستەیە، لەبەر ئەوە ئیدیۆم تەنیا بە فرێز نایەن و لە ئاخاوتندا بەشێوەی جیاجیای وشەو فرێزو رستە دەردەکەون. بۆیە ئەگەر بەم پێیە ئەم فۆڕمانە دیاری بکرانایە، روونتر شێوەکانی دەناسرانەوە، هەر ئەمەشە وایکردووە کە ئیدیۆمی لە سنووری سینتاکس خستۆتە دەرەوە، لەم روانگەیەوە کێشەی ئیدیۆم چۆن لە لێکسیکۆلۆجی دایە، بەهەمان شێوەو بە گشتی دەچێتە ناو سینتاکسیشەوە، بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی کە لەم باسەدا هاتووە ((کێشەی فرێزی گیراو لە سنووری سینتاکس دەردەچێ و لە سنووری لێکسیکۆلۆجی نزیك دەبێتەوە))[١٨].

لەم باسەدا ئیدیۆمی لە رووی واتاییەوە ناساندووەو ئاماژەی بە فۆڕم و پێکهاتنی نەداوە، دواتر ئەوەی روون کردۆتەوە، کە ئیدیۆم لە رووی واتاییەوە وەك یەك وشە وایە،

---

(16) ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٥: ٥٦ ) و (١٤١:١٩٨٧) .

(17) سەرچاوەی پێشوو(٥٦-٥٧).

(18) سەرچاوەی پێشوو ( ٥٩).

((زۆر جار دەبینین کە بە ماناو واتا وەك یەك وشەیە))[١٩]. وشە زاراوەیەکی گشتگیرو فرەواتایە و لە بەکارهێناندا بەر فراوانەو لە هەمان کاتدا لێڵیشە، بۆ ئەم مەبەستە و بۆ کەمکردنەوەی ئەم لێڵییەو دیاریکردنی سنووری زاراوەکە، لە لایەن زمانەوانەکانەوە ئەم چەمکانەی بۆ دیاری کراوە وەك: لێکسیم، وشەی سینتاکسی ...هتد، (Katamba) سێ واتای بۆ وشە جیا کردۆتەوە ((لێکسیم، فۆرمە وشە، وشەی ریزمانی))[٢٠]، ((زاراوەی وشە لە ئاخاوتندا فرە واتایەو چەقی جۆراوجۆری هەیە، لە ئاخاوتنی رۆژانەدا ئەم واتایانەی هەیە: لێکسیم، وشەی سینتاکسی، وشە فۆرم))[٢١]. پێویستە بزانین کە ئیدیۆم لە رووی واتاییەوە بەرامبەر بە کام چەمکی زاراوەی وشە بەکار هێنراوە.

هەروەها دەڵێت: ((لە زمانی کوردیدا فرێز هەن، کە هەمیشە بەرەڵلان، فرێزیش هەن کە هەردەم گیراون، هەروەها زۆر فرێز هەن کە دەکرێ بەرەڵلاش‌و گیراویش بن، ئەمەش پەیوەندی بە ماناو مەبەست‌و بەکارهێنانەوە هەیەو لە رستەدا دەردەکەوێت))[٢٢]. جگە لە پێوەری مەبەست و بەکارهێنان کە لێرەدا ئاماژەی پێدراوە، دەتوانین بەپێی پێوەری تەمەنی ئیدیۆمەکان، یان کۆن و نوێیان ئەم دابەشکردنە بکەین، چونکە ئەمە پەیوەندی بە واتایانەوە هەیە، ئیدیۆم واتای فەرهەنگی و ئیدیۆمی هەیە و هەرچی واتای ئیدیۆمییە لە واتا فەرهەنگییەکەیەوە هاتووەو بە تێپەڕبوونی رۆژگار ئیدیۆمە کۆنەکان واتا فەرهەنگییەکەیان لە بیرچونەتەوەو بە واتای ئیدیۆمیان ماونەتەوە، ئیدیۆمە نوێیەکانیش هەردوو واتای فەرهەنگی و ئیدیۆمییان شانبەشانی یەکترە و پێکەوە بەکار دەهێنرێن.

لە لایەکی ترەوە، سێ جۆر ئیدیۆم دەستنیشان کراوە، ئیدیۆمی تێکچڕژاو ئەو جۆرەن، کە وشەی بێ واتاو وشەی مردە بەشێك لە کەرتەکانی ئیدیۆمەکە پێکدەهێنن، نموونەکانی (گوڵ و موڵ، هاتەران و پاتەران،..) بە ئیدیۆم دانراون، گەر ورد بینەوە لێرەدا نێواندژییەك دەبینرێت، لە لایەکەوە لەو پێناسەیەدا، کە بۆ فرێز کراوە ((بەو دانە سینتاکسییە دەڵێن، کە لە دوو یان چەند وشەیەکی سەربەخۆ پێکهاتبێ و ریزمان

---

[١٩] سەرچاوەی پێشوو .

[20] Katamba (1993: 294-295).

[21] Crystal (2003: 500).

[٢٢] ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٥ : ٥٩-٦٠).

بەیەکەوەی بەستبن))[٢٣]، لە لایەکی تریشەوە ئەم نموونانەی سەرەوە بە وشەی لێکدراو دانراون [٢٤]. لە کاتێکدا ئایا:

١. ئەو نموونانە بەپێی ئەو پێناسەیەی لەو باسەدا هاتووە، فرێزن، یان نا، چونکە دەبێت لە دوو وشەی سەربەخۆ پێکهاتبن، واتە واتادار بن.

٢. وشەکانی (مولّ، پاتەران، ...) یان وشەی مردە، ئەو تایبەتییە بنەڕەتییانەیان تێدایە، کە کەرەستەیەکی زمانی دەبێت هەیبێت، بۆ ئەوەی بە وشە دابنرێت، وەك ((واتادار بێت، هەمیشە لە ئاخاوتندا وەك دانەیەك لە زمان بەکار بهێنرێ،...))[٢٥]. ئەمانە لە زمانی کوردیدا وشەی لێکدراون، لە لایەکی ترەوە دەربڕینێك کاتێك بە ئیدیۆم دادەنرێت، کە جگە لە واتای فەرهەنگی، واتای ئیدیۆمی ببەخشێت، هەریەك لە (مولّ، پاتەران،..) واتای فەرهەنگییان نییە، ئیتر چۆن واتای ئیدیۆمیان دەبێت؟ ((هەرچەندە مولّ، پاتەران،... بە تەنیا مانایان نییە))[٢٦]. ئەمە ئەگەر بە پێی بۆچوونی د.ئەوڕەحمان واتایان نەبێت، بەڵام لە لایەکی ترەوە ئەگەر ئەو وشانە واتاداربن و مانایان هەبێت، ئەوە دەگونجێ بە ئیدیۆم دابنرێن، وەك لە فەرهەنگی ئیدیۆمدا مامۆستا (جەلال مەحمود) لە لێکدانەوەی واتای(( ئیدیۆمی (قسەی هاتەران و پاتەران دەکات)، بەم شێوەیە واتای (هاتەران و پاتەران) ی خستۆتە روو، (هاتەران) بە واتای (وڕێنە) و، (پاتەران) بە واتای (شێتان) دێت))[٢٧].

بۆ ئەو فرێزانەش کە وشەی مردەیان تێدایە ((بە فرێزیۆلۆجی تێکچڕژاوی داناون، چونکە مانای گشتی فرێزەکە، ناتوانرێ لە رێگای سەرپاکی مانای وشەکانەوە وەربگیرێ. ئەمەش لەبەرئەوەی مانای بەشێکی فرێزەکە (کە وشەی مردەیە) ئاشکرا نییە... بەشەکەی تری روونکردنەوەی مانای فرێزەکەی گرتۆتە ئەستۆی خۆی))[٢٨]. ئەمەش پێچەوانەی پێناسەی فرێزی تێکچڕژاوە، ((ئەوانەن کە مانای گشتییان بە هیچ جۆرێك

---

[23] سەرچاوەی پێشوو (٥٦).

[24] ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٧٧: ٨٦).

[25] ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٧٥ : ٦-٧).

[26] سەرچاوەی پێشوو (٦١-٦٢).

[27] جەلال مەحمود عەلی (١٩٨٢: ٣٥٩).

[28] ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٧٥ :٦٣).

هەواڵنامەی کتێب

بەند نییە بە مانـای ئـەو وشـانەوە کـە فرێزەکـەیان پێکهێنـاوە))[٢٩] تەنانـەت بەشـێکی فرێزەکەش نابێتە روونکەرەوەی  هەموو فرێزەکە. وەك (١٦، ١٧، ١٨):

١٦) لە گوێی گادا نوستووە.
١٧) چنگ لەسەرشان.
١٨) ئاوی گوێی داوە.

ئەمانە واتای ئیدیۆمییان بەندنییە بەمانای بەشە پێکهێنەرەکانیانەوە.

ئـەو نموونانـە بـۆ زیـاتر دیـاریکردنی جـۆری دووەم کـە فرێزیۆلـۆجی یـەکگرتووە هێنراونەتـەوە، هەنـدێکیان لەگـەڵ پێناسـەکەدا نـاگونجێن ((مانـای لـە رێگـای مانـای سەرپاکی ئەو وشانەوە (پارچانەوە) پێکیان هێناوە ئاشکرا دەبێت. بە وێنە فرێزی "زمـان درێژ"))[٣٠]، نموونەیەکی وەك (چنگ لەسەر شان)، کەبە واتای (زۆر بەخێرایی) دێت، لـە هیچ کام لە واتای فەرهەنگیی بەشە پێکهێنەرەکانییەوە نەهاتووە، گەر بەراوردی بکـەین بە ئیدیۆمی (زمان درێژ)، کە لێرەدا وەك بەڵگە لەسەر ئەو جۆرە هێنراوەتەوە.

نارِوونیو لێڵی بە ناساندنی جۆری سـێیەمەوە دیـارە، کـە فرێزیۆلـۆجی تێـك ئـاڵاوە، ((ئەو جۆرە فرێزانەن کە یەکێك لە وشەکانی بەنـدەو لـە بەکارهێنانـدا گـیراوەو تـەنیا لـە فرێزێکدا بەکار دەهێنرێ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا مانای سەربەخۆی خۆی هەیە))[٣١] لێڵی ئەم پێناسەیە لەوەدایە کە روون نەکراوەتەوە مەبەست لەبەندی وشەکانی ئەو فرێزە چییە؟ ئەگەر بەندن چۆن واتای سەربەخۆیان هەیە؟

لەم باسەدا جارێکی تر، لە رووی واتاییەوە ئیدیۆم بۆ فرێزیۆلۆجیی یـەکواتاو فرەواتـا پۆلێن کراوە. بە گشتی تێکەڵاوییەك لە نێوان هەرسێ جۆرەکەدا دیارەو دابەشکردنەکەش روون نییە، ئێمەش پێویستمان بە پۆلێنێکی دیارو ورد هەیە، تا بیکەین بە پێوەرێـك بـۆ دیاری کردنی ئیدیۆم بـە گـشتی لـە رووی واتـاوە. جگـە لـەوەی لـەم باسـەدا ئامـاژە بـە پێکهاتەو فۆرمی ئیدیۆم نەدراوە، کە ئەمەش زۆر بە بایەخە.

---

(29) سەرچاوەی پێشوو (٦١).
(30) سەرچاوەی پێشوو (٦٣).
(31) ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٥: ٦٤).

ب- د.نەسرین محەمەد فەخری، لە گۆڤاری کۆلیجی ئەدەبیاتدا، باسێکی بەناونیشانی (هەندێ زاراوەو ئیدیۆمەی کوردی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەیان لە رووی زمانەوە) بڵاوکردۆتەوە کە تیایدا بەم جۆرە بۆ ئیدیۆم چووە: ((دەستە وشەیەکی جودا جوداو تێکەڵ و سەربەخۆی زمانە پێکەوە واتایەکی تازەو تایبەتی و جوان و سفت و تیژ دروست دەکەن سەرەڕای ئەوەی کە زاراوەیەکی بەهێز دەهێننە کایەوەو دەیانخەنە سەربارێکی پەسەندو چەسپاو))(۳۲).

پاش پێناسەکردنی، زاراوەی ئیدیۆمی لە رووی ئیتمۆلۆجییەوە لێکداوەتەوەو ئاماژەی داوە بەگرنگی و بایەخی لە زمانی کوردیدا، لەم لێکۆڵینەوەیەدا (۸۷) نموونەی خستۆتە روو لێکیداونەتەوە و پێکهاتەکانییانی دیاری کردووە، بەشێوەیەکی گشتی مەبەست و بەکارهێنانیانی روون کردۆتەوە.

لەم وتارەدا، لێکدانەوەی بۆ (۸۷) نموونە کردووە، کە بە ئیدیۆمی داناونو بە گشتی تێکەڵاوییەکی کردووە لە نێوان ئیدیۆم لە زمانو لە ئەدەبدا، هەرچەندە ناسکیی ئەم یەکەیە لەوەدایە، کە بەپێی شیکردنەوەی لە رووی زاراوەو توێژینەوە لە پێکهاتنو فۆڕمییو دیاریکردنی رۆنانی و واتای رواڵەتی، لەسەر تەوەری تەکنشینییەو لەو روانگەیەوە کە، دەبنە ئاماژە بۆ چەمکو مانایەکی تر، کە ناکاتە واتای کەرتە پێکهێنەرەکانی، دەکەونە سەر ئاستی جێنشینی، لەبەر ئەوە دەبێت بە وردی مامەڵە لەگەڵ ئەم دوو بوارەیدا بکرێت، ئەمان دەبنە هۆی ئەوەی کە لە واتای رواڵەتییەوە بانگوێزنەوە بۆ مانای ناوەکی، یان دەروونی ((ئیدیۆم لە روانگەی وشەو مانای رواڵەتییەوە، لەسەر تەوەری تەکنشینییە، بەپێی مانای دەروونیشی لەتەوەری جێنشینیدایە، لەو رووەشەوە کە گەیشتنو پەیوەندییە لە نێوان دوو ئاستی دیارو نادیاردا رەهەندی هونەرییو ئەدەبیی هەیە))(۳۳).

لە ئەنجامی ئەم تێکەڵاوکردنەشیدا، بنەمای ئیدیۆمی بۆ لە یەکچوون گەڕاندۆتەوەو چەندین نموونەی لە یەکچوونیشی بە ئیدیۆم داناوە ((سەرنج دانیان دەری دەخا کە لە سەرەتادا لە "تشبیە"-"پێک چوون" پێک هاتوون)، نموونەکانی وەك: (ئەڵێی چاوی

---

(32) نەسرین محەمەد فەخری ( ۱۹۷٦: ۷۱) .

(33) سیروس شمیسا(۱۳۷٦: ۷٦) .

قرژاڵە، ئەڵێی پێ بە هێلکەدا دەنێ، ئەڵێی پاڕووی لە دەمدایە،...))[٣٤]. جیاوازی ئیدیۆم لەگەڵ لە یەکچوون، لەوەدایە کە ئەم پێکهاتەیەکی زمانییەو دوو جۆر مانا دەگەیەنێت، واتایەك کە پەیوەندیدارە بە مانای وشەپێکهێنەرەکانیو ئەویتریشیان بەند نییە بە مانای یەکە یەکەی کەرتەکانییەوە، لە رووی فۆڕمیشەوە ئەم دانەیە قاڵبدارنو پێکهاتنی تایبەت بە خۆیانیان هەیە، بەڵام لە یەکچوون بۆ واتای خۆی بەکار دێتو زۆربەشیان ئامرازەکانی (وەك-ئەڵێی) یان لەگەڵدایە بەمە دەناسرێنەوە. ((لە یەکچوون ئیدیۆم نییە، چونکە بۆ واتای خۆی بەکار هاتووە))[٣٥].

**پ-** م.غازی فاتیح وەیس وایداناوە، کە ئیدیۆم بریتییە لە کۆمەڵێك وشەو رێزکردن و لێکدانی ئەو کۆمەڵە وشەیە، دەستوری رێزمانی بەسەردا دەچەسپێنرێت. ئەو واتایەی کە ئەو کۆمەڵە وشەیە دەیبەخشن، لە تاکە وشەیەکی ئەو کۆمەڵە وشەیەدا بەدی ناکرێت.

واتای ئیدیۆم بە واتایەکی مەعنەوی دادەنێت، کە لە واتایەکی عەمەلییەوە هاتووەو ئاماژەی بە جیاوازیی نێوان زاراوەو ئیدیۆم داوەو لە رووی فۆڕمەوە بەمجۆرە دابەشی کردوون:

١. ئەوانەی کە بە هۆی گۆڕانی وشەکانییەوە فۆڕمیان دەگۆڕدرێن.

٢. ئەوانەش کە لە رووی فۆڕمەوە ناگۆڕێن.

لە رووی رێزمانیشەوە، ئاوەڵناوی و فرمانیو ئاوەڵکاری و ناوی دەستنیشان کردووە، هەروەها ئاماژەی داوە بە جیاکردنەوەی ئیدیۆم لە هەریەك لە فرەواتاو پەندی پێشینان[٣٦].

لە باسەکەدا هاتووە، کە ((بە بەراوردکردنی ئیدیۆم لە زمانی کوردی و ئینگلیزیدا، ئەبینین جۆرەها ئیدیۆم لەم دوو زمانەدا لە رووی فۆڕم و واتاوە ئەچنەوە سەریەك))[٣٧].

---

(34) نەسرین محەمەد فەخری (١٩٧٦: ٧٢-٧٧، ٩٤).

(35) عەبدولسەلام سالار (٢٠٠٦ :چاوپێکەوتن ).

(36) غازی فاتیح وەیس ( ١٩٨٢: ٥٩-٦٤).

(37) غازی فاتیح وەیس ( ١٩٨٢: ٦١).

لێرەدا ئاماژە دراوە بە چونییەکی فۆرم‌و واتای چەندین ئیدیۆمی زمانی کوردی‌و ئینگلیزی، بەڵام ئەوەی شایانی تێبینی کردنە ئەوەیە، کە تەنها لە بەراوردکردنی ئیدیۆمی ئەو دوو زمانەدا ئەم هاوبەشییە بەدی ناکرێت، بەڵکو جۆرەها ئیدیۆم لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا هەن، کە چونییەکن لەو رووانەوە (بڕوانە نموونەکانی(٢١، ٢٢، ٢٣، ٢٤))، لەگەڵ ئەوەشدا هەر زمانەو ئیدیۆمی تایبەت بە خۆی هەیە، کە مۆرکی میللی‌و نەتەوەیی ئەو کۆمەڵەی هەڵگرتووەو جیاوازن‌و لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕدرێن، بۆ نموونە لە کوردیدا بۆ بیرێکی وەك بارانێکی زۆرو بەخوڕ بباریت، بەدەربڕینی ئیدیۆمی دەوترێت:

١٩) شەستە بارانە-باران شەست دەکات.

بۆ هەمان بیر لە زمانی ئینگلیزیدا بە ئیدیۆمی (٢٠) دەردەبڕێت :

20) Its raining cats and dogs

بۆ ئیدیۆمە هاوبەشەکانیش، ئیدیۆمی (روو بە روو) لە کوردیدا بەکار هاتووە، بۆ هەمان بیر، لەم زمانانەی خوارەوەدا بەم فۆڕمانە دەربڕاون[٣٨]:

**لە رووسیدا بە فۆڕمی:** ⟵ 21) Sg£azu na g£az

**لە فرەنسیدا :** ⟵ 22) Lête a Lête

**لە زمانی ئەڵمانیدا :** ⟵ 23) Unter Vier Augen

**لە ئینگلیزیدا :** ⟵ 24) Face to face

هەرچەندە ئیدیۆم نییە، کە پڕاوپڕ وەك یەك وابن، لە رووی واتاو پێکهاتنەوە لە نێوان زمانەکاندا و کەم تا زۆرێکیش بێت هەر جیاوازی هەیەو هەر ئەمەشە وای کردووە کە نەتوانرێ زۆربەی ئیدیۆمەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر وەربگێردرێن، یان زۆر بە گران ئەو کارە بکرێ، چونکە کولتوور و ئەزموون و ئاکارو تێکۆشانی هەر میللەتێك بوونەتە هۆی داڕشتن‌و هێنانەکایەیان، ((ئەو ئیدیۆمانەی کە لە رووی واتاوە لە چەند زمانێکدا نزیکیش بن لەیەکەوە، جیاوازییان لە واتاو لە پێکهاتنیاندا هەر بەدی دەکرێت))[٣٩].

---

(38) بوداگۆڤ (١٩٥٨ : ١٠١).

(39) سەرچاوەی پێشوو، (٩٩-١٠٠).

ئەوالنامەی کێتر

له رووی سینتاکسیشەوە بۆ دوو جۆر پۆلێنکراون ((له زمـانی کوردیـدا بـه زۆری دوو جۆره ئیدیۆم هەیه له رووی ڕێزمانـەوه ئـەویش: ئاوەڵنـاویی و فرمانییـه، جگـه لـەم دوو جۆره ئیدیۆمه ئیدیۆمی ئاوەڵکاری و ناویش هەیه بەڵام ژمارەیان زۆر کەمه))[٤٠].

به پێی پێوەره سینتاکسییەکان، پۆلێنی هەمەچەشـن لـه لایـەن زمانەوانەکانـەوە بـۆ کراوه، یەکێك لەوانه، دابەشکردنێتی به پێی بەشەکانی ئاخاوتن، وەك (ناوی، ئاوەڵناوی، کرداری...) و ئەم پۆلێنه گشتگیرەو یەکێکه لـەو چـەندین دابەشـکردنەی لـەم رووەوە بـۆ ئیدیۆم کـراوه، ورد نییـەو نابێتـه پێـوەرێکی گونجـاو بـۆ دیـاریکردنی ئـەو گۆڕانکارییـه سینتاکسیانەی که به سەریاندا دێن، بۆیه پێویسته پەنا ببرێته بەر پۆلێنێك که بـه وردی لەرووی سینتاکسییەوە ئەوان له خۆبگرێت.

**ت-** د.محەمـەد مـەعروف فـەتاح، باسـێکی بـه ناونیـشانی (دیـسان ئیدیـەم، پێداچـوونەوەیەك لەبـەر رۆشـنایی زمانەوانیـدا)، لـه گۆڤـاری کـۆڕی زانیـاری عێراقـدا بڵاوکردۆتەوە، که تیایـدا لـه زۆر رووەوە باسـی ئیـدیۆمی کـردووەو شـیکردوونەتەوەو وا ناساندوونی، که بریتییه ((لەو تێکەڵیی و تێکچڕژانەی که ئاسـایی دوو وشـه یـان زیـاتر پێکی دێنن، ئەو واتایـەی کـه دێتـه کایـەوه (لـه ئـەنجامی ئـەو تێکەڵییـەوه) لـه واتـای کەرتەکانەوە یان له پەیوەندی ڕێزمانی ئەم کەرتانـەوە پێـشبینی ناکرێـت))[٤١]. هـەر لـه پێناسەی ئەم دانه زمانییەدا، دوو پێوەری بۆ ناسینەوەی دیاری کردووه.

لێرەدا ئاماژەی بەوە داوه، که له رووی ڕێزمانییەوە پێکهـاتووه لـه وشـەی لێکـدراو، فرێز و ڕسته. سنووری ئیدیۆمی جیا کردۆتەوەو هاوبەشیی لەگەڵ وشەدا دیاری کردووه و تایبەتییەکانیی خستۆته روو. سەبارەت به پلەکانیشی، دوو جۆری دیاری کردووه، که پله یـەك و دووه. بـەپێی رۆنـانی سـەرەوەی، ئیـدیۆم پێـك هـاتووه لـه کۆمـەڵی ( ناوئاسـا، ئاوەڵکار ئاسا، ئاوەڵناوئاساو کارئاسا).

له روانگەی واتاشەوە، به پێی بابەت و پەیوەندی نێوان سەرجەم واتاکانییان، پـۆلێنی کردوون.

---

(40) غازی فاتیح وەیس (١٩٨٢، ٦١).

(41) محەمەد مەعروف فەتاح ( ١٩٨٦: ٦٨).

لەم باسەداو، لە پێوانەی دووەمدا، روون کراوەتەوە، کە واتای ئیدیۆم لەرۆنانی رێزمانی و رۆنانی واتایی کەرتەکانییەوە نایەت، بۆ ئەمەش ئەم نموونانەی خستۆتە روو:

١-( أ) حەز لە مرۆڤی دوو زمان ناکەین. (فیتنە)

(ب) دوو زمان دەزانیٚ.

٢-( أ) پیاوێکی بە دەستە. (بەدەسەڵاتە، دەسترۆیوە)

(ب) بە دەست نامەکەی نووسی (چاپی نەکرد!)[٤٢].

گۆڕینی واتاو دەربڕینەکان لە ئیدیۆمەوە بۆ نا ئیدیۆمی لەو دوو نموونەیەی، کە بۆ روونکردنەوەی ئەم پێوانەیە خراونەتە روو، پەیوەندی بە سروشتی ئەو دووانەوە هەیە، کە لەوێدا هێنراونەتەوەو جۆرێکن لەو چەشنەی کە واتای ئیدیۆمیان لە واتای فەرهەنگییانەوە نزیکەو هەردوو واتاکە بە پێی مەبەست و بەکارهێنانی قسەکەر، پێکەوە بەکار دەهێنرێن، بەڵام ئەگەر ئیدیۆمەکانی (بەد زمان، بەجەرگ) لە جیاتییان بەکاربهێنین، ئایا هەر هەمان ئەنجامی دەبێت.

هەولێرنامەی کتێب

٣-( أ)حەز لەمرۆڤی بەد زمان ناکەین.

(ب) # بەد زمان دەزانیٚ.

٤-( أ) پیاوێکی بەجەرگە. (ئازاو دلێرو نەترسە)

(ب) # بەجەرگ نامەکەم نووسی.

لە ( ٣-ب) و (٤-ب) دا ناتوانرێت ئەو ئیدیۆمانە بە واتای فەرهەنگییان بەکار بهێنرێن، چونکە هیچ مەبەستێك ناگەیەنن، هەرچەندە هەر هەمان رۆنانی رێزمانییان هەیە.

هەر لەباسەکەدا، دوو جۆر پلە دیاری کراوەو هەرچی ئیدیۆمی پلە یەکە، واتاکەی تاریکەو زۆر لە واتای بەشە پێکهێنەرەکانی دوور کەوتۆتەوە، نموونەکانی (دڵ تەڕ، دڵ قایم....) لێرەدا هەردوو کەرتەکە واتاکانیان گۆڕدراوە. پلە دووەکەش تا رادەیەك واتاکەی روونەو بە هۆی ئەوەی یەکێك لە بەشە پێکهێنەرەکانی، واتای بنەڕەتیی خۆیان پاراستووە، نموونەکانی (دڵ مردوو، دڵ رەق...) هێنراونەتەوە، کە لەم کۆمەڵەدا تەنها

---

(42) سەرچاوەی پێشوو(٦٨-٦٩).

یەکێك لە کەرتەکان واتاکانیان گۆڕدراوەو کەرتی دووەمیش گۆڕانی کەمی بەسەردا هاتووە[٤٣].

ئەمانە هەمان لێکدانەوەی واتاییان بۆ دەکرێ و هەمان ڕۆنانیان هەیە، کە ئاوەڵناون، واتای (دڵ تەڕ، دڵ قایم....) تاریك نییەو لە واتای وشە پێکهێنەرەکانی دوور نەکەوتۆتەوەو لەگەڵ ئیدیۆمێکی وەك (چنگ لەسەرشان) واتاکەیان زۆر جیاوازەو ئەمیان واتاکەی تاریکە، کە جیاوازە لە مانای ئەوانی تر. لەگەڵ ئەوەی (دڵ تەڕ، دڵ قایم) لەگەڵ (دڵ مردوو، دڵ ڕەق) چ جیاوازییەکیان هەیە؟ یەك جۆر پۆلێنی بۆ ڕۆنانی سەرەوەی ئیدیۆمەکان خستۆتە روو، کە ئەویش بەپێی بەشەکانی ئاخاوتنە.

ج- د.فەتاح مامە عەلی، لەنامەی دکتۆراکەیدا "ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا"، بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: ((بریتییە لەو دەربڕینانەی کە لە ڕواڵەتدا دانەی ڕێزمانین، بەڵام لەژێرەوە زڕدانەی واتاسازیین لەسەری ڕێکەوتون و خۆیان لە زماندا چەسپاندووە))[٤٤]، دواتر سنووری بۆ ئیدیۆم لەگەڵ هاودەنگ و پەندی پێشینان کێشاوەو بە پێی فۆرمو واتا دابەشی کردوون، ئەوەشی روون کردۆتەوە، کە فرەواتاو مەتەڵ دەکەونە چوارچێوەی ئیدیۆمەوەو هۆکاری روونکردنەوەی واتاکەشی بۆ دەوروبەری ئاخاوتن گەڕاندۆتەوە .

لەگەڵ ئەوانەشدا، جۆرەکانی و چەند لایەنێکی تیۆری دیاری کردووە و پۆلێنکردنەکەشی بەپێی کۆنیو تازەییو دەوروبەرو ئەرکەوە کردووەو ناوکی ئیدیۆمیشی باس کردووە، لە ڕوانگەی ڕێزمانو واتاسازییەوە لێی کۆڵیوەتەوەو ئاماژەی بە ڕۆنانی سەرەوەو ژێرەوەی ئیدیۆم داوە.

لە پێناسەکردنی ئیدیۆمدا، زاراوەی زڕدانەی واتاسازی بەکار هێناوە ((ئەوە دەگەیەنێت کە لە زۆربەی ئیدیەمەکاندا واتای ئیدیەم لە واتای پێکهێنەرەکانی نەکەوتۆتەوە چونکە زڕن))[٤٥]، وشەی (زڕ) لە فەرهەنگی کوردیدا بە واتای (شتێك لە ڕەچەڵەکەوە، یان ڕەگەزەوە نەهاتبێت، یان بنەڕەتیی نەبێت) و واتای ئیدیۆمیش بە

---

(43) بڕوانە: محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٨٦: ٨٩-٩٠).

(44) فەتاح مامە عەلی (١٩٩٨ :٣٨-١٠٢).

(45) سەرچاوەی پێشوو(٣٩).

ڕەهایی ناتوانین بڵێین زڕەو لە بنەڕەتی واتای وشەکانەوە نەهاتووە و پێدەچێ، ئەو واتایە لە کاتی خۆیدا سیمایەکی دیاری ئەو وشەیە بووبێت و ئێستا واتایەکی تری کەوتۆتە بەر ڕووناکی.

لەبەر ئەوەی ئیدیۆم واتاکەی زڕ نییەو یەکێکە لە سیما جیاکەرەوەکانی ئەو وشانەی کە پێکیان هێناوە، بە پێی پەیوەندی لەگەڵ وشەکەی تردا، تیشك دەخەینە سەر یەکێك لە سیما سەرەکییەکان، یان لاوەکییەکانی.

لە باسی ئیدیۆم و فرەواتادا دەنووسێت: ((هەموو ئیدیەمێك پۆڵواتایە، بەمەرجێ ئیدیەمەکە واتا بنجییەکەی ون نەکردبێت))[٤٦]، دیاردەی فرەواتایی، بابەتێکی ئاڵۆزەو لە زمانەوانیدا تا ئێستا جێی قسەلەسەرکردنە، ڕێژەیەکی فراوان لەوشە فەرهەنگییەکانی هەر زمانێك فرەواتان، لە لایەن زمانەوانەکانەوە کێشەی تیۆری ئەوەیە، کە چۆن فرەواتا جیا بکرێتەوەو پێوەری بۆ دیاری بکرێت، واتە هێشتا ئەم بابەتە خۆی لە خۆیدا گرفت ئامێزو کێشەدارەو ناکرێت ئێمە بەرەهایی لەگەڵ ئیدیۆمدا چونییەکی بکەین، لەگەڵ ئەوەی ئەو واتایانەی وشەیەکی فرەواتا هەیەتی واتای فەرهەنگین، وەك:

٢٥) (خواردنەوە):   ١- مەی خواردنەوە  ٢- هەر شلەمەنییەك بخورێتەوە.

٢٦) (بەربوون):   ١- ئاو بەربوون   ٢- مناڵەکان بەربوون

٣- دیل بەربوون

واتاکانی هەر وشەیەکی فرەواتایی، لەیەك سەرچاوەوە پەیدا بوون، پەیوەندییەکی خوازەیی لە نێوان واتاکانیاندا هەیە، بەڵام هەرچی واتای ئیدیۆمییە لە واتای سینکرۆنی کەرتە پێکهێنەرەکانییەوە نەهاتووەو مەرجیش نییە بە تەنیا لە واتای فەرهەنگییەوە هاتبێت، زۆر جار هەریەکێکە لە سیماکانی، لە لایەکی ترەوە، لەیەك جۆریدا پەیوەندی خوازەیی لە نێوان واتاکانیدا هەیەو لەوانەی تردا وانییە، بۆیە بۆ لێکدانەوەی واتای ئیدیۆم، دەبێت فەرهەنگی تایبەت بە خۆیانیان هەبێت.

لە باسی ئیدیۆم و هاودەنگدا دەڵێت: ((ئەو واتایانەی کە هاودەنگێك دەیبەخشێت، هەموویان بەیەکەوەو شانبەشانی یەکتر بەکار دێن، بەڵام ئیدیەم بە گشتی دوو واتای دەبێت، واتای بنجی و واتای خوازراو... بەڵام هەردووکیان شانبەشانی یەکتری

---

[46] سەرچاوەی پێشوو(٤٣).

بەکارنایەن.. ئیدیەمێکی وەك (خۆت بخورێنە) واتا خوازراویەکەی دیارە، بەڵام واتا بنجییەکەی دیار نییە و لێڵە))[٤٧].

ئیدیۆمان هەیە کە واتاکانی شانبەشانی یەکتر بەکار دێن، (بڕوانە بەشی دووەم) کە بە هۆی دەوروبەرو مەبەستی قسەکەرو کاتو شوێن و ... دەزانرێت کام مانایەمان مەبەستە.

ئیدیۆمی (خۆت بخورێنە)، بە واتا فەرهەنگییەکەی بەکار دەهێندرێن، وەك چۆن بە ئیدیۆمیش بەکار دێت و واتاکەی تا رادەیەك روونە.

ئیدیۆم، جگە لە واتای فەرهەنگی، دوو، یان سێ و زیاتر، واتای ئیدیۆمی هەیە، وەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێ:

٢٧) کورتی هێناوە: ١- نەگەیوەتە ئەنجام.
٢- بەشی نەکردووە.
٣- تێکشکاوە، لە کارەکەیدا زیانی لێکەوتووە، مایەکەی خۆی نەگرتۆتەوە.

٢٨) لارە ملە:١- دڵ شکاوە.
٢- نوشوستی هێناوەو باری کەوتووە.
٣- بێ نەوایە.

٢٩) هەناسە سارد بووە: ١- باری کەوتووەو لێی قەوماوە.
٢- دەردی کوشندەیە.
٣- توش بووە.
٤- ئومێدی براوە.

لە لایەکی ترەوە ئاماژەی بەوە داوە، کە ((لە هاودەنگدا هەندێ لایەنی فۆنەتیکی لەبەرچاو دەگیرێت وەك شوێنی سترێس و جۆری ئاوازە،... بەڵام لە ئیدیەمدا لایەنی فۆنەتیکی گوێی پێ نادرێت))[٤٨]. یەکێك لەو تایبەتیە گرنگانەی کە ئەم دانەیە لە وشەکانی زمان جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە لە رووی فۆنەتیکیەوە پێچەوانەی یەکترن،

---

(47) فەتاح مامە عەلی (١٩٩٨: ٤٤).

(48) فەتاح مامە (١٩٩٨: ٤٥).

هەواڵنامەی کتێب

((وشە یەك سترێسی سەرەکیی هەیە، بەڵام ئیدیۆمی چەسپاو لە دوان یان زیاتری هەیە))[٤٩]، لە لایەکی ترەوە خاڵێکی گرنگ لە ئیدیۆمدا ئەوەیە کە وشەکان بە هەمان فۆڕمی فۆنەتیکییەوە دەبنە هێما بۆ مانایەکی ترو ئاماژەن بۆ چەمکی تر جیا لەو واتایەی کە هێمان بۆی، ((لە ئیدیۆمدا شێوەی فۆنەتیکیی وشەکان، لەسەر چەمکی خۆیان دەلالەت ناکەن، بەڵکو بۆ چەمکێکی تر دەبنە ئاماژە))[٥٠]. لەبەر ئەوە لایەنی فۆنەتیکی لە ئیدیۆمدا، زۆر گرنگەو پێویستی بە لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی تایبەت لەم بوارەدا هەیە، دەخوازێ چەندین نامەو باسی زانستی بۆ لایەنی فۆنەتیکی ئیدیۆم تەرخان بکرێن، نەك ئەوەی گوێی پێ نەدرێ.

زمانەوانانی کورد لە لێکۆڵینەوەکانیاندا لە بارەی ئیدیۆم کارەکانیان، لە رووی پۆلێنکردن و لێکدانەوەوە چوونیەکن، بە گشتی یەکڕەوتی و دووبارەکردنەوەیان پێوە دیارە، بە پێویستی دەزانین بە گشتی ئاماژە بدەین بەو خاڵە هاوبەشانەی کە لە لێکۆڵینەوەکاندا بەدی دەکرێن، کە ئەوانیش:

١- ئیدیۆم فۆڕمێکی ناسادەی هەیەو لە دوو وشە یان کۆمەڵە وشەیەك پێك هاتووە.

٢- زیاتر بایەخیان بە بواری واتایی ئیدیۆم داوەو لەم بوارەدا لێکدانەوەکانیان وەك یەکن‌و، بۆ شیکردنەوەی واتاکانیشیان تەنها فۆڕمی ئیدیۆمەکەیان لەبەرچاو گرتووە.

٣- یەك جۆر پۆلێنیان بۆ پێکهاتەی ئیدیۆم، یاخود رۆنانی سەرەوەی ئیدیۆم کردووە، کە بە پێی بەشەکانی ئاخاوتنە.

---

(49) ن.م.شانسکی (١٩٦٩، ٣٦).

(50) سید جلیل (١٣٦٩: ٥٢٩).

هەوالنامەی کتێب

# بەشی دووەم

# ئیدیۆم و واتا

هەواڵنامەی کتێب

هەورامەی کتێب

## ئیدیۆمو واتا

### یەکەم: ئیدیۆم وەك دانەیەکی واتایی:

ئیدیۆم، بۆ شیکردنەوەی واتا بابەتێکی گرنگە، لەبەر ئەوەی بە ناڕاستەوخۆیی واتایەك دەگەیەنێت، کە لە توخمە بنچینەییەکانییەوە نەهاتووەو زۆر بەهێزەو چەند واتایەك لە خۆیدا کۆدەکاتەوە، جگە لەوەی لە رووی واتاییەوە بەرامبەر بە وشەیە، بۆ سەلماندنی ئەوەی، ئایا ئیدیۆم دانەیەکی پڕاوپڕ واتاییە، پێویستە شیکردنەوەی واتایی بۆ هەر یەك لە فۆڕمەکانی (رستەیی، فرێزیی، وشەیی) ئیدیۆم بکەین، بۆ روونکردنەوەی ئەوەی، کە ئیدیۆم هەرچەندە بە شێوەی جیاو پێکهاتنو رۆنانی جیاوازەوە دەبینرێت، بەڵام لە رووی واتاییەوە یەك یەکەی واتاییەو دەبێتە هێماو ئاماژە بۆچەمکی نوێ، ئەمەش یەکێکە لەو سیفەتە بنەڕەتییانەی، کە ئیدیۆم لە هاوفۆڕمەکانی جیا دەکاتەوە.

یەکێك لەو فۆڕمو قاڵبانەی ئیدیۆمی تێدا دەردەکەوێت بریتییە لە رستە، رستەی ئیدیۆمی جیاوازی لەگەڵ رستەی ئاساییدا هەیە، واتای رستەی ئاسایی لە واتای فەرهەنگی وشەکانو چۆنێتی ریزبوونی یەکە پێکهێنەرەکان لە رستەدا پەیدا دەبێت ((واتای رستە واتای فەرهەنگو رێزمان دەگرێتەوەو ئەمیش لە کۆبوونەوەی واتای وشەکانو لێکدانو ریزبوونی وشەکان پێکدێت))[٥١]، بڕوانە (٣٠)بۆ نموونە:

٣٠) ئاوی باخچەکەی دا.

لە رووی واتاییەوە، ئەم رستەیە لە کۆبوونەوەی واتای فەرهەنگی [<ئاو> <-ی->، <باخچە> <- ەکە>، <- ی->، <-دا>] پێك هاتووە، لەگەڵ بوونی پەیوەندی سینتاکسی لە نێوان ئەم کەرتانەدا، کە لە ئەنجامی لێکدان و رێزبوونی وشەکانەوەیە، لێرەدا هەریەکەیەك بەهای لێکسیمی خۆی پاراستووە. بەڵام زۆر جاریش ئەم یاسایە پڕاوپڕ نییە، واتە کۆکردنەوەی واتای فەرهەنگی وشە لەگەڵ چۆنێتیی خستنە تەکیەکی وشەکان مەرج نییە بکاتە مانای رستەیەکی ئاسایی، بەڵکو جۆرێك لە واتا

(51) محەمەد معروف فتاح: (٢٠٠٥: وانەی خوێندنی باڵا).

دێنێته کایەوە کە جیاوازە لە واتای فەرهەنگیو واتایەکی نوێ دێتە ئاراوە کە هەموو ڕستەکە دەکاتە هێمایەك بۆ یەك هێمابۆکراو، بۆ نموونە:

٣١) ئاوی گوێی دا.

٣٢) سەرە واو لە سکیدا نییە. [هیچ نازانێت، هیچی لە باردا نییە]

٣٣) سەگ بۆنی پێوە ناکات. [ بە شتێکی خراپو نابەجێ دەوترێت]

لێرەدا ناتوانین بڵێین لە ڕووی واتاییەوە ئەم ڕستانە لە کۆبوونەوەی واتای وشەکانی پێك هاتوون،بۆ نموونە هەریەك لە [<ئاو> <- ی->، <گوێ> <- ی->، <-دا>] بەهای لێکسیمی سەربەخۆی خۆیانیان هەیە، بەڵام لێرەدا بە واتای فەرهەنگییان بەکار نەهێندراون و هەموو دەربڕینەکە پێکەوە بوونەتە هێما بۆ واتایەکی تر، کە (ئامۆژگاریکردن) دەگەیەنن، هەموو ڕستەکە پێکەوە بەیەك لێکسیم دادەنرێت و بەهاکەی جیایە لە بەهای کۆکراوەی یەکەکانی، کە پێکی هێناوە. بەم پێیە کۆبوونەوەی واتای وشەکان مەرج نییە هەمووکات واتای ڕستەیەکی ئاسایی بدات کە لە کۆی کەرتە پێکهێنەرەکانییەوە واتاکەی دەست بخرێت، بڕوانە نموونەکانی (٣٤ ، ٣٥، ٣٦، ٣٧).

٣٤) ماست نییە بە لێوییەوە دیار بێت. [بە یەکێك دەوترێت کە هیچی لەبەر چاو نەبێتو حاشا لە هەموو شتێك بکات] .

٣٥) کار لە کار ترازاوە. [تازە کارەکە قەوماوەو لەدەست چووەو چارنییە] .

٣٦) گوێی مسی تێکراوە. [بەرقەوە بە یەکێك دەوترێت کە خۆی کەر بکات لە هەموو شتێك] .

٣٧) لەبەر چاوی نییە. [سپڵەیەو پێنازانێت] .

ئەم جۆرە ڕستانە کە ماناکەیان لە فۆڕمەکەیانەوە پێشبینی ناکرێت، بە ڕستەی ئیدیۆمی دادەنرێت ((واتای ڕستە تەنیا بریتی نییە لە کۆی واتای وشەکانی، کە لە ئینگلیزیدا پێیدەوترێت (کۆمپسشنەڵ و نەن- کۆمپسشنەڵ)، ئەمەش زیاتر لە ئیدیەمدا دەردەکەوێت))[٥٢] لەمەوە دەتوانین دوو جۆری ڕستە لە ڕووی واتاییەوە دیاری بکەین، کە ئەمانەن:

---

[52] محەمەد مەعروف فتاح: (٢٠٠٥: وانەی خوێندنی باڵا).

١-  واتای داڕشتەیی رستە (Compositional): واتای رستەیەك كە بریتی بێت لە كۆی واتای وشەكانی، وەك نموونەی (٣٤).

٢-  واتای نادارِشتەیی رستە (Non-Compositional): واتایەكە، كە لە كۆی واتای بەشە پێكهێنەرەكانییەوە، بەدی ناهێنرێن، ئەم جۆرەیان بە رستەی ئیدیۆمی ناسراوە، وەك نموونەی (٣٥) و، لە هێڵكاری (٢)دا روون كراوەتەوە:

**واتای رستە**

**واتای داڕشتەیی (كۆمبسشنەڵ)** — **رستەی ئاسایی**

**واتای نادارِشتەیی (نەن- كۆمبسشنەڵ)** — **رستەی ئیدیۆمی**

**هێڵكاری ژمارە (٢)**

جیاوازی رستەی ئیدیۆمی لەگەڵ رستەی ئاساییدا ، ئەوەیە كە رستەی ئیدیۆمی ئەو جۆرە رستەیە كە واتاكەی نادارِشتەییەو بە ئامادەكراوی هەیەو لە كاتی ئاخاوتندا دروست ناكرێت‌و لە فەرهەنگیشدا تۆمار دەكرێت و یەك یەكەی واتاییە هەرچەندە فۆڕمی جیاجیاشی هەبێت.

فرێز، فۆڕمی دووەمی ئیدیۆمە، لە رووی واتاوە جیاوازە لە فرێزی ئاسایی، فرێزە ئاساییەكان بە فرێزی داڕشتەیی ناسراون، بەوەی واتای گشتیی فرێزەكە لە واتای دانەدانەی وشەكانییەوە دەست دەكەوێت وەك:

٣٨) گوڵی سوور

٣٩) شاری سلێمانی

٤٠) ئاوی كانی

بەڵام فرێزی ئیدیۆمی بە فرێزی نادارِشتەیی دانراوە، چونكە واتای یەكە پێكهێنەرەكانی، ناكاتە كۆی واتای فرێزەكە بە گشتی وەك:

٤١) ئاگری قوورەت.    [بە كەسێكی زۆر هاروهاج دەوترێ، یان زۆر بەتواناو لێهاتوو بێت ].

٤٢) ئاگری بن کا.      [بە یەکێك دەوترێت بە نهێنـی ئاشـووب بگێڕێـتو زیـان بـە خەڵکی بگەیەنێت].

٤٣) دانی مار.        [زۆر زیرەكو بزێوەو زوو دەگاتە ئەنجام].

بە گشتی فرێزە ئیدیۆمییەکان لە فەرهەنگدا تۆمار دەکرێنو دەبنە هێماو واتای نوێ دەبەخشنو بە ئامادەکراوی لە زماندا هەنو یەك دانەی واتـایینو یـەکێتیی واتـایی بـەتین هەیە لـە نێـوان کەرەسـتەکانیدا، لـەوەدا دەردەکـەوێت کـە ناتوانرێـت، یـان بـە کـەمیی دەتوانرێت کەرتێك لە کەرتـەکانی لابرێـت یـان بگۆڕدرێـت، تەنانـەت وشـەی هاوواتـاش ناتوانرێت، هەروا بە ئاسانی لە بری کەرتەکانی، دابنرێـت، چـونکە دەبنـە هـۆی گـۆڕانی ماناکەی، بۆ نموونە:

٤٤-(ا) پیرێژنی دۆرژاو.        [واتە دۆش داماوو خەفەتبار].

(ب) ژنی پیری دۆرژاو*.

(پ) پیرێژنی شیر رژاو*.

٤٥-(ا)  چقڵی چاو. [واتە وەك چقڵ، دەچەقێتە چاوی ناحەزانو کوێریان دەکات].

(ب) درکی چاو*.

(پ) چقڵی لووت*.

٤٦-(ا) ئاگری بن کا.

(ب) ئاگری سەر کا*.

(پ) ئاگری بن پووش*.

(ت) ئاگری کای بن*.

هەواڵنامەی کتێب

بەڵام واتای فرێزی ئاسایی لەبەر ئەوەی پەیوەنـدی بـە واتـای وشـەپێکهێنەرەکانییەوە هەیە، دەتوانرێت کەرتەکانی پاش و پێش بکرێن و بگۆڕدرێن، بێ ئەوەی واتـای فرێزەکـە بشێوێت، وەك:

٤٧- (أ)  گوڵی جوانی بۆنخۆش.

(ب) گوڵی سووری بۆنخۆش.

(پ) گوڵی ئاڵی سووری بۆنخۆش.

(ت) گوڵی سووری جوان.

(ج) گوڵی سووری بۆندار.

وشەی ئیدیۆمی، شێوەی سێیەمی ئیدیۆمەو جیاوازە لە وشە ئاساییەکانی زمان، واتای وشە بە گشتی بریتییە لە واتای فەرهەنگیی وبنەڕەتی، ئەو وشەیەی کە بۆتە هێما بۆی، ((واتای وشە، واتای فەرهەنگیی وشەیە))[٥٣]، وشە لە زمانی کوردیدا لە رووی رۆنانەوە بەسەر وشەی سادەو دارێـژراوو لێکدراودا دابەش کراوە، لە رووی واتاشەوە وشەی روونو تاریك یان لێڵیان لێ دەستنیشان کراوە، هەرچی وشە واتا روونەکانە ئەو جۆرەی وشە لێکدراوەکان پێکدێنن، کە واتاکانیان لە بەشە پێکهێنەرەکانیانەوە بە دەست دەخرێن، هەندێ وشە روونو ئاشکران، کەچی هەندێ وشەی تر روونو ئاشکرا نین، وشەی روونو ئاشکرا ئەو وشانەن کە بە گشتی واتاکانیان لە توخمە بنچینەییەکانیانەوە دەستنیشان کراوە[٥٤] بۆ نموونە:

٤٨ –(ا) ماستاو.

(ب) گوڵاو.

(پ) گوڵاڵە سوورە.

واتای ئەم وشانە دەتوانرێت بە هۆی زانینی واتای فەرهەنگیی هەریەك لە بەشە پێکهێنەرەکانی [<ماست>، <ئاو>، <گوڵ>، <ئاو>...]بە دەست بخرێتو واتای وشە لێکدراوە نوێیەکە لە کۆی واتای فەرهەنگیی توخمە بنچینەییەکانی پێك هاتووە.

وشە لێڵەکانیش، ئەوانەن کە واتاکانیان لە فۆڕمەکانیانەوە بەدەست ناخرێنو لە رووی رۆنانەوە وشە سادەکان وەك (٤٩) و، جۆری دووەمی وشە لێکدراوەکان کە (ئیدیۆمەکان ) بڕوانە نموونەی (٥٠)، فۆڕمەکەیان پێکدێنن ( بۆ زانیاری زیاتریش بڕوانە هێڵکاری ژمارە(٢٢)):

٤٩ –(ا) بەرد

(ب)میوە

ئیدیۆمەکانیش وەك:

٥٠ –(ا) زۆربڵێ

[53] محەمەد مەعروف فەتاح: (١٩٩٨: وانەکانی خوێندنی باڵا).

[54] بڕوانە: کلۆد جێرمان، ڕیمۆ لۆبلان: (٢٠٠٦: ١٤).

(ب) مل کەچ

(پ) زمان پاراو

(ت) خەیاڵ پڵاو

واتای ئەم وشانە، لە زانین‌وکۆی واتای فەرهەنگی وشە پێکهێنەرەکانیان بە دەست ناخرێن، لەبەر ئەوەیە لە رووی واتاییەوە بە تاریك یان لێڵ دانراون، بە تایبەت ئەم چەشنەی وشەی لێکدراو، کە جۆرێکیان ئیدیۆمەکانن، وەك وشە سادەکان وانو، وەك یەك یەکە لە رووی واتاو رۆنانیشەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت و بوونەتە هێماو لێکسیمی نوێو ئاماژە بە چەمکی نوێ دەدەن‌و هەریەك لە وشە پێکهێنەرانەکانی نموونەی (٥٠) [ <زۆر> ، <بڵێ> ، <مل> ، <کەچ> ، <زمان> ، <پاراو>، <خەیاڵ> ، <پڵاو> ] کە پێکی هێناون راستە واتای فەرهەنگیی سەربەخۆی خۆیانیان هەیە، بەڵام لێرەدا بەو واتایە بەکار ناهێنرێن‌و بوونەتە هەڵگری واتایەکی نوێ، بۆ نموونە ئیدیۆمی (ملکەچ) بە واتای (شەرمەزار، خەفەتبار، نائومێد، ناچار) بەکار دەهێندرێن، ئیدیۆمی (زمانپاراو) بە واتای (زمانزان، قسەزان، قسەخۆش) بەکار دەهێندرێن، لەبەر ئەوەیە ئیدیۆمەکان ئەو جۆرەی وشەکانن کە بە واتای فەرهەنگییان بەکار نایەن‌و خۆیان دەبنە هێمای نوێ، (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:٣/٥-٣).

بەم شێوەیە ئیدیۆم یەکەیەکی پڕاوپڕ واتاییەو چەشنێکی لێکسیم پێکدێنێت (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ٣/٦- ٢).

### دووەم: ئیدیۆم و پۆلێنکردنی واتایی:

وشەکان بە دارِشتەیی‌و نادارِشتەیی واتایانەوە هێمان‌و ئاماژە بەو چەمك‌و بیرانە دەدەن کە بوونەتە ناو بۆیان، لە زانستی زماندا، بە لێکسیم ناسراون‌و ئەو یەکانەی کە لە رووی واتاییەوە دەستنیشان کراون بە لێکسیم ناو دەبرێن.

نادارِشتەیی واتایی (لێڵیی واتایی) سیفەتێکی سەرەکی لێکسیمە، لە هەمان کاتیشدا یەکێکە لەو دوو مەرجە سەرەکییەی دەربرِینێك بۆ ئەوەی بە ئیدیۆم دابنرێت، لەبەر ئەوەیە ئیدیۆم لێکسیمەو هەمان رۆڵی وشەی هەیەو یەکواتایی پیشان دەدات (بڕوانە: ٣/٦-٢).

ئیدیۆمەکان دەربڕینە فەرهەنگییەکان (پیتییەکان) نین و واتاکانیان نادارشتەییەو واتای فەرهەنگیی یەکەکانی ناکاتە واتای ئیدیۆمەکە بە گشتی، لەبەر ئەوەیە لە رووی واتاییەوە بە شێوەیەکی گشتی لێڵن و پێویستە بۆ زانینی ماناکانیان، لە فەرهەنگدا واتاکانیان لێك بدرێتەوەو دیاری بکرێت، (**Makkai**) دەڵێت: ((یەکێك لە خەسڵەتە گرنگەکانی ئیدیۆم ئەوەیە کە بۆ شیکردنەوە لێڵ بێت))[٥٥]. لێڵی واتایی ئیدیۆم کە سیمایەکی سەرەکی دەربڕینێکە بۆ ئەوەی ببێتە ئیدیۆم، لە لایەن زمانەوانانەوە رادەو پلەی جیاوازی بۆ دیاری کراوەو ئەمەش بۆتە پێوەری پۆلێنکردنی ئیدیۆمەکان لە رووی واتاییەوە، لەو زمانەوانانەش (Fernando & Flavell)[٥٦] لە رووی لێڵی و روونی واتای ئیدیۆمەوە چوار پۆلیان وەك پێوەر دیاری کردووەو، دواتر ئەم بیرۆکەیە لە لایەن (Ullman)ەوە فراوان کراو پەرەی پێدرا. پۆلێنەکەش بریتییە لە دابەشکردنی ئیدیۆم لە پلەی روونیی واتاییەوە تا لێڵیی واتایی تەواو.

لەبەر رووناکی ئەم پۆلێنە ئیدیۆمی کوردی لە رووی واتاییەوە شی دەکەینەوەو رادەو پلەی جیاوازی روونیو لێڵیی واتاییان بەم شێوەیە دەخەینە روو:

١- **روونیی واتای ئیدیۆم:** لەم پلەیەدا، گۆڕانێکی کەم لە واتای یەکێك لە کەرتەکانی یان هەموو بەشە پێکهێنەرەکانی دەربڕینە ئیدیۆمییەکە روو دەدات، لێرەدا واتای فەرهەنگیی دەربڕینەکە لەگەڵ واتای ئیدیۆمیدا نزیکن لەیەکەوە، یان ئەو دەربڕینە بەو واتا ئیدیۆمییەی کە بەکار هێنراوە، سیمایەکە لە واتای فەرهەنگیی وشەکانیدا هەیەو لێی دوور ناکەوێتەوە، لێرەدا ئەم سیمایە خراوەتە بەر رووناکی و ئاسانە بۆ تێگەیشتن و زۆر بەئاسانی دەتوانرێ لەگەڵ واتای فەرهەنگییاندا بەراورد بکرێن ((ئەو گۆڕانە کەمەی لە واتای کەرتی دووەمدا هەستی پێ دەکرێ، بە گۆڕان دانانرێ، چونکە لە راستیدا لە واتای بنەڕەتیی وشەکاندا هەیە،... ئەو خواستنەی تیایاندا هەیە سواوەو ئەوەندە بڵاوە لە زماندا دەتوانین بە خوازەی دانەنێین))[٥٧] وەك:

٥١) دڵ وریا ⟵ بە واتە ﴿کەسێکی بەئاگا، وشیار، بزێو، زیتەڵ...﴾ .

[55] Salam Hurmiz (2002: 28).

[56] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[57] محەمەد معروف فەتاح: (١٩٨٦: ١٠-١١).

٥٢) دڵ مردوو ←——— بە واتە ﴿کەسێکی بیٚ زەوق﴾ .

٥٣) سەرسووك ←——— بە واتە [ ئەرکی بەسەرەوە نییە، دڵ ئاسوودەیە ] .

٢- **نیمچە روونیی واتایی:** لەم جۆرەیاندا پەیوەندییەکی خوازەیی روون هەیە، لە نێوان واتای فەرهەنگی و ئیدیۆمی دەربڕینەکەدا، بە واتایەکی تر ئەو وێنەیەی ئیدیۆمەکە دروستی دەکات، نزیکە لەو وێنەیەی کە لە واتا بنەڕەتیەکەوە دەگەیەنریٚ، بۆیە پێویستمان بە زانینی قووڵ و زانیاری زۆر نییە و چیرۆکێکی ئاڵۆز لە پشتی واتاکەوە نییەو، لەبەر ئەوە ئەو واتایەی ئیدیۆمەکە دەیگەیەنیٚ، نزیکە لەو وێنەیەی کە خوازەکە دروستی دەکات. وەك:

٥٤) ئاوی کردە ژێر.

٥٥) بە بەردێك دوو چۆلەکە دەکوژێت.

٥٦) بەشووی دا.

لەم جۆرەدا، تەنیا دەوروبەر بڕیار دەدات، کە چ واتایەکمان مەبەستە، واتای فەرهەنگی، یان ئیدیۆمی، چونکە هەردوو چەشنە واتاکە شانبەشانی یەکتر لای قسەکەر دروست دەبن.

٣- **نیمچە لێڵیی واتایی:** لێرەدا، واتای ئیدیۆمی زاڵترە بەسەر واتای فەرهەنگیداو پێویستمان بە زانینی قووڵ و زانیاری دەبێت، بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوەی ئیدیۆم، چونکە چیرۆکێکی ئاڵۆز یان رووداوێك لە پشتی واتاکەیەوەیەتیو ئەو پەیوەندییەی لە نێوانیاندا هەبووە لە ئێستای زماندا نەماوە، وەك:

٥٧) بووە بە جەنگی مەغلوبە. بە واتای فەرهەنگی[بەو سەر لێشێواوییە دەوترێت کە توشی سوپایەکی شکاو دەبێتەوەو هەر کەس دەیەوێت خۆی دەرباز بکات، هاواری بەزیو و سەرکەوتوو لەو شوێنەدا بەیەکدا دەچن].

بە واتای ئیدیۆمی [ بە شوێنێك دەوترێت کە هاوارو هەرای تێدا بێت وەك شوێنی شکانی ئەو سوپایە] .

٥٨) سەگەناز دەکات. بە واتای فەرهەنگی [ سەگەناز دەردێکی کوشندەیە توشی سەگ دەبێت ] .

هەواڵنامەی کتێب

بە واتای ئیدیۆمی [ بۆ سوکایەتیکردن بـە کەسـێك کـە لـە کـاتی گیانکێـشاندا بێـت، دەوترێت] .

٥٩) بووە بە خوێنی سیاوەحش. لە فەرهەنگدا [ بۆ ئەو روداوە دەگەڕێتەوە کە تیایدا سیاوەحشی کوری کەیکاوسی دووەم کە شای کەیانییەکان بووە لـە ئێرانـدا، بـە دەسـتی ئەفراسیابی شای تورکستان کوژراوە، بووە بە هۆی رشتنی خوێنێکی زۆر].

بە واتای ئیدیۆمی [بە ئاژاوەو ناکۆکییەك، یان قـسەیەك دێـت کـە کۆتـایی نەیـەتو بخایەنێت].

٤- **لێڵـی تـەواو:** لێـرەدا، ئیـدیۆم واتاکـەی تـەواو لێڵـەو لـە مانـای کەرتەکانییـەوە دوورکەوتۆتەوە، بە جۆرێك کە شیکردنەوەی هەروا ئاسان نییەو بۆ لێکدانەوەو تێگەیشتن لێی پێویستمان بە یاسا واتاییەکانە ، ئەم لێڵییەش لە ئەنجامی بەزاندنی پێـــــرەوە بـاوە واتایـــــــیەکانەوە هاتـــــــۆتـــــــە ئاراوە، ((ئیدیۆمـەکان، ئەوەنـدەی یاسـاو بـەهاو نیشانە سیمانتیکییەکان دەبەزێننو جێبەجێی ناکەن، ئەوەندە یاسـای پێکهاتـەیی فرێـزو رستە ئاساییەکانی زمان نابەزێنن))[٥٨] .

جگە لەوەش هەندێ وشـە لـە پێکهاتەیانـدا ئـەم جۆرەیانـدا هەیـە، کـە لـە ئێـستای زمانەکەدا ئەکتیڤ نینو بەکار نایەن و تەنیا لـەناو ئـەو ئیدیۆمانـەدا ماونەتـەوەو بـەکار دەهێندرێن. وەك:

٦٠) ئەم قەوانە هەر نەبرایەوە. [ بۆ بێزاری دەوترێت، کاتێك قـسەیەك یـان باسـێك هەر بکرێتو بکرێتەوە].

٦١) کۆستی کەوتووە. [ بە یەکێك دەڵێن کە پشتو پـەنای نـەمابێت، یـان تووشـی خەفەتێکی گەورە بووبێت].

٦٢) ژەقنەمووت. [لە (زق الموت) ی عەرەبییەوە هاتووە] .

٦٣) شفتەژێ. [بەو ژنە دەوترێت کە یەك بە دوای یەکدا منالّی دەبێت].

٦٤) لافو گەزاف لێدەدات. [بە کەسێك دەوترێت کـە خـۆی هەڵبکێـشێت، یـان شانازی بە کەسێکەوە بکات].

---

(58) sama kais (2003: 49).

ئەم جۆرەیان، لە رووی پێکهاتن و فۆڕمیشەوە لێڵە، بەواتا زۆر مل بۆ یاساکانی زمان نادات، بۆتە قاڵب و چەسپاوە، هەرچەندە لە پێکهاتەدا چونییەکە لەگەڵ پێکهاتەکانی تری زماندا، بەڵام لە فۆڕمدا، سڕو بەستەڵەکە و کەم خۆی لە هەموو گۆڕانە سینتاکسیەکان دەدات، وەك گواستنەوەکان و تێئاخنین و جێگۆرکێ و...تاد، بڕوانە بەشی (١/٣)، وەك:

٦٥) چنگ لەسەرشان. [بە هەڵەداوان، زۆر بە خێرایی].

٦٦) یەك شەوە. [بە کەسێك دەوترێت شانس یاری بێت].

٦٧) کونەبا . [سەرچاوەی فیتنەو ئاژاوەیە].

٦٨) دەزووی وشك دانییەتی. [بە کەسێك دەوترێت هەموو گیانی تەڕ بووبێت].

ئەم جۆرە، بەو پێیەی واتاکەی لێڵە، بۆ تێگەیشتن لێی، پێویستمان بە لێکۆڵینەوەی ئیتمۆلۆجی و یاسا واتاییەکانە.

جۆری چوارەم بە ئیدیۆمی تەواو دانراوە، لەبەر ئەوەی یەکێك لەو دوو بنەمایەی کە دەبێت لە ئیدیۆمدا هەبێ تیایدا بەرجەستەیە، کە ئەویش لێڵیی واتاییە، ئیدیۆم چەندە لە رووی واتاوە لێڵ بێت ئەوەندەش لە رووی فۆڕمەوە چەسپاوە، لەمەوە دەتوانین بنەمای ئیدیۆمی تەواو دیاری بکەین، کە ئەوانیش:

**١- تەواو لێڵی واتایی. ٢- فۆڕم چەسپاوو بە قاڵببوو .**

## سێیەم: پەیوەندی نێوان واتاو فۆڕمی ئیدیۆم:

(Fernando & Flavell 1981)[٥٩] دوو زانان لەو باوەڕەدان، کە ئیدیۆم ناتوانرێ، بە هۆی ڕێسا بەرهەمهێنەرەکانی ڕێزمانەوە روون بکرێتەوە، چونکە پێکهاتەی سینتاکسی بە تەنیا ناتوانێت ئەو واتایە بدات، کە دەربڕینێکی ئیدیۆمی دەیبەخشێت، ئیدیۆم لە ئەنجامی پەرەسەندنی مێژووییەوە دروست بووەو واتای ئیدیۆم بە گشتی تەنیا لەگەڵ فۆڕمەکانیاندا هاوبەشی مێژوویان هەیە، لەبەر ئەوەیە ئەم دووانە (واتاو فۆڕم) سەرچاوەی بوون بە ئیدیۆمین، ئەو فۆڕمەی، کە واتای فەرهەنگیی هەبووەو لە ئەنجامی فراوانبوونی دەوروبەر، یان حاڵەتێك بە بەردەوامی ڕۆژانە بەکارهێنراوەو ئێستا

(59) Salam Hurmiz (2002: 56).

(دەوروبەر) و ئەو حاڵەتەی وتنەکەی تیا وتراوە، بە شێوەیەکی سینکرۆنی بوونی نەماوە، ئەمە بۆتە هۆی پەیدا بوونی، بۆیە دەربڕینی ئیدیۆمی ئەو چەشنەی، کە بە تەواوی لێڵن، ناتوانرێ بە هۆی هاوواتا نزیکەکانییەوە پارافرێزبکرێ، بە واتا ناتوانین فۆڕمەکەشیان بگۆڕین، وەك:

٦٩) بەگژ قولەی قافدا دەچێت. [بە کەسێك دەوترێت، سڵ لە هیچ کەس ناکاتەوە].

٧٠) پێی لێ کردە کەوش. [زۆری لێکرد، بیانووی پێگرت].

٧١) جاو دەنێتەوە. [بە کەسێك دەوترێت، زۆر بێت و بچێت].

بەڵام دەربڕینی ئیدیۆمی هەیە، کە دەتوانرێت هاوواتاکانیان بەدوو، یان سێ فۆڕم دەربڕدرێت، هەمان واتا بگەیەنن، بڕوانە نموونەی (٧٢، ٧٣ ،٧٤، ٧٥، ٧٦):

٧٢ -(أ) پێی خوار داناوە. [بە کەسێك دەوترێت، هەڵەیەك یان شتێکی نابەجێ بکات].

(ب) قاچی خوار داناوە.

٧٣-(ا) لە پەلو پۆ کەوتووە.[ زۆر ماندووە ، زۆر نەخۆشە ، یان زۆر پیرە ].

(ب) لە دەستو قاچ کەوتووە.

(پ) لە پێ کەوتووە.

٧٤-(ا) سەر کوتی کرد.[ زۆری پێدا هەڵشاخا، چەواشەی کرد].

(ب) سەر کوێری کرد.

٧٥-(ا) زمانی سوا.[ هێندەی لەگەڵ وت سودی نەبوو].

(ب) زمانی کول بوو.

٧٦-(ا) بەرد بە با دەکات.[ توڕەو دەمارگیر بووە، ئەوەی دەیلێت نایلێتەوە].

(ب) بەرد بە ئاو دەکات.

یا ئیدیۆم هەیە دەتوانرێ بە فۆڕمی جیاجیا دەربڕدرێت و واتای ئیدیۆمیان لەیەکەوە نزیکبن، بڕوانە نموونەی (٧٧، ٧٨، ٧٩، ٨٠)، وەك:

٧٧-(أ) کۆستی کەوتووە.[ خەفەتبارە، دۆشداماوە بە هۆی زیانی زۆرەوە].

هەواڵنامەی کتێب

(ب)  لێو بەبارە.

(پ)  پاپۆرەکەی نوقم بووە.

٧٨-(ا)  پاشا گەردانیە.[ شیرازە تێك چووەو کەس گوێ ناداتە کەس، هەر کەس بۆ خۆیەتی، زۆرو ستەم لەئارادایە].

(ب)  شاری بێ حاکمە.

٧٩-(ا)  هەرچیو پەرچی.[ بە کۆمەڵە کەسێك دەوترێت کە سەرسەریو هیچو پووچ بنو هیچ لەباردا نەبووبن] .

(ب)   ناکەس بەچە.

٨٠-(ا)   ئەمرۆ بە سبەیم پێ مەکە.[ ئەم سەرو ئەو سەرم پێمەکە، مەم خەڵەتێنە].

(ب)  دەستی دەستیم پێ مەکە.

ئیدیۆم وەك یەکەیەکی تری زانیاری زمانەوانی، پێکهاتەیەکن، کە رەگەزەکانی فۆرمو واتا پێکەوە دەبەستنەوە، نەك وەك پێشتر تەنها گرنگی بەواتاکەی دەدراو فۆرمەکەی پشت گوێ خرابوو. فۆرمی ئیدیۆم پەیوەستە بە واتاکەیەوە، تا ماناکەی تەواو لێڵ بێت، ئەوا فۆرمەکەی چەسپاوو جێگیرەو بە پێچەوانەشەوە واتاکەی روون بێت ئەوا فۆرمەکەیان رێگە بە گۆڕانکاری و دەستکاریکردن دەدەن بێ ئەوەی واتای ئیدیۆمیان تێکبچێت، بڕوانە (٣/١-٣)، بەم پێیە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان فۆرمو واتای ئیدیۆمدا هەیەو هەردووکیان وابەستەی یەکترن، لە ئیدیۆمی تەواودا، بە گۆڕینی فۆرم واتاکەش دەگۆڕێتو دەربڕینەکە لە ئیدیۆمییەوە دەبێتە دەربڕینی ئاسایی، وەك:

٨١ –(ا)  بەردی بن گۆم.        [بە کەسێك دەوترێت، دەنگو رەنگی نەمێنێت].

(ب) بەردی بن ئاو.     دەربڕینی ئاسایی.

**چوارەم: واتای ئیدیۆمی:**

بە پێی ئەو پۆلێنەی کە لە (٢-٢) ئاماژەمان پێدا، ئیدیۆمەکان بە پێی پلەی لێڵی و روونییان بۆ چوار گرووپ دابەشکراون، کە تیایدا بەپێی رادەی لێڵی و روونی واتاییان جیا کراونەتەوە، جۆرێکیان ئەوانەن کە واتای فەرهەنگی و ئیدیۆمیان شانبەشانی یەکترن، ئەوەی جێی مشتومڕی زمانەوانان بووە، ئەوەیە کە چۆن ئیدیۆم بە واتای فەرهەنگی، یان ئیدیۆمی لە کاتی ئاخاوتندا لای بەرامبەر دروست دەبێت؟ بەرامبەر

چۆن دەزانێت کام واتایە مەبەستە، یان بۆچی دەربڕینێکی ئیدیۆمی، کە هەر هەمان فۆرمی زمانییەو ئاسایی لە ئاخاوتندا بەکار دەهێندرێن و واتای ئیدیۆمیش دەبەخشێت، گوێگر بەم واتایەوە وەری دەگرێت.

لە سەرەتادا بۆ تێگەیشتن لە واتای ئیدیۆم، تیۆری یەکتربڕینی واتایی پەیڕەو دەکرا ، کە بریتییە لە یەکتربڕینی سیمانتیکی چەندبارەبووەوە، لەم بارەیەوە ( Stephan Gramly & Patzold)[٦٠] پێیان وایە ئیدیۆمەکان پلەی جیاواز پیشان دەدەن لە لێڵیی سیمانتیکیداو یەکتربڕی سیمانتیکی چەند بارەبووەوە، واتای وانییە کە هەموو ئیدیۆمەکان وەکویەك لە شیکردنەوەدا گرانن، زانینی دنیایی لەو پلەیەدا ڕۆڵ دەبینێت، کاتێك کە ئاخێوەرەکان هەست دەکەن واتای ئیدیۆمی لێڵە و، زۆر ئیدیۆم لە بنەڕەتە میتافۆرییەکەی دوورکەوتۆتەوە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی هەندێ لەئاخێوەر بنەڕەتەکەی بزانن‌و، هەندێکی تر بێ ئاگابن لەو بنەڕەتەو، ئەمەش وادەکات پرۆسەی تێگەیشتن لای هەندێك ئاسان و لای هەندێکی تر ئالۆز بێت و، گران پرۆسەکە بە ئاکام بگات، وەك:

٨٢) خوڤانە نییە. لە فەرهەنگدا [خوڤانە ئەو شوێنەیە کە جل‌و بەرگی تێدا ڕەنگ دەکرێت‌و کارکردن تیایدا ئاسانە].

بە واتای ئیدیۆمی [لەو حاڵەتەدا دەوترێت کە مرۆڤ مەرامی هەرچییەك بێت یەکسەرو بێ دواکەوتن بۆی جێ بەجێ بکرێت].

٨٣) لەگرێژەنە چووە. لە فەرهەنگدا [گرێژەنە ئەو شوێنەیە کە دەرگای جاران تیایدا دەوەستێنراو دەخولایەوە. شوێنەکە کەمێك چاڵ بوو، کە زمانەی بنی دەرگاکە لەو چاڵە دەربچوایە دەرگاکە دەکەوت. دەرگاکە لە گرێژەنە دەردەچوو بەواتا ئەوشتە شیرازەی تێکچووە].

بە واتای ئیدیۆمی [بە کەسێك دەوترێت کە لە شیرازە دەرچووبێت] .

٨٤) پایزەبرا. لە فەرهەنگدا [ بەو هەژارانەی کە لە پایزدا بۆ خەرمان دەردەکەون‌و دێنە سەر خەرمان، دەوترێت ].

---

[60] Stephan and patzold (2004: 27).

بە واتای ئیدیۆمی [بە یەکێك دەوترێت کە درەنگ درەنگ دەرکەوێتو کاتێکیش دەرەکەوێت کە کارێکی پێت بێت ].

لەو ئیدیۆمانەی سەرەوەدا، هەریەك لە (خومخانە نییە، لە گرێژەنە چووە، پایزە برا)، گەر بنەڕەت و بنەمای نەزانرێت، تێگەیشتن دروست نابێت، بەواتا زانینی دنیایی رۆڵ دەبینێت بۆ تێگەیشتن لە واتای ئیدیۆمی.

یەکتربڕینی واتایی بۆ تێگەیشتن لە واتای ئیدیۆم زۆر بەربڵاو نییەو خوێنەر، یان گوێگرێکی کەم تاقیکردنەوەی یەکتربڕینی واتایی چەندبارەبۆوە جێبەجێ دەکەن، بۆ ئەوەی پەیوەندی لە نێوان واتای فەرهەنگی و واتای ئیدیۆمی دەربڕینە ئیدیۆمییەکەدا بدۆزنەوەو بەمەش لە واتای ئیدیۆمی بگەن، چونکە ئەم شیکردنەوەیە گرانەو هەروا بەئاسانی لە کاتی ئاخاوتندا ناکرێت و ئیدیۆمیش یەکەیەکی وتنە، لەبەر ئەوە لێرەدا دەپرسین: ئایا هۆکاری تر چییە بۆ ناسینەوەی دەربڕاوێك کە ئیدیۆم بێت؟، یان بە واتای ئیدیۆمی بەکار بهێنرێت ؟! زۆر دەربڕاو دوو واتایان هەیە، واتایەکی فەرهەنگی و یەکێکی ئیدیۆمی، چۆن بزانرێت کامیان مەبەستە، یان بە چ واتایەکیان بەکار دەهێندرێن ؟، ئایا واتای ئیدیۆمی سەرچاوەی پەیدا بوونی بۆ کوێ دەگەڕێتەوە؟.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەمانە، گرنگترین هۆکار بۆ تێگەیشتن لە واتای ئیدیۆمی و دیاریکردنی مەبەستی قسەکەر، یان ئاخێوەر، دەوروبەرو حاڵەتی کۆمەڵایەتی و دۆخی قسەکەر بڕیار دەدەن، چ واتایەك مەبەستە، لەمەشەوە دەچینە باسی ئیدیۆم و پراگماتیك کە لەپاری داهاتوودا لێی دەدوێین.

سەرچاوەی دروستبوونی واتای ئیدیۆمیو چۆنێتی تێگەیشتن لە واتای ئیدیۆمی، لە لایەن زمانەوانانەوە تاوتوێی زۆری لەسەرکراوەو لە پێناو ئەم مەبەستەشدا، بۆچوون و گریمانەی زۆر هاتوونەتە ئاراوە، کە هەر یەکەیان لە تێڕوانینی جیاجیاوە لێکدانەوەیان بۆ بابەتەکە کردووە، لەوانە:(٦١)

١- **بۆچوونی تەقلیدی:** پێی وایە، دەربڕینە ئیدیۆمییەکان، بریتین لە میتافۆڕە مردووەکان و لە سەرەتادا میتافۆڕ بوون، دوایی میتافۆڕە بنەڕەتیەکەیان ونکردووە، ئەمەش بە تێپەڕبوونی کات و بەکارهێنانیان و بە بەردەوامی بۆتە هۆی چەسپاندنیان لە

---

(61) Rosa Elena (2002: 75-85).

زماندا، ئەم دەربڕینانە لە فەرهەنگدا بوونیان هەیەو لای قسەپێکەرانی زمانی دایک، وەك یەکەیەکی سیمانتیکی بە قاڵبوو و وەك میتافۆڕی مردوو هەن و بەکار دەهێندرێن. وەك:

٨٥) ئەڵقە لەگوێ. [بە کەسێك دەوترێت کە وەك کۆیلە وایەو نۆکەرێکی گوێڕایەڵەو بێ بیرکردنەوە چی پێ بووترێت دەیکات].

٨٦) بلّقی سەرئاو. [کەم بەهاو کەم خایەن بێت] .

٨٧) ئاگری بن کا. [بە کەسێکی ئاشوبگێرو ئاژاوەچی دەوترێت] .

٢- **گریمانەی نواندنی لێکسیکی:** لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر لەم بوارەدا، بەئەنجام گەیەنراوەو بە گشتی لەدوو مۆدێلدا دەردەکەون، کە ئەوانیش مۆدێلی ناداڕشتەیی و داڕشتەییە بۆ تێگەیشتن لە واتای ئیدیۆم، مۆدێلی یەکەم کە ناداڕشتەییە، پێی وایە کە ئیدیۆمەکان، وەك زنجیرەی ناداڕشتەیی لە فەرهەنگدا نوێنراون، بۆ تێگەیشتن لە واتاکەی، گوێگر پێویستە یەکەمجار کارلێك لەگەڵ واتای فەرهەنگییدا بکات، ئەگەر زانی ئەم واتایە هیچ تێگەیشتنێك بەدی ناهێنێت، پاشان راڤەی واتایی بۆ بکات، ئینجا تێگەیشتن روو دەدات، پێیان وایە دەبێت هاوسەنگ بوون لە نێوان هەردوو واتای فەرهەنگی و ئیدیۆمیدا هەبێت.

٨٨) دوور دەروانێت. بە واتای ئیدیۆمی [لە کارو ئەنجامەکەی چاك دەکۆڵێتەوەو ئەو سەری لێکدەداتەوە].

٨٩) بەشووی دا. بە واتای ئیدیۆمی [داوی بۆ نایەوەو توشی کرد، پشتی تێکرد] .

٩٠) لای لێ دەکاتەوە. بە واتای ئیدیۆمی [ یارمەتیی دەدات].

٩١) هەڵی بڕی. بە واتای ئیدیۆمی [راوی نا، دەرپیەڕاند] .

بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونەشەوە، (Gibbs) دەڵێت: ((دۆزینەوەی ئیدیۆمەکان خێراتر راڤە دەکرێت، وەك لە زنجیرە پیتییەکان لەبەر ئەوە هیچ پێویست بە کارلێکردنی فەرهەنگیی ناکات و پێویستیش نییە رووبدات))[٦٢]. بە گشتیو بە پێی ئەم مۆدێلە هەردوو واتای فەرهەنگی و ئیدیۆمی پێکەوە خەزنکراون، یان ئیدیۆمەکە لەپێشدا تۆمار

---

[62] هەمان سەرچاوەی پێشوو (٢٠٠٢: ٨٧).

هەواڵنامەی کتێب

کراوە، هەردوو خوێندنەوەکە پێکەوە دەخرێنە کارو هەر ئەوەندەی یەکەم وشە لە زنجیرە ئیدیۆمییەکە وترا، بەرامبەر تێ دەگات مەبەست واتای ئیدیۆمە، یان فەرهەنگییە.

دووەم مۆدێل، کە دارِشتەییە لە نواندنی لێکسیکی ئیدیۆمەکاندا، پێی وایە کە واتای ئیدیۆم پەیوەندیدارە بەو واتایەی لە مانای زنجیرە پیتیەکەیەوە وەدەست دەخرێت و پلەی ئەو پەیوەندیەش، جیاوازە لە نێوان ئیدیۆمەکانداو هیچ ئیدیۆمێکیش بە تەواوی دارِشتەیی نییە( بڕوانە (١/٢-٥)).

بە پێی گریمانەی میتافۆری چەمکی[٦٣]، کە دەچێتە چوارچێوەی ئەم مۆدێلەوە، میتافۆر رۆڵێکی گرنگی هەیە لە تێگەیشتنی خەڵکی بۆ زمان بە گشتی و لە تێگەیشتنی دەربڕینە ئیدیۆمییەکان بە تایبەتی، لەم گریمانەیەدا مێشك بە زبڵدان دانراوەو بیرۆکەکانیش بوونە ئاساییەکانن، ئیدیۆم پێویست ناکات بەشێوەی سەربەخۆ لە مێشکدا بنوێنرێن، ئەوان درکپێکراون لە رێگەی پێش بوون بە زنجیرە وێنە میتافۆرییەکان، بۆ نموونە:

٩٢) لە دەست دەرچووە. بە واتای ئیدیۆمی [ بەرەڵابووە، پەکی کەوتووە ].

٩٣) دوو شەشیەتی. بە واتای ئیدیۆمی [ سەرکەوتووەو بەخت یاریەتی ].

٩٤) هەڵی کێشا. بە واتای ئیدیۆمی [ هەڵی نا، بەرزی کردەوە].

٩٥) ئاسنی سارد دەکوتێت. بە واتای ئیدیۆمی [ خۆی بە کارێکی بێ ئەنجامو بێهودە ماندوو دەکات].

**٣- گریمانەی بە پرۆسەکردنی ئیدیۆم:**

ئەم گریمانەیە، جەخت لەسەر یەکەیەکی دیاریکراو دەکات و ئاماژە بەوە دەدا، کە چەند یەکەیەکی دیاریکراو لە دەربڕینە ئیدیۆمییەکان، لەوانەیە ئاماژە بەواتا میتافۆرییەکەیان بدەن، یان قورسایی واتای ئیدیۆمی هەڵگرتووە، کە ئەم یەکەیە کرۆکی ئیدیۆمەو دەتوانین بە چەقی ئیدیۆمی ناوزەندی بکەین، لەبەر ئەوە پرۆسێسکردنی ئەو دەربڕینانە، پشت بە دەرککردنی ئاخێوەر بەو یەکەیە دەبەستێ کە پێی دەوترێ (سەری ئیدیۆمی- وشەی سەرەکی) و خەڵکی بۆ تێگەیشتن لە واتاکەی هەموو ئیدیۆمەکان لە مێشکدا شی ناکەنەوەو ، تەنیا سەری ئیدیۆمەکە لێکدەدەنەوە.

---

(63) Salam Hurmiz (2002: 57).

هەولێرنامەی کتێب

( 1989 Stock )[٦٤] لە ڕێبازەکەی کە لە بارەی شیکارکردنی لێڵییە، لە سەرەتاوە دەڵێت کە ڕاڤەکردنی ئیدیۆمی و نائیدیۆمی بە هاوتەریبی پرۆسە دەکرێن‌و، ئەرکێکی هێڵکاریی دەرەکی پێشینەیی دەدات بۆ شیکردنەوەیان، دواتر (Stock) بە دوای شیکردنەوەی ئیدیۆمی دەگەڕێت و دەڵێت: یەکەم وشە کە ڕووبەڕووی دەبینەوە، بەهۆیەوە دەتوانین دەربڕینەکە دیاری بکەین بزانین کە ئایا ئیدیۆمە یاخود دەربڕینی ئاساییەو لێڵییەکەی دەکرێ شی بکەینەوە، بۆ نموونە کاتێك لە بارەی بێ ئاگایی کەسێك لە شتێك دەوترێت:

٩٦) لە بێخەبەران کەشکەك سلاوات.

لێرەدا کە ڕوبەڕووی یەکەم وشەی ئیدیۆمەکە ( لە بێخەبەران) دەبینەوە، ئەگەر بەرامبەر ئیدیۆمەکە تەواویش نەکات ئەوا تێدەگەین.

یان دەوترێت:


٩٧) لە گوێی گادا نوستووە.

یان کەسێك لە کاردا یان قسەکردندا زۆر بڕوات‌و لە سنوور دەربچێت دەوترێت:

٩٨) شوڵی لێ هەڵماڵی.

لێرەدا هەر بە وەرگرتنی یەکەم وشەی ئیدیۆمەکە، وەك ( لە بێخەبەران، لە گوێی، شوڵی لێ) لە لایەن بەرامبەرەوە، دەتوانێت ئیدیۆمەکە تەواو بکات‌و لە واتاکەشی بگات، وەك لە هێڵکاری (٣)دا ڕوون کراوەتەوە:

(64) Edwin Williams (1994: 295).




هەوالنامەی کتێب

هێڵکاری ژمارە (٣)

### ٤- گریمانەی ئیدیۆمی، یان ( هونەرەکانی رەوانبێژی ):

بۆچوونێکی تریش وا دادەنێ کە ئیدیۆمو هونەرەکانی رەوانبێـژی، بـۆ یـەك مەبەست بەکاردێنو پێدەچێت ئیدیۆم سەرچاوەی هونەرەکانی رەوانبێژی بێتو ئەمان لەوەوە هاتبن، ئەم بە پێچەوانەی بۆچوونی تەقلیدییەوەیە ((ئیدیۆم ئەو واتایەیە لە ئـەنجامی یـەکگرتنی وشەکانەوە دێن و، بە پشکنینی هەریەك لە واتای ئەو وشانە بە تەنیا، ئەو واتایە دەست ناکەوێت، یان بە واتایەکی تر بەکارهێنانی ئیدیۆم، یاخود هونەری رەوانبێژی بەژمارەیەك لە وشەکان بۆ نواندنی بابەتێك، یـاخود چـەمکێکە))[٦٥]، لێـرەدا ئیـدیۆم بـە سەرچـاوەی پەیدا بوونی هونەرەکانی تـری رەوانبێـژی دانـراوەو، بـەپێی ئـەم بۆچـوونە هـەموویان لـە ئیدیۆمەوە لەدایکبوون، ئـەوەش لەبـەر ئـەوەی ئیـدیۆم ئاوێنـەی کولتـوور و رۆشـنبیریی میللەتانەو دیاردەیەکە لە زمانی ئاخاوتندایەو لای هەموو ئـاخێوەرانی زمـانی دایکێـك ئامادەیی هەیە، واتە مۆری کۆمـەڵی پێوەیـەو مانـەوەو لەناوچـوونی، بەنـدە بـە بڕیـاری کۆمەڵـەوەو لـە رووی فۆڕمیـشەوە، بـە گـشتی فـۆڕم چەسـپاون و بوونەتـە قاڵـب و بـە چەسپاویی لە زماندا هەن، بۆیە دەگونجێ ئیدیۆم بنەمای هونەرەکانی رەوانبێژی بێت، لـە لایەکی ترەوە، هۆکارێکی تری ئەوەی ئیدیۆم بـە سەرچـاوەو بنـەما دانرابێـت بـۆ هـەموو هونەرەکانی رەوانبێژی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، ئیدیۆمەکان وەك وشـەکان لـە فەرهـەنگی هۆشەکیدا دەنوێنرێن و بۆ لێکدانەوەی واتاکانیان هـەروەك وشـەکان فەرهـەنگی تایبـەت بەخۆیانیان هەیە. بەڵام هونـەرەکانی رەوانبێـژی (وەك خـوازەی زمـانی) لـە فەرهەنگدا تۆمار ناکرێن، چونکە زادەی ئەندێـشەو بـیری تاکەکەسـنو فۆڕمیـان جـێگیر نییـە واتـە قاڵبدار نینو بۆ لێکدانەوەی ماناکانیان پێویستمان بە فەرهەنگ نییە.


## پێنجەم: پێکهاتەی ئیدیۆم لە رووی واتـاییەوە:

ئیدیۆم پێکهاتەیەکی ناسادەی هەیە لە رووی رۆنانەوە ، لە سادەترین فۆڕمیدا لە دوو مۆرفیم پێك هاتووە(بڕوانە بەشی سـێیەم)، لـە رووی واتاییـەوە یـەکێکیان سـەرەو ئـەوی تریشیان تەواوکەر، لە کۆی ئەو تیۆرانەی لە پێکهاتەی ئیـدیۆمیان کۆڵیوەتـەوە لـە رووی واتاییـەوە، وەك: ((Gross-1998) و (Abeille and Shabes-1990) و ( Bresnan and Kaplan-1982) و (Van der Linden-1989)... پێکهاتـەی ئیـدیۆمیان بـۆ

---

[65] Robert Bradshaw (2002: 1).

سەرێکی فەرهەنگی (واتایی) و تەواوکەرە چەسپاوەکانی دابەش کردووە))[٦٦]. وەك لەم هێڵکارییەدا دەردەکەوێت:




**هێڵکاری ژمارە (٤)**

چەقی قورسایی دەربڕینی ئیدیۆمەکە، سەری فەرهەنگییەکەیەتی و هەموو زانیاری و داتاکان لە بارەی ئیدیۆمەکە لەوێدایەو ئەم سەرەیە (د.محەمەد مەعروف فەتاح) بە وشەی سەرەکی ناوی دەبات و (د.فەتاح مامە) ش ئاماژەی پێداوە بە ناوکی ئیدیۆم و دەڵێ: ((ناوکی ئیدیەم یەکێکە لە بەشە پێکهێنەرەکانی ئیدیەمێك کە لە بەشەکانی تر دەرکەوتووترەو قورسایی ئیدیەمەکەی ئەکەوێتە سەر هەر بە هۆی ئەویشەوە دەربڕینێك ئەبێتە ئیدیەم یان لە ئیدیەمی دەکەوێت))[٦٧]. بۆ نموونە وشەی (نان) وشەی سەرەکییەو واتای فراوانی هەیەو بەو واتا تەسکەیەوە نامێنێتەوە، وەك لەم نموونانەدا دەردەکەون:

٩٩ - (أ) نان و دۆی بڕی [دەری پەڕاند].

(ب) نانی بڕی [لە کارەکەی دەریان کرد].

(پ) نان و نمەك دەتگرێت [چاکەی دەتگرێت].

(ت) نان و نمەکیان بەیەکەوە خواردووە [هەقیان بەسەریەکەوە هەیە].

(ج) نانی بە ئاو نابێت [نابێت بە هیچ].

(چ) نانی کەوتۆتە رۆنەوە [کەوتۆتە خۆشیەوە].

(ح) نانی نانییە [چاکە بۆ چاکە دەکات].

(خ) نانی وا لە دۆڵەی ئەودا [بە هۆی ئەوەوە دەژی].

(د) نانی پێ پەیدا ناکرێ [خۆی پێ بەخێو ناکرێ].

---

[66] Gregor Erbach (1992: 4).

[67] فەتاح مامە عەلی: (١٩٩٨: ٨٨).

(ز) نانێکی بەو رۆنەوە خواردووە ((جارێك خێری لە شتێ بینیوەو بە تـەمای کـەڵکی تریشە لێی دەست کەوێ))[٦٨].

گرنگی ئەم وشە سـەرەکییە لـە ئیدیۆمـدا، جگـە لـەوەی چـری واتـایی ئیدیۆمەکـەی دەکەوێتە سەرو دەبێتە رابەر بۆ ناسینەوەی دەربڕینـی ئیـدیۆمی، لـە نائیـدیۆمی ((چـری واتای ئیدیەمی دەکەوێتە سەر هاوکاریمان دەکات و دەبێتە رابەرمان بۆ ئـەوەی لـە واتـای ئیدیەمەکـە بگـەین))[٦٩]. یارمـەتی خـەڵکیش دەدات بـەوەی هـەموو ئیدیۆمەکـە لـە مێشکیاندا شی نەکەنەوەو تەنها هەر ئەو وشە سەرەکییە بۆ تێگەیشتن شی بکەنـەوە، بـۆ نموونە: قسەکەرانی زمانی کوردی، دەتوانن هەر بە بیستنی، یان بینینی یەکێك لە بەشـە پێکهێنەرەکانی ئیدیۆمەکە، دەربڕینەکە تەواو بکەن و لە واتاکەشی تێبگەن و بشزانن کە ئەمە ئیدیۆمە، یان نا، وەك (لە گوێی گادا....)، (شووڵی لـێ.....)، لـەم بۆشـاییانەدا، چـەند دانەیـەکی دیـاریکراو جێیـان دەبێتـەوە، وەك وشـەکانی (نوسـتووە، خـەوتووە) و (هەڵبڕی- هەڵکێشا)، بەڵام دەربڕینە ئاساییەکانی تر وانین، بۆ نموونە: (ئـاوی کـانی...)، دەتوانین بە وشەکانی (سازگارە، فێنکە، پاکە، دڵڕفێنە...) پڕ بکەینەوە. بڕوانە هێڵکاری (٣). نموونەش بۆ دیاریکردنی پێکهاتەی ئیدیۆم بە پێی ئەم دابەشـکردنە، وەك وشـەکانی (مۆن، سەوز، بۆن، شەن، جۆگە)، کە لەم ئیدیۆمانەی خوارەوەدا سەری فەرهەنگین:

١٠٠- (أ) چاو مۆن.

(ب) دەستی سەوز بێت.

(پ) دەستی خۆم بۆن نەکردووە.

(ت) با لەکوێوە بێت لەوێ شەن ئەکا.

(ج) کەری ناو جۆگەیە.[٧٠]

### شەشەم: ئیدیۆم و میتافۆڕ:

لە سەرچاوە کوردییەکاندا، بۆچوونی جیاجیا لە بـارەی ئیـدیۆم و میتـافۆڕ هـەن، کـە دەبن بە دوو بەشـەوە، بەشـێکیان وەك (عـەلادین سـەجادی و عـەزیز گـەردی) ئیـدیۆم و

---

(68) محەمەد مەعروف: (١٩٨٦: ١١٢- ١١٣).

(69) فەتاح مامە: (١٩٩٨: ٨٨).

(70) فەتاح مامە عەلی: (١٩٩٨: ٩٢- ٩٣).

میتافۆڕ بە دوو بابەتی جیا دادەنێن، بەشی دووەمیشیان ئەم دوو بابەتە بەیەك بابەتی وەکویەك دەناسێنن وەك (د.کامل بەسیر و د.بەکر عومەر عەلی)[٧١].

((تاقە جیاوازیی نێوانی خوازەو خواستن و درکە، جۆربەجۆریی پەیوەندی نێوانی واتای یەکەم و واتای دووەمی وشەو دەربڕینەکانە. جگە لەم جیاوازییە، هەر سێ بابەتەکە لە بنەڕەتدا یەکن و هیچ شتێك لەیەکتر پچڕپچڕیان ناکات))[٧٢].

میتافۆڕ، ئەو وشەو دەربڕینانەی، بە واتای فەرهەنگیان بەکار ناهێنرێن و دەبنە ئاماژە بۆ واتاو مەبەستی خوازراو، ئەوەش بە یاریکردن و سڕینەوەو بەر ڕووناکی دانی سیما واتاییەکان دەبێت[٧٣].

زمانی میتافۆڕی ڕێدەدات، کە قسەکەر واتایەك، مەبەستێك، بە وشە و دەربڕینێك دەربڕن، کە واتای فەرهەنگی نەگەیەنێت، یان یەکێك لە سیما دەرکەوتووەکانی بەکار بهێنرێت بۆ پێچواندنی دەربڕاو یان کەرەستەیەکی تر، ئەو دەربڕینانەش لە ئەنجامی زۆر بەکارهێنانیانەوە گۆڕانکاری لە واتایاندا روو دەدات و زۆر جار بە هۆی تێپەڕبوونی ڕۆژگارەوە بنەما میتافۆڕییەکەیان لە دەست دەدەن ئەویش بە نەمامی ئەو پەیوەندییەی کە هەیە، بە جۆرێك کە واتای خوازەییان نەتوانرێت لە واتای فەرهەنگییانەوە دەست بخرێت، لێرەدا دەبنە سەرچاوەیەك بۆ پەیدا بوونی واتای ئیدیۆمی، میتافۆڕ رۆڵێکی گرنگی هەیە لە تێگەیشتنی خەڵکی بۆ زمانو دەوڵەمەندکردنی بە گشتی لە لایەكو، بۆ تێگەیشتن لە دەربڕینە ئیدیۆمییەکان لە لایەکی ترەوە.

ئیدیۆم واتای خوازەیی دەردەبڕێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی جیاوازە لەو دەربڕینانەی کە خوازەی زمانیی پێ دەردەبڕێت، ئیدیۆم و میتافۆڕ لە چەند لایەنێکەوە جیاوازن لە یەکتری، بۆ دەرخستنی ئەو جیاوازییە، ئیدیۆمو میتافۆڕی کوردی بەپێی ئەو پێوەرانەی (Makkai) دیاری کردوون، کە لە(١/٢-٤) خراونەتەڕوو، لێکدەدەینەوە، کە بریتین لە:

---

[71] بڕوانە: بەکر عومەر عەلی: (٢٠٠٠، ٣٤).

[72] کامل بەسیر: (١٩٨١، ٩٨).

[73] بەکر عومەر عەلی: (٢٠٠٠، ٣٧).

١- پێکهاتەی مۆرفۆلۆجی: دەربڕینی ئیدیۆمی پێویستە (مەرجە) لە دوو مۆرفێم یان زیاتر پێك هاتبێت، بەواتا لە رووی پێکهاتن و رۆنانەوە لە جۆری وشە لێکدراوەکانی زمان بن، بڕوانە (٦/٣)، چونکە دەربڕینی ئیدیۆمی لەگەڵ واتاکەیدا، قاڵبی فۆڕمەکەشی دەیکاتە ئیدیۆم، لە کاتێکدا ئەو دەربڕین و وشانەی میتافۆڕ لە خۆ دەگرن، دەگونجێ لەیەك مۆرفێم پێکبێن و واتای میتافۆڕی خۆشیان بگەیەنن، مەرجیش نییە تەنیا لێکدراو بن لە رووی فۆڕمەوە، ئەگەر وشەیەك بە واتای میتافۆڕی بەکارهات ئەوا ئەو وشەیە هەر هەمان وشەیە، کە لە زمانی ئاساییدا بە واتای فەرهەنگی بەکار دێت، بەڵام کاتێك واتای میتافۆڕیش دەگەیەنێت، ئەوا واتاکەی دەیکات بە میتافۆڕ، نەك فۆڕمەکەی، بڕوانە:

١٠١) تۆ گوڵی منی. واتای میتافۆڕی هەیە.

بەڵام ئیدیۆم فۆڕمو واتاکەی پێکەوە دەیکەنە ئیدیۆم، وەك:

١٠٢) سەربەگۆبەند. [بە کەسێکی ئاشوبگێرو گێرەشێوێن دەوترێت].

١٠٣) هەرچیو پەرچی.

١٠٤) هەڵەوەر. [بە کەسێك دەوترێت، کە زۆر بلێێتو خراپ بدوێتو هەڵە زۆر بکات لە قسەدا].

٢- واتای نادارشتەیی: مانای ئیدیۆم نادارشتەییەو لە واتای بەشە پێکهێنەرەکانییەوە نەهاتووەو بە ئامادەکراوی لە زماندا هەن و هەر لە بەرهەمان تایبەتێتی، لە فەرهەنگدا تۆمار دەکرێن ((فەرهەنگ سەنگی مەحەکە بۆ ئەوەی دەربڕینی ئیدیۆمی و میتافۆڕیی لەیەك جیابکەینەوە، ئەگەر دەربڕینەکە لە فەرهەنگدا تۆمارکرا، ئەوە ئیدیۆمە و ئەگەر نەچووە ناو فەرهەنگیشەوە ئەوا میتافۆڕە، چونکە میتافۆڕ لە فەرهەنگدا تۆمار ناکرێت))[٧٤]. بۆ نموونە:

میتافۆڕ وەك:

١٠٥) شار خرۆشراوە.

١٠٦) بەهار گیای سەوز کرد.

---

[74] وریا عومەر ئەمین : (٢٠٠٦، چاوپێکەوتن).
بەکر عومەر عەلی: (٢٠٠٦، چاوپێکەوتن).

هەواڵنامەی کتێب

١٠٧) گوڵەکە هات.[٧٥]

ئیدیۆم وەك:

١٠٨) چنگ لەسەرشان.

١٠٩) هەڕی لە بڕی ناکات. [بە کەسێك دەوترێت، کەسەر لە شت دەرنەکاتو زۆر کەرەواڵەو هیچ نەزان بێت].

هەندێ ئیدیۆم واتاکانیان ئەوەندە لێڵە، تەنیا بە هۆی فەرهەنگەوە نەبێت ناتوانین لە واتاکەی بگەین و لێکیبدەینەوە، لەبەر ئەمەشە کە ئێستا لە هەموو زمانەکاندا بە گشتی فەرهەنگی تایبەت بە ئیدیۆم هەیە بۆ ماناکردن و لێکدانەوەیان. وەك:

١١٠) هەر دانێکی بەسەد ساڵ رووەوە. [واتە زۆر وریاو چاوکراوەیە یان بە کەسێکی کە لە رەق دەوترێت].

١١١) پاروی گەورە دەگلێنێت. [بە کەسێکی بەرچاوتەنگو تەماعکار دەوترێت].

١١٢) تانوپۆی ئاوریشمە. [بە کەسێك دەوترێت کە لە هەردوو سەری دایكو باوکیەوە لە خێزانێکی ناودارو بەرێز بێت].

بەڵام مانای دەربڕینی میتافۆڕی، زۆر لە واتا فەرهەنگییەکەی دوور ناکەوێتەوە، تەنیا بە هۆی دەرخستنی هەندێك لە سیمای واتایی، یان سڕینەوەی هەندێکی تر، یان بە هۆی یاریکردن بەو سیمایانەوە، واتای میتافۆڕی دێتەکایەوە، بەمەش زۆر لە واتا بنەڕەتیەکەی دوور ناکەوێتەوە، وەك:

١١٣) ئێمە نەگەیشتبووینەماڵەوە کە باران لێی داکردین.[٧٦]

١١٤) بارانەکە هەموو گیانمانی تەڕکرد.

واتای سەرەکی وشەی (باران)، بریتییە لە چەند سیمایەك، کە بریتیین لە:

١- باران بریتییە لە دڵۆپە ئاو.

٢- ئەم دڵۆپانە خەست بوونەتەوە.

٣- ئەم دڵۆپانە رەق نەبوون.

٤- ئەم دڵۆپانە لە هەورەوە دێن بۆ سەر زەوی.

---

(75) عبدولسەلام سالار: (٢٠٠٦: چاوپێکەوتن).

(76) محەمەد مەعروف فەتاح: (١٩٨٦: ١٠٥-١٠٦).

٥- ئەم دڵۆپانە گەلێ جار زۆر تیژو بەهێزن و خێرا بە دوای یەکتردا دێن.

بەڵام وشەی (باران) لە رستەیەکی وەك:

١١٥) گوللە وەك باران دەبارێ.

لە (١١٥) دا، بە هۆی دەوروبەرەوەو لە ئەنجامی کۆبوونەوەی لەگەڵ وشەی (گوللە)دا، (باران) دەستی لە سیمای (١-٤) هەڵگرتووەو تەنیا سیمای پێنجەمی داوەتە بەر رووناکی، لە کاتێکدا ئەم سیمایە هەمیشەیی نییە بۆی، واتە هەموو بارانێك زۆر تیژو بەهێز نییە، بەم جۆرە وشەی (باران)، واتای میتافۆڕی وەرگرتووە بە هۆی هاورێیەتیکردنی لەگەڵ وشەی (گوللە)دا، هەندێ لە سیما جیاکەرەوە بنەڕەتیەکانی خۆی سڕیوەتەوە، سیمایەکی لاوەکی هێناوەتەوە پێشەوەو دراوەتە بەر رووناکی.

٣- لێڵی واتایی: سیفەتی سەرەکیی ئیدیۆم لێڵیی واتاییەتی، چونکە ماناکەی نادارِشتەییە، ئەم بە پێی پلەی روونی و لێڵی، سێ جۆری تری هەیە، [ روون- نیمچەروون- نیمچە لێڵ ]، بە پێی ئەم رادەی روونی و لێڵییەی، دەکرێ بە هۆی واتای فەرهەنگی، یان واتای ئیدیۆمی، یان هەردووکیان پێکەوە بەکار بهێنرێت، هەرچەندە ئەو جۆرەی، کە تەواو لێڵە، تێگەیشتن لێی، هەروا ئاسان نییە، بە هۆی فەرهەنگەوە نەبێت، بڕوانە نموونەکانی (١٠٨، ١٠٩).

بەڵام میتافۆڕ ئەوەندە لێڵ نییە، کە تێگەیشتن لێی گران بێت، یان پێویستمان بە فەرهەنگ بێت بۆلێکدانەوەی، لەبەر ئەوە ناتوانرێ میتافۆڕ بە واتای فەرهەنگی وەربگیرێت، بە واتایەکی تر، میتافۆڕ (واتای فەرهەنگی و لێڵی) نییە، بڕوانە نموونەی (١٠٥، ١٠٦، ١٠٧) بەڵام ئیدیۆم هەیەتی. بۆ واتای فەرهەنگی کە ئەمەش بە هۆی بەکارهێنانو دەوروبەرو چوارچێوەی وتنەوە دەبێت، وەك نموونەکانی (٥٤، ٥٥، ٥٦) ، بۆ لێڵی واتایی نموونەکانی (٦٥، ٦٦، ٦٧، ٦٨) خراونەتە روو.

٤- توانای چەواشەکردن: دەربڕینی ئیدیۆمی بە هۆی واتای لێڵیەوە، زۆر جار وا تێدەگەین، کە هەڵە، یان ناڕاست، یان نادروستو چەواشەکاربێت، بەڵام میتافۆڕ لەبەر ئەوەی واتاکەی ئەوەندە لێڵ نییە، یان دووجۆر واتا لەیەك کاتدا هەڵناگیرێت، بە واتایەکی تر هۆکارێك، پەیوەندییەك هەیە لە نێوان واتای میتافۆڕی و فەرهەنگیداو ئەم هۆکارو پەیوەندییە ئاماژە دەرە بەوەی کە بە نادروست لە گوتنەکە تێنەگەین، ئەمەش

نابێتە چەواشەکاری ((لەمیتافۆڕدا دەبێ هۆکار هەبێت، وامان لێ بکات گوتنەکە بەدرۆو هەڵەو ناشایستە نەدەینە قەڵەم))[77] بڕوانە نموونەی (١١٥)، بەڵام لە ئیدیۆمدا (ئەوانەی تەواو لێڵن) هیچ پەیوەندی و هۆکارێك نابیننەوە لە نێوان هەردوو جۆر مانای ئیدیۆمی و فەرهەنگیدا ئەمە وامان لێدەکات کە دەربڕینەکە بە هەڵەو چەواشەکاریی لە قەڵەم بدەین، چونکە تێنەگەیشتن دێتە ئاراوە، بڕوانە نموونەی (٦٨).

٥- بە باوبوونێتی یان کۆکبوونی کۆمەڵایەتی: ئیدیۆم دەبێتە باو، چونکە بە ئامادەکراوی بە واتای جێگیرو فۆڕمی چەسپاوییەوە لە ئاخاوتندا بەکار دێن، مۆرکی کۆمەڵی پێوەیەو هەر کەرەستەیەکیش کۆمەڵ بڕیاری لەسەربدات بە بەردەوامی بەکارهات، ئەوا دەبێتە باوو بەکار دەهێندرێن لە لایەن قسەپێکەرانەوە، لە لایەکی ترەوە ئیدیۆم پەیوەندی بە مێژووی میللەتەوە هەیەو واتایەکی بابەتی هەیەو پەیوەندی بە تێکرای ئاخێوەرانەوە هەیەو هەمووی لێی تێدەگەن، بەواتا ئیدیۆم خۆی بابەتەو، ئیدیۆم لە بنەڕەتدا هەڵگری واتایەکی دیاری کراوەو بۆ چەسپاندنی واتایەکی دیاریکراویش هاتووە، تا دەربڕاوەکە لە فرە لێکدانەوەیی دەرباز بکات، بەڵام میتافۆڕ هەڵگری چەند واتایەکەو بە پێی لێکدانەوەی وەرگر واتایەکی نوێی لەسەر باردەکرێت کە مەرج نییە ئەو واتایە لای هەمووان دیاریکراو بێت. میتافۆڕ بە ئارەزووی قسەکەر، فۆڕم وەردەگرێت و واتاکەشی تاکەکەسییە، واتە خودییە و میتافۆڕ وەکو ئەوەیە کە تۆ سەیری دەکەیت، نەك وەك ئەوەی کە خۆی چۆن بێت و زۆر نابێتە باوو، دەکرێ واتای جۆراوجۆری هەبێ لەناو دەقەکانداو، یان لە نێوان ئاخێوەرانداو واتاکەی شیاوی گۆڕانە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر، بڕوانە نموونەی (١١٦)، بەڵام ئیدیۆم لە هەر دەقێکدا بێت، هەر ئەو واتا ئیدیۆمییەی هەیە. وەك نموونەی (١١٧):

١١٦) گوڵەکە هات. (میتافۆڕە).

لێرەدا، پێدەچێ مەبەست لە گوڵەکە (یار، منداڵ، کەسێکی ئازیز، یان بە پێچەوانەی ئەوانەوە بۆ کەسێکی ناشرین یا...).

١١٧) چاوچنۆکەکە هات. (ئیدیۆمە).

---

[77] بەکر عومەر عەلی: (٢٠٠٠: ٨٧).

## حەوتەم: ئیدیۆم و پراگماتیك:

سیمانتیك و سینتاكس و پراگماتیك، ئەو رایەڵانەن، كە یەكە زمانییەكان، بۆ ئەوەی روونیی واتاو ناوەڕۆك و مەبەست بگەیەنن و پرۆسەی پەیوەندیكردن و تێگەیشتن كامڵ بێت، دەبێت پێیاندا بپەڕنەوە.

پراگماتیك، بە گشتی بریتییە لەو واتایەی لە دەوروبەرەوە هەڵدەهێنجرێ، بەكارهێنانی زمانیی بواری كاركردنی پراگماتیكەو پەیوەندی بە چالاكییەوە هەیەو پابەندی واتای نافەرهەنگی وشەو دەربڕینەكانەو، خۆی بە مەبەستە دەرنەبڕاوەكانەوە، یاخود واتای هاوپێچ، یان پێچراوەوە خەریك دەكات، كە لە كاتی كردەی پەیوەندیكردندا (لە شێوەی ئاخاوتن یان نووسین) دەردەكەوێت.[٧٨]

پراگماتیك، زمان بەكارهێنانە و ئیدیۆمیش یەكێكە لەو رێگایانەی، زمانی تیادا بەكار دەهێنرێ ((ئیدیۆمەكان شێوازێكی تری زمان بەكارهێنانن ))[٧٩].

پراگماتیك، بەوپێیەی پابەندی یاساو واتای فەرهەنگی نییەو پەیوەندی راستەوخۆی بە وتنەوە هەیە، توانای ئەوەمان دەداتێ، كە بە چەند وشەیەكی كەم بیرێكی فراوان دەربڕین، لێرەدا بەراوردی دەكەین لەگەڵ ئیدیۆمدا، تا بزانین، ئیدیۆم دەتوانرێت پراگماتیكیانە، مامەڵەی لەگەڵدا، بكرێت و لێی بكۆڵرێتەوە؟

ئیدیۆم وەك هەر یەكەیەكی ئاخاوتنی تر، چونییەكە لەگەڵ پراگماتیكدا، لەوەدا كە بۆ لێكدانەوەی واتاكەیان، پێویستی بە دەوروبەرو چوارچێوەی وتن و مەبەستی قسەكەر هەیەو، ئیدیۆم بە ناڕاستەوخۆی واتا دەگەیەنێت، لەبەر ئەوە دەبێتە بوار بۆ پراگماتیك و پەیوەندییەكی راستەوخۆ هەیە لە نێوان ئیدیۆم و پراگماتیكدا ((پراگماتیك پابەندی واتای ناحەرفییە، ئیدیەم واتاكەی ناحەرفییە بۆیە دەبێتە بوار بۆ پراگماتیك))[٨٠] وەك:

١١٨) ئەم لای ناوە بەولاوە. [بەگاڵتە پێكردنەوە بە یەكێك دەوترێت كە كارەكەی ناتەواو بێت، تەمەڵ بێت، خۆی لە هیچ نەگەیەنێت، بێ كارە بێ و هیچی بە هیچ نەكردبێ].

---

[78] بڕوانە محەمەد مەعروف: (١٩٩٨: وانەی خوێندنی باڵا).

[79] V. From Kin (1988: 132).

[80] محەمەد مەعروف فتاح: (١٩٩٨: وانەی خوێندنی باڵا).

١١٩) ئەم ماستە بێ موو نییە.

لە پاری (٤/٢) دا، ئاماژەمان بەوەدا کە یەکێك لە ڕێگەکان، یان هۆکانی تێگەیشتن لە ئیدیۆم بریتییە لە پراگماتیك، چونکە دەوروبەر لە دروستکردن و لێکدانەوەو شیکردنەوەی واتای ئیدیۆمدا ڕۆڵ دەبینن، بە هۆی ئەوەوە ئێمە لە واتای ئیدیۆم دەگەین، لەبەر ئەوە دەتوانین پراگماتیك بە سەرچاوەیەکی تری پەیدابوونی واتای ئیدیۆمی دابنێین.

لە لایەکی ترەوە، هۆکاری گرنگ لە سەرهەڵدانی پراگماتیك ئەوەیە، کە دەتوانێ مەبەستی شاراوەو روکاری کۆمەڵایەتی ئیدیۆم و خوازەو تەوس و پلار...لێکی بداتەوە[٨١]، بە گشتی پراگماتیك دەتوانێ هونەرە ڕەوانبێژییەکان لێکبداتەوەو مەبەستە نائاشکراکانیان دەربخات، کە بە هۆی دەوروبەرو باری وتن و کەسایەتی قسەکەر و گوێگر و پلەوپایەی کۆمەڵایەتییان و کات و شوێن...، دەزانرێت و دیاری دەکرێت ((تەنیا دەوروبەرو باری دواندن دەری دەخات، وشەیەك، یان دەربڕینێك، بە کام لە واتا ستاندەرەکانی بەکار هاتوون))[٨٢] وەك:

١٢٠) لای لێ دەکاتەوە. [یارمەتی دەدات، هاوکاری دەکات].

١٢١) بە شووی دا.

١٢٢) ئەم هەویرە ئاو زۆر دەکێشێت. [بە قسەیەك دەوترێت کە مانای زۆربێت، یان بە کارێك دەوترێت، کە لکی زۆر لێ بێتەوەو گۆڵمەزو سەریەشەی زۆری بەدواوە بێت].

لێرەدا، بە هۆی باری وتن و دەوروبەرەوە، دەزانرێ کە ئایا مەبەست واتای فەرهەنگییە، یان واتای ئیدیۆمییە.

١٢٣) بەفر هەر لێرەدا چۆتەوە. [بە تەوسەوە بە کەسێك دەوترێت کە بچێتە شوێنێکەوە، یان جێگەیەکی واوە، جێی خەڵك نارەحەت بکات و کاریان لێ تێکبدات و تەنگییان پێ هەڵچنێت].

وشەی (لێرە) ، بەپێی شوێنی قسەکەرو دەوروبەر دەگۆڕێت و ئەم ئیدیۆمە بە پراگماتیك لێکدەدرێتەوە، ئەگینا ناتەواوی لە تێگەیشتندا ڕوو دەدات.

---

(81) بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(82) بەکر عومەر عەلی: (٢٠٠٠: ٧٥).

هەوالنامەی کتێب

## ئیدیۆم و بوارەكانی پراگماتیك:

ئاماژەمـــان بـــەوەدا، كـــە ئیـــدیۆم وەك كەرەســـتەكانی تـــری زمـــان، دەتوانرێـــت پراگماتیكیانە لێك بدرێتـەوە، بـۆ ئەمـەش ئامـاژە دەدەیـن بـە بوارەكـانی پراگماتیـك و كارلێكردنی ئیدیۆم تیایاندا، بە گشتی بوارەكانی پراگماتیك بریتین لە:(٨٣)

١- نیشانەكان.

٢- پێشبینە پێشوەختیەكان.

٣- دەركەوتە ئاخاوتنێكان.

٤- كردەی قسەیی.

١- نیشانەكان: (Dixies)(٨٤)، وشەیەكی (تایبەتە بـە زمانـەوانی) و لـە یۆنانییـەوە هاتووە، واتای دیاریكردن دەگەیەنێت لەڕێی زمانەوەو بە هۆی ئاخاوتنـەوە دەریـدەبڕین و هەموو ئەو ئامرازو نیشانانەیە، كە كات و شوێن و كەس و نیشانەی كۆمەلایـەتی و دەق پیشان دەدەن. وەك:

[من، تۆ، ئەم] (نزیك قسەكەر).

[ئەوە، لەوێ، دواتر] (دوور لە قسەكەر).

أ- نیشانە كەسییەكان: بـە پێـی دەوروبـەرو (كـەس و كـات و شـوێن) ی وتـن، هـەر جارەی نیشانەكان، بۆ كەسێك، یان رووداوێك، یان شتێك دەگەڕێنەوەو واتایـان دەگۆڕێـت و بریتین لە: ١- جێناوەكانی ئاماژەكردن.

٢- جێناوە كەسییەكان (سەربەخۆو لكاو).

٣- ناوی تایبەت.

٤- ناوی خزمایەتی.

٥- ناوی نازناو.

نیشانەكان بە گشتی و جێناوەكانی ئاماژە، گرنگیەكەیان لەوەدایە، كە واتاكانیان لـە كەرەستەكانی رستەكەوە بە دەست ناهێنرێت،بەڵكو بە هۆی دەوروبەرەوە دیاری دەكرێت،

---

(83) بڕوانە: هۆگر مەحمود فەرەج:(٢٠٠٠ : نامەی دكتۆرا)، محەمەد مەعروف فەتاح: (١٩٩٨: وانەی خوێندنی بالا).

(84) George Yule (2000: 9).

ئەم واتایەش لە ئیدیۆمەکاندا هەمان شتە، وەك:

١٢٤) بەو بایە دەژیم کە لای تۆوە دێت.

لێرەدا (بەو) لە (بە) و جێناوی ئاماژەی (ئەو) پێك هاتووە، وەك نیشانەیەکی پراگماتیکی بەکار هێنراوەو ئاماژەی بۆ (با) ی پێ کراوە. بە دابڕینی گوێگر لە بۆنەو کات و شوێنی وتن، لێڵی دەکەوێتە واتایانەوە. لێرەدا تەنیا بە ئاگاداربوون لە چوارچێوەی وتنەکە، دەتوانین زانیاری لە بارەی (تۆ) بزانین، کە جێناوی کەسی سەربەخۆیەو وەك نیشانەی پراگماتیکی بەکار هێنراوە. نموونەکانی (١٢٥-١٢٩) هەمان راستی دەخەنەڕوو.

١٢٥) بە بێ ئەو پەنجە بە ئاودا ناکات.

١٢٦) ئەو گرێ کوێرەیە بە من ناکرێتەوە.

١٢٧) ئەو پارووە بە تۆ قووت نادرێت.

١٢٨) من بۆ تۆمە تۆ بۆ کێتە؟

١٢٩) ئەو درکە لەژێر پێت دەردەهێنم.

ناوی تایبەتیش، کە جۆرێکی نیشانە کەسییەکانە، وەك نیشانەی پراگماتیکی رۆڵ دەبینن و لە ئیدیۆمیشدا، ئەم نیشانەیە زۆر دیارەو کاریگەرە، وەك:

١٣٠) ماڵی میران بەگی جافە. [میران بەگ سەرۆکێکی گەورەی خێڵی جاف بووە، نانبدەو خاوەن دیوەخانێکی گەورە بووە، ئەمە بە یەکێك دەوترێت کە شت زۆر کاربکات و لەماڵدا دەست گرتنەوە نەزانێت].

لەم ئیدیۆمەدا، (میران بەگی جاف) ناوی تایبەتی کەسێکە، ئەو پەیامەی بەگوێگر دەگات ئەوەیە، کە وەك ماڵی میران بەگی جاف وایە، ئەوەی بەلای گوێگرەوە نەزانراوە، ئەوەیە کە میران بەگ کێیەو لەکوێ بووەو چۆن بووە؟ بۆچی ئەم ئیدیۆمە لەم دەوروبەرە دەوترێت، ئەمانە نەزانراون لای گوێگر و دیارنین، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ناوە تایبەتییەکان لەباریاندا هەیە، وەك نیشانەی پراگماتیکی رۆڵ ببینن، گوێگر تا نەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری وتن، لەم ئیدیۆمە ناگات.

نموونەی تری، وەك:

١٣١) حەمە قەدۆی موسڵە. [دەوڵەمەندێکی گەورەیەو بە تەوسیشەوە دەوترێ].

١٣٢) بازاڕی هەمزە ئاغایە. [بازاڕی هەمزە ئاغا بازاڕێکی چڕی پڕی بێ سەروبەر بووە، واتە شتەکان پەرش و بڵاوەو هیچی لەجێی خۆیدا نییە].
١٣٣) هەرکەسێك سمێڵی سوور بوو هەمزە ئاغا نییە.
یەکێکی تر لە نیشانە کەسییەکان، (کوڕ، کچ، دایك، مام، پور، باپیر،...)، کە ناوی خزمایەتی پێك دێنن، وەك نیشانەی پراگماتیکی کار دەکەن، بڕوانە:
١٣٤) کوڕی باوکی خۆیەتی. [لەباوکی خۆی دەچێت لە ڕەوشت و شێوەدا بە گشتی یان هەندێکی]
١٣٥) تازە ئەو باوکەی مرد. [لەمەولا وەك جارانی هەموو شتێکی بۆ نالوێتوبۆی ناکرێت ].
لە ئیدیۆمی (١٣٤، ١٣٥) دا، وشەی (کوڕ)، (باوك)، وەك یەکێك لە نیشانە پراگماتیکیەکان بەکار هێنراون، بەوەی ئەم دوو وشەیە نەناسراون و نازانرێ لەچیدا بەکار هاتوون، هەرکەس قسەکەر بێت، دەتوانێت ئەمانە بەکار بهێنێت بە پێی دەوروبەرو باری وتن و...واتە لەرێی پراگماتیکەوە واتاکەی دیاری دەکرێت.
دواجۆری نیشانە کەسییەکان، کە وەك نیشانەی پراگماتیکی هاتوون، نازناوەکانن، کە دوو جۆری لێ جیا کراوەتەوە:
١- نازناو، وەك:
١٣٦) با گوڵە بێتەوە لە کانی. [ئەمە بۆ ناسکی و بە گاڵتەوەش دەوترێت].
١٣٧) گوڵی مەجلیسە. [بە منداڵێك یان کەسێکی خۆشەویست، یان قسە خۆش دەوترێت].
٢- ناتۆرە، وەك:
١٣٨) حەرامزادەیە [بە کەسێکی فێڵباز و سپڵە دەوترێ].
١٣٩ ) جووتە وەشێنە [قسەی ناشرین و بەرزونزم بەخەڵك دەڵێت و توڕەیە].
لێرەدا، ئەم ئیدیۆمە بەبێ دەوروبەر، پەیامی خۆی ناگەیەنێت، بەکارهێنانی لە ئاخاوتندا بەبێ چوارچێوەی وتن و کات و شوێنەکەی، لێڵی لای گوێگر دروست دەکات. نازانرێ کێیەو بۆچی وای پێ دەوترێت.

ب- نیشانەکانی شوێن: ئەو نیشانانەن، کە راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ دەبنە نیشانەی پراگماتیکی، بۆ گەیاندنی چەمکی شوێن لەکردەی گەیاندندا.

ناوی شوێن، جۆری ئەو نیشانانەن وەك (دێ، ماڵ، شار، مزگەوت، خانەقا...)و، ناوی شوێنی داڕێژراو و ئاوەڵکاری شوێن، دەتوانن وەك نیشانەی پراگماتیکی شوێن رۆڵ ببینن، بۆ نموونە:

١٤٠) ماڵی وا بە کۆڵییەوە. [بە یەکێك دەوترێتن کە جێگاو رێگاو لانەیەکی نەبێتو هەر شەوە لە شوێنێك بێت].

١٤١) لەوەرەکەی خۆشە. [بە تەوسەوە بە یەکێك دەوترێت، کەخۆی لە شوێنێك دامەزرابێت و نیازی رۆیشتنی نەبێت و گوێ بە هیچ نەدات].

١٤٢) فیزە بەرخانەیە. [بەرخانە- شوێنێکە جێی پیاوی سەرسەری و ناچزەیە، واتە هەرچی دێت و خۆی پێدا دەکات].

١٤٣) بەفر هەر لێرە چۆتەوە.

١٤٤) لە بنی دنیایە.

١٤٥) لە شوێنی خۆی وشکی کرد.

پ- نیشانە کۆمەڵایەتییەکان: ئەو نیشانانەن کە پلەو پایەو شێوازی قسەکردنی قسەکەرو گوێگر نیشان دەدەن، بۆ نموونە سادەترین پلەی رێز ئەوەیە، کە یەکێ بە تەواوی نەناسی و (کاکە و مامەو وەستا...تاد)ی بۆ بەکار دێنی، یان ئەگەر گەرمتر بیت و تا رادەیەك بەرامبەر بناسی، نازناو لەگەڵ یەکەم ناودا بەکار دەهێنیت، وەك بۆ نموونە (وەستا عەلی)، ئەگەر زیاتریش نزیك بیت لە کەسەکەوە ئەوە هەر ناوەکە خۆی دەڵێی وەك (عەلی)، زۆر جار بۆ خۆشەویستی، یان سوکایەتی پێکردن، ناوەکە کورت دەکرێتەوەو دەوترێت (عەلە)[85]، بۆ نموونە:

١٤٦) عەلەو جەلەی زۆرە. [عەلە = عەلی، جەلە = جەلیل یان جەلال، واتا خێزانێکی گەورەی هەیە، یان خەڵکێکی زۆر دەورەی داوە].

لێرەدا، بە هۆی (عەلەو جەلە) وە پلەوپایەی نێوان قسەکەرو گوێگر دیاری دەکرێت.

---

[85] محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٩٨: وانەی خوێندنی باڵا).

ڕێز لە شێوازیشدا هەیە، ئەگەر ڕێز لە شتێك بگیرێت، وشەیەکی تایبەتی بۆ بەکار دەهێنرێ، وەك (کەلاوە، کۆشك، تەلار، خانوو) بۆ نموونە کە دەڵێی:

١٤٧) خانووچکەی منالآنە. [بەکارێك دەوترێ بنچینەی نەبێ، قایم و چاك نەبێت، یان زۆر بچووك بێت].

لێرەدا، بە هۆی وشەی خانووچکەوە، پلەی ڕێز دەزانرێ، لەو شێوازەدا کە بەکار هاتووە.

ت- نیشانەی کات: (ڕۆژ، شەو ، سبەی، ئێستا، ئەوسا، دوێنێ، ئەمڕۆ...)، بە پێی بەکارهێنانیان ئاماژەکەیان دەگۆڕێت، بڕوانە نموونەی (١٤٨):

١٤٨) ئەمڕۆ بە سبەیم پێ مەکە. [دەستی دەستیم پێ مەکە] .

وشەکانی (ئەمڕۆ) و (سبەی)، ئاماژەن بۆ ئەوکاتەی قسەکەر دەیلێت، یان وەك:

١٤٩) ڕۆژی ڕەشی نەدیوە. [نەهامەتیو نەداراییوتێکەوتنو بێکەسی بەخۆیەوە نەدیوە]

١٥٠) خوا دەروویەکمان لێ دەکاتەوە.

ج- نیشانەی دەق: بریتین لەو نیشانانەی کە گوتن دەلکێنن بە دەقەوە، جا دەقەکانی پێشەوە، یان دواوە بێت (دەقی نووسین)، نیشانەکانی شوێن و کات و تەنانەت جێناوەکانیش، دەتوانن ببنە نیشانەی دەق. وەك:

١٥١) ئەمەیە یەکساڵە دوو ساڵە دەخەڵەتێنێت. [لە هەڵوێستێکدا دەوترێت کە یەکێك بیەوێت یەکێکی لە خۆی گەورەتر یان زۆرزانتر لەخشتە بەرێت، یان بە سەریدا زاڵ بێت].

لێرەدا (ئەمە)، نیشانەی دەقە.

٢- پێشبینییە پێش وەختەکان: یان (پێ وابوون)، قسەکەر وا دەخەملێنێت، کە هەندێ زانیاری، یان پێشبینیی هەیە، کە بە ڕاستی داناوەو لەبەرچاوی گرتووە، ئینجا ئەو دەربڕینەی دەربڕیوە، گرنگی ئەمە لەوەدایە، کە بەشێك نین لە واتای فەرهەنگی وشەکان، بۆیە زیاتر لە لێکدانەوەیەك هەڵدەگرن، بە گشتی هەموو ئەم بنەمایانە، لەپێناو ئەوەدا کار دەکەن، کە لە واتای قسە بگەین.

١٥٢) بنوو بێتە خەوت. [زانیاری هەیە کە ئەوشتەی بۆ نابێت].

١٥٣) دارودیوار گوێی هەیە. [بە یەکێك دەوترێ بێ پەرواو پارێز قسە بکات، واتا ئاگات لە دەمت بێت با تووش نەبیت].

١٥٤) بەشووی داوی.

١٥٥) ئاوی کردە ژێر.

لەم نموونانەی سەرەوەدا قسەکەر زانیاری هەیەو بە راستی دەزانێ، لەبەر ئەوەیە ئەو ئیدیۆمانەی دەربڕیوە، کاتێك ئاخێوەر دەڵێت (بەشووی داوی) لێرەدا هەندێ زانیاری هەیە لە بارەی ئەوەی یەکێك داوی بۆ گوێگر ناوەتەوەو تووشی بەڵایەکی کردووە ئینجا ئەم ئیدیۆمە دەڵێت، ئەگینا وتنی ئەمانە بێ بوونی پێشینەیەك نادروست دەبن.

٣- دەرکەوتە ئاخاوتنێکان: ((ئەو شتانەن کە لە خودی واتای وشەکانەوە نایەن، بەڵکو لە رۆنانی ئاخاوتنەکەوە وەرئەگیرێن))[٨٦]. ئەم تیۆرە دەگەڕێتەوە بۆ (گرایس)، بەبڕوای ئەو، هەندێ بنەما هەیە، کە رێنمایی ئاخاوتن دەکەن، پێی دەوترێ بنەمای هاریکاری، بە واتای هەر کەسێك لە هەر شوێنێك و کاتێکدا قسە بکات هەمان بنەما بەڕێوەیان دەبات.

بنەمای هاریکاری:[٨٧] با گوتنەکەت هێندە بێت و لە شوێن و کاتدا بێت، بەو جۆرە بێت کە ئاخاوتنەکە دەیەوێ، بنەماکانی چەندێتی، دروستی، پەیوەندیو چۆنێتی، لە خۆ دەگرێت.

بۆ چۆنێتیی کارکردنی ئەم بنەمایانەی ئاخاوتن لە دەربڕینی ئیدیۆمیدا ئەم نموونانە دەخەینە روو:

١٥٦- (أ) دارا هەواڵی چۆنە؟.

(ب) زۆری تێگوشیوە.

١٥٧- (أ) خواردنەکەت بەلاوە چۆنە؟

(ب) بە لێوەوە دەخورێت.

١٥٨-(ا) نازدار کچێکی چۆنە؟

(ب) زۆر بلێیە، مێشکی سەرت دەبا.

---

(86) محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٩٨: وانەی خوێندنی باڵا).

(87) بەکر عومەر عەلی: (٢٠٠٠: ٩١-٩٤).

بـۆ ئـەوەی بـزانین لـەم سـێ وەڵامـەی (ب) دا، گـوێگر بنـەماکانی هاریکاریی جێبەجێ کردووەو چەند وەڵامەکەی، زانیاریی پێویـستی تیایـە، کـە پڕبـەپڕی (أ) ە، یان چەند دروستە، ئەوەی لەو نموونانەدا تێبـینی دەکرێت، ئەوەیـە کـە بنـەماکان بەزێنراون و گـوێگر دەزانێـت کـە بـۆ مەبەسـتێك ئـەم بنەمایانـە بـەزێنراون و، ئەوکاتـە پێویست دەکات کە هێزی لێکدانەوە، شـیکردنەوەی واتـایی خـۆی زیـاد بکـات، لـەپێناو کامڵبوونی پرۆسەی تێگەیشتن. د. محەمەد مەعروف دەڵێت: ((گوێگر بۆئەوە دەچێت کـە بنەمای هەرەوەزیی یان هەموو بنەماکان لە ئاستێکی قووڵتردا پیادە کراوە، ئەم بۆچوونە وامان لێ دەکات کە توانای دەرکەوتەیی زیاتر بکات بۆ ئەوەی بگەینـە واتاکـان، ئەگـەر قسەکەر بنەماکانی بەزاند ئـەوە گـوێگر پـاڵ پێـوەدەنێ کـە توانـاو هێـزی لێکدانـەوەیان دەرکەوتەیی زیاد بکات))[٨٨].

٤- کردەی قسەیی: ((کردە قسەییەکان بۆ شیکردنەوەو لێکدانەوەی زمانی قـسەکردن دەشێن. لە واتای هەر گوتنێك ورد بینەوە، دەتوانین لە دوو روانگەی جیـاوازی واتاییـەوە سەیری بکەین. واتـای دەرەوە و واتـای شـاراوە، ئـەم تیـۆرە گرنگـی بـەو واتـا شـاراوەیە دەدات، کە راپەڕاندنەکەیەو ئەرکێکی کۆمەڵایەتی جێبەجێ دەکات))[٨٩].

ئیـدیۆمیش واتـای نافەرهـەنگی، یـان واتـای شـاراوەی دەربڕینەکانـە، ئـەرکێکی کۆمەڵایەتی دەبینێت، وەك: کەسێك ئەگەر کارێکی باش بکات دەوترێت:

١٥٩) رووی خـۆی سـپی کـردووە. [واتـە کـارێکی باشـی راپەڕانـدووە، ئەمـەش دەستخۆشی لێکردنە].

یان بە کەسێك خاوەن بەهرەیەو بەهرەدارەو گەلێك پیشەی بەکەڵك دەزانێت دەوترێت.

١٦٠) دەست رەنگینە. [ئەمەش هـەر دەستخۆشـی لێکردنـە، یەکێکـە لـە رەفتـارە کۆمەڵایەتییەکان، کە پیاهەڵدانە].

پێشتر وا باوبووە، کە لە نێوان قسەکردن و کارئەنجامداندا جیاوازی هەیەو دووکـردەی جیان لەیەکتر، لەبەر ئەوەیە باوەڕ وابووە، کە مەبەستی سەرەکی لە بـەکارهێنانی زمـان، وەسفکردن و گەیاندنی هەواڵ و زانیاری بـووە، تـا (ئۆسـتن) ئـەوەی خـستەڕوو، کـە وتـن

---

[88] محەمەد مەعروف فەتاح: (١٩٩٨: وانەی خوێندنی باڵا).

[89] قیس کاکل توفیق: (١٩٩٥: ٣٩-٤٠).

راپەڕاندنە، یان کارەو تەنیا هەواڵ گەیاندن و وەسفکردن نییە، بەڵکو ئەنجامدانی کاریشە لەگەڵیدا بۆ نموونە:

١٦١) پاڵم پێوە نا.     [لێرەدا قسەکەو کردەکە بەیەکەوەن].

١٦٢) ئاوی گوێم دا.   [ئامۆژگاریم کرد].

لەبەر رۆشنایی ئەم شیکردنەوەیەدا دەتوانین پراگماتیک هەروەك میتافۆڕ، بە سەرچاوەیەکی تری سەرهەڵدانی واتای ئیدیۆمی دابنێین، لەگەڵ ئەوەی بوارێکی گرنگە بۆ راڤەکردنو لێکدانەوەی واتای دەربڕینە ئیدیۆمییەکان، چونکە ئەمان دانەی ئامادەی وتنن‌و ناکرێت لە دەوروبەر دایان ببڕین‌و بۆ لێکدانەوەیان پێویستمان بە دەوروبەر دەبێت.

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی سێیەم

# پێکهاتنی ئیدیۆم

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# پێکهاتنی ئیدیۆم

## یەکەم: پۆلێنکردنی ئیدیۆم لە رووی پێکهاتنی سینتاکسیەوە:

سینتاکس گرنگی دەدات بە دۆزینەوەی ئەو یاساو بنەمایانەی، کە چۆنێتیی ئاوێتەکردنیی وشەکان لە فرێزەکاندا و فرێزەکانیش لە رستەکانی زماندا دیاری دەکەن، بە توێژینەوەو پشکنینی زمانی ئاخاوتنی مرۆڤ، یاساو رێساو بنەماکان پێشان دەدەن و چۆنێتیی رێکخستن و رێزبەندیی وشەکان لەناو رستەکاندا لێیان دەکۆڵرێتەوەو پەیوەندی نێوان پێکهاتەکانی رستە دەستنیشان دەکرێت، ئەمەش سیمای قوتابخانەی بەرهەمهێنانو گواستنەوەیە، کە بایەخیان بە رستە داوەو کەرەستەی یەکەمی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەکانیان بووە، بە واتایەکی تر ئەمان لە گشتەوە بۆ تاك دەچن، ئاراستەی لێکۆڵینەوەکانیان لە رستەوە بۆ فەرهەنگە، لێرەدا ئەم بەشەمان بەپێی ئەم سیستمە پۆلێن کردووە.

بەم پێیە دەربڕاوەکانی زمان کەرەستەی ئەم بابەتەن، ئیدیۆمەکان بە چەشنی رستەیی‌و فرێزی‌و وشەیی، چەشنێکن لەو دەربڕاوانەو وردبوونەوە لە پێکهاتەی سینتاکسی و دۆزینەوەی ئەو یاسایانەی، کە پێکی هێناون و دیاریکردنی هاوبەشی و جیاوازییان لەگەڵ دانەکانی تری زماندا، کاری زمانەوانە، دەبێت لێی بکۆڵرێتەوە ، جا لەبەر ئەوەی ئیدیۆم یەکەیەکی زمانی ئاخاوتنەو لەگەڵ دەربڕاوە ئاساییەکانی تردا بەکار دەهێندرێن، دەبێت بە گشتی پەیڕەوی یاسای سیستمی زمانەکە بکەن و بەرجەستەبووی سینتاکسی زمانەکەبن، هەرچەندە ئەمانە جگە لە نادارِشتەیی واتایان، بە چەسپاویی‌و قاڵبداریی فۆرمەکەیان، لە یەکە زمانییەکانی تر جیا دەکرێنەوەو بەوە دەناسرێنەوە، کە بە ئاسانی مل نادەن بۆ هەموویاساو رێسا سینتاکسییەکان و هەرئەمەش وایلێکردوون ببنە ئیدیۆم. زمانەوانان بە پێی چەندین پێوەری سینتاکسی جۆراوجۆر، ئیدیۆمیان دابەشکردووە و شییان کردوونەتەوە(*)، لەم بەشەدا هەوڵدەدەین بەپێی دیارترینی ئەو پێوەرانە ئیدیۆمی کوردی شی بکەینەوە:

---

(*) وەك:١. پۆلێنکردنیی بەپێی بەشەکانی ئاخاوتن(ناوی، ئاوەڵناوی، ئاوەڵکرداری، کرداری). ◄

## o به پێی فۆرم‌ومۆدێلی پێکهاتنی ئیدیۆم:

بۆ پۆلێنکردن و دیاریکردنی فۆڕمی ئیدیۆم، (ن.م.شانسکی)، کە زمانەوانێکی رووسە، بەم شێوەیە لە فۆڕمی ئیدیۆمی کۆڵیوەتەوەو دابەشی کردووە و سێ جۆری دەستنیشان کردووە[٩٠]، کە بریتین لە:

١. پێکهاتەی ئەو ئیدیۆمانەی، کە لە شێوەی وشەی لێکدراودان (یا لە لەیەکدانی وشە) دروست بوون، وەك:

١٦٣) ئابڕووچوون.

١٦٤) خەیاڵپڵاو.

١٦٥) دڵڕەق.

٢. پێکهاتەی ئەو ئیدیۆمانەی، کە فۆڕمی فرێزیان هەیە، وەك:

١٦٦) شاری بێ حاکم. [واتە ماڵێك گەورەی تیا نەبێت توشی پشێوی‌و پاشاگەردانی دەبێت].

١٦٧) کەڵەشێری ناوەخت. [بە یەکێك دەڵێن کارێك بکات و ئەنجامەکەی بۆخۆی خراپ بێت، واتا نەهامەتیەتی، بۆیە ئەو کارە دەکات].

١٦٨) بازاڕی کەساس. [دەرامەتی کەمە، نافرۆشرێت، پشت گوێ خراوەو کەس بەلایدا نایەت و کەس گوێی لێ ناگرێت].

٣. فۆڕمی پێکهاتەی ئەو ئیدیۆمانەی، کە لە شێوەی رستەدان، وەك:

١٦٩) سەری دنیا بە پووش نەگیراوە. [دنیا بەرەڵڵا نییە هەرکەس بە ئارەزووی خۆی بێت، گوێ نەداتە کەس، یان هیچ لێپرسینەوەو شیرازە نەبێت].

١٧٠) ئاوی پێی داهات. [زۆر ماندووەو هیلاك بووە].

١٧١) کلك و گوێی کرد. [بۆ هەڕەشەیە، واتا تەمێی کرد، سزای پێ دەنۆشێت و تووشی زیانی دەکات، زوو وا باوبوو کە گوێی ولاخی دوژمن، یان کلکی بۆ ئەتك و هەڕەشە دەبڕدرا].

هەواڵنامەی کتێب

---

= ٢.پێکهاتەیان کراوە بە پێوەر ئەویش (بە پێی ڕێساکانی زمانی ئەمڕۆ سازدراون، یان بە پێی ڕێساکانی زمانی ئەمڕۆ سازنەدراون).

(90) ن.م.شانسکی: (١٩٦٩: ٩٩-١١٧).

له رووی فۆڕمەوە، ئەم پۆلێنە فـۆڕمی ئیـدیۆمان بـۆ دەستنیـشان دەکـات، لـە رووی ڕۆنانیشەوە، پۆلێنەکەی (Fraser) وەك پێوەرێك بەکار هێنراوە، ئەوەش لەبەر ئەوەی بە وردی پێکهاتەو ڕۆنـانی ئیـدیۆمان بـە پێـی ئـەو هەڕەمـە چەسپاوەی کـە هەیـەتی، بـۆ دەستنیشان دەکاتو بە هۆیەوە پلـەو ئاسـتی چەسـپاویی دەربڕینـە ئیدیۆمییـەکانمان بـۆ روون دەکاتەوە، لـە لایـەکی تـرەوە هاوبەشـیو جیاوازیـشیان لەگـەڵ هاوشـێوەکانی تـری پێکهاتەی ئیدیۆمیدا دەخاتە روو.

**دووەم: ڕستەی ئیدیۆمیی**

یەکێك لەو فۆڕمو قاڵبانەی ئیدیۆمی تێدا دەردەکـەوێت ڕسـتەیە، لـە ڕسـتەدا کـردار هەڵسوڕێنەرو بزوێنەرەو بوونی ڕەگەزەکانی تر دیاری دەکاتو، سەری ڕێزمانی ڕستەیەو، ڕەگەزەکانی تر لە ڕێگەی داواکاری کردارەوە، دێنە ناو پێکهاتەی قووڵ و ڕۆڵـی بابەتانـە وەردەگرن، بە پێی جۆری کردار، ئارگومێنتەکان دەستنیـشان دەکـرێن، کـرداری تێنەپـەر تـــەنها یـــەك ئارگومێنـــت هەڵدەبـــژێرێ و حـــوکمی ڕێزمـــانی دەکـــات ، (بڕوانـــە ئیـدیۆمی(١٧٢))، کـرداری تێپـەڕ دوو ئارگومێنـت هەڵدەبـژێرێ، (بڕوانـە ئیـدیۆمی (١٧٣)):

١٧٢-(أ) باڵی گرت. [خێرا ڕۆیشت].

(ب) سەرودڵی گرت.

١٧٣-( أ) کای کۆن بەبا دەکات.

(ب) نۆکێك بە نۆ نانەوە دەخوات.

جـۆرێکی تـر لـە کـردار داوای ڕسـتەیەك دەکـات، وەك تەواوکـەرێکی دەرەکـی، کـە بکەوێتە دەرەوەی پێکهاتەی سینتاکسی ئەو ڕسـتەیەی، کـە خـۆی سـەری ڕێزمانییـەتی، (بڕوانە (١٧٤)):

١٧٤-(أ) دەبێت، ئەو دڕکەی لە ژێرپێ دەربهێنم.

(ب) دەبێت، بۆنی پێوە بکەیت.

پارتیکڵەکانی / ئەگەر/ و/ کە/ ، ڕستەی ئاڵۆز دروست دەکەن، وەك:

١٧٥- (أ) نایەم، ئەگەر ڕەشبەڵەکیش بێت.

(ب) بەوبایە دەژیم، کە لای تۆوە دێت.

هەواڵنامەی کتێب

لە رووی سینتاکسیەوە، ئیدیۆمە تەواوەکان بە چەسپاوی‌و قاڵبداری فۆڕمەکەیان دەناسرێنەوەو بەپێی پلەی چەسپاوێتیان رێگە بە ئەو گۆڕانکاری و کرانەوانانە دەدەن، کە رستە ئاساییەکانی تر رێیان پێدەدەن، لێرەدا ئەم تایبەتمەندییە سینتاکسیانەی ئیدیۆم بە پێی پێوەری ( فرێزەر) دەخەینە روو.

بۆ دابەشکردنی ئیدیۆم بە پێی تایبەتمەندیی پێکهاتەیی لە رستەدا، (Fraser-1970) و، دواتر (Makkai-1972) پۆلێنێکیان دیاری کردووە، لەژێر ناونیشانی (ئیدیۆمەکان لەگەڵ رێزمانی گواستنەوەدا)، سیستمێکی نوێی پۆلێنکردنیان وەك پێوەرێك بۆ دابەشکردنی ئیدیۆم، خستۆتە روو، کە بە پێی ئەو بنەمایانە دەڕوانێتە جۆری ئەو گواستنەوانەی ئیدیۆم رێیان پێدەدات، بۆ ئەمەش هەرەمێکی چەسپاوی دامەزراندوە، کە لە حەوت ئاستی جێگیری (فۆڕم پتەویی- قاڵبداریی) پێك هاتووەو بە پێی ئەم هەرەمە چەسپاوە ، ئیدیۆمەکان بە (٧) ئاست رێکخراون‌و پلە پلە کراون، بەم شێوانە لە ئاستی(L0 ⟵ L6).

بە پێی پۆلێنەکەی (Fraser)، کە بە هۆیانەوە سروشتی ئیدیۆم و جیاوازی و هاوبەشیان، لەگەڵ رستەکانی تری زماندا روون دەبێتەوە، ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێ بدرێت، ئەو راستیەیە کە هیچ ئیدیۆمێك نییە رێگە بەهەموو گۆڕان و گوێزانەوەکان بدات، تا رادەو پلەی بە قاڵبوونی و چەسپاویی ئیدیۆم لە رووی سینتاکسیەوە زیاتر بێت، ئەوا لە رووی سیمانتیکەوە لێڵی ئیدیۆمەکە زیاد دەکات و بە پێچەوانەشەوە. لێرەدا باس لە پێوەرەکانی (Fraser) دەکەین و بەسەر ئیدیۆمە کوردییەکاندا جێبەجێی دەکەین.

**ئاستی یەکەم L0 ( ئیدیۆمی جێگیر ):**

ئاستی تەواو چەسپاوە، ئیدیۆمی ئەم ئاستە فۆڕم جێگیرن و بوون بە قاڵب و بە ئیدیۆمی تەواو دانراون، ئەمانە بەوە جیا دەکرێنەوە، رێگە بە هیچ گۆڕانکاری و تێئاخنین و گوێزانەوەیەك نادەن و لە رووی فۆڕمەوە تەواو چەسپاون و لە رووی واتاشەوە تەواو لێڵن، وەك:

١٧٦- (أ) لە سەگ سواڵ دەکات.

(ب) لە گورگ سواڵ دەکات*.

(پ) لەسەگ داوا دەکات*.

(ت) لە ڕێوی داوا دەکات*.

١٧٧-(ا) دەزووی وشك دانییەتی.

(ب) پەتی وشك دانییەتی*.

(پ) دەزووی وشك دەمیەتی¯ (چاوێتی، زمانێتی... ) *.

١٧٨ —(ا) لە بنی هەمانەکەی دا.

(ب) لە پشتی هەمانەکەی دا*.

(پ) لە ژێر هەمانەکەی دا*.

(ت) لە بنی تورەکەکەی دا*.

١٧٩-(ا) پێی لێ کردە کەوش.

(ب) قاچی لێ کردە کەوش*.

(پ) پێی لێ کردە پێڵاوەوە*.

(ت) پێی خستە کەوش*.

١٨٠-(ا) تازە پیاکەوتوو.

(ب) نوێیە پیاکەوتوو*.

(پ) تازە تیاکەوتوو*.

هەواڵنامەی کتێب

**ئاستی دووەم:** L1 (**بەناوکردن**):

لەم ئاستەدا، ڕێگە بە بەناوکردنی (Nominalization) ی کردارەکان دەدرێت، کە لە پێکهاتەی ئیدیۆمەکاندا هەیە، وەك:

١٨١) شان بە شانی یەك دەڕۆن. ← شان بە شانی یەك ڕۆشتن.

١٨٢) شەقو شڕی کرد. ← شەقو شڕ کردن.

١٨٣) چاوی لێ دەکات. ← چاو لێ کردن.

١٨٤) ئابڕووی چوو. ← ئابڕوو چون.

١٨٥) زۆری تێگوشی. ← زۆر تێگوشین.

**ئاستی سێیەم:** L2 (**تێئاخنین**):

لێرەدا ئەو ئیدیۆمانەی دەکەونە ئەم ئاستەوە، ڕێگە بە هەندێ کەرەستەی زمانی وەك ئاوەڵناو دەدەن، کە بێنە ناو پێکهاتەی ڕستەییانەوە.یا ڕێگە بە کۆکردنەوەو نەرێکردن

دەدەن، یان هەندێ کەرەستەی پێکهاتەی ئیدیۆمەکە دەتوانرێت لابرێت بێ ئەوەی واتـای ئیدیۆمیان بشێوێت، بۆ نموونە:

١٨٦-(أ) دار بە پوازی خۆی دەشکێت.

(ب) دارەکان بە پوازی خۆیان دەشکێن.

١٨٧- (أ) ئاوی پێم داهات.

(ب) ئاوی پێمان داهات.

١٨٨-(ا) بە سەری کردەوە.

(ب) بە سەرییان کردنەوە.

کۆکردنەوە

١٨٩-(ا) مێشکی سەری بردم.

(ب) مێشکی بردم.

١٩٠-(ا) کوێرایی بە چاویدا هاتووە.

(ب) کوێرایی هاتووە.

لابردن

١٩١-(ا) بە دەستی بە تاڵ هات.

(ب) بە دەستی بە تاڵ نەهات.

١٩٢-(ا) قسەی خۆی دۆڕاند.

(ب) قسەی خۆی نەدۆڕاند.

١٩٣-(ا) سەرم لێی دەردەچێت.

(ب) سەرم لێی دەرناچێت.

نەرێکردن

١٩٤-(ا) لە گوێی گادا نووستوە

(ب) بۆ من لە گوێی گادا نووستووم ! (تێئاخنین)

(پ) کاکە ئێوە لە گوێی گادا نووستون. (تێئاخنین)

(ت) دەزانی لە گوێی گادا نەنووستووم. (نەرێکردن)

١٩٥-(ا) بە ژێرپێوە بوو.

(ب) بە ژێر (دەست) و پێوە بوو.

١٩٦-(ا) قوڕقوشمی بە گەروودا دەکات.

(ب) قوڕقوشمی( تواوە)ی بە گەروودا دەکات.

١٩٧-(ا) لەرزی بۆ بڕی.

(ب) لەرزو (تای) بۆ بڕی.

١٩٨-(ا) ئەگەر شەق بەری ئەچم.

(ب) ئەگەر (وەك سەگ) شەق بەری ئەچم یان (هەر ئەچم).

١٩٩-(ا) دەست ناپارێزێت.

(ب) دەستو(دەم) ناپارێزێت.

٢٠٠-(ا) قوڕی بۆ گیرایەوە.

(ب) قوڕی (زۆر)ی بۆ گیرایەوە.

**ئاستی چوارەم: L3 (جوڵاندنی بەرکارو ئەدڤێربڵ):**

لێرەدا دەتوانرێت بەرکار و ئەدڤێربلێ ئیدیۆمەکان بجوڵێنرێتو پاشوپێش بخرێن. وەك:

٢٠١- (أ) بە سەریدا تەقییەوە.

(ب) تەقییەوە بە سەریدا.

٢٠٢- (أ) بە سەریدا هات.

(ب) هات بە سەریدا.

٢٠٣-(ا) کە جام پڕبوو لێی دەڕژێت.

(ب) کە پڕ بوو جام لێی دەڕژێت.

هەواڵنامەی کتێب

٢٠٤-(ا) سەری لاکەی دێت.

(ب) لاکەی سەری دێت.

نموونەکانی (٢٠٥-٢٠٩) بۆ جێگۆرکێی ئەدڤێربڵ خراونەتە روو:

٢٠٥-(أ) کەس بەو دوعایە ناڵێت ئامین.

(ب) بەو دوعایە کەس ناڵێت ئامین.

٢٠٦- (أ) ئاگر لە ماڵیاندا ناکرێتەوە.

(ب) لە ماڵیاندا ئاگر ناکرێتەوە.

٢٠٧- (أ) وشکی کرد لە شوێنی خۆی.

(ب) لە شوێنی خۆی وشکی کرد.

٢٠٨-(ا) گەڕایەوە بە دەستی بەتاڵ.

(ب) بە دەستی بەتاڵ گەڕایەوە.

٢٠٩- (أ) دانوویان پێکەوە ناکوڵێت.

(ب) پێکەوە دانوویان ناکوڵێت.

**ئاستی پێنجەم: L4 (بکەر نادیاری):**

لەم پلەیەدا ئیدیۆمەکان دەتوانرێت بکرێن بە بکەری نادیار، بۆ نموونە:

-٢١٠

(أ) دوو نیشانە بە تیرێك دەپێکیێ. ← (ب) دوو نیشانە بە تیرێك دەپێکرێ.

٢١١- (أ) سەرپێچی دەکات. ← (ب) سەرپێچی دەکرێ.

٢١٢- (أ) سەرو دڵی گرت. ← (ب) سەرو دڵی گیرا.


**ئاستی شەشەم: L5 (گواستنەوە):**

گواستنەوە، پرۆسەیەکە لە هەموو زمانەکانی جیهاندا، لەوانە لە کوردیشدا هەیە، بە جێگۆرکێی کەرەستەکان و جوڵاندنیان، یان دیاردەی هێنانە پێشەوەی پێکهاتە لە رستەدا دەوترێت، لە رستەی ئیدیۆمیشدا وەك رستەی ئاسایی ئەم دیاردانەی تێدا بەرجەستەیە، وەك لە خوارەوە نموونەکان بە هێڵکارییەوە خراونەتە روو:

کەوڵتەمەی کتێب

٢١٣- (أ) سەری لەبەر هەتاو سپی نەکردووە.


(ب) لەبەر هەتاو سەری سپی نەکردووە.




هەواڵنامەی کتێب

**هێکاری ژمارە ( ٥ )**

٢١٤- (أ) ئاگر لە ماڵی درۆزن بەربووە ⟵ (ب) درۆزن، ئاگر لە ماڵی بەربووە.




**هێڵکاری ژمارە (٦)**

هەواڵنامەی کتێب

یا هێنانەپێشەوەی لاڕستە، وەك:

٢١٥- (أ) پیاو لە پشتەوە سەر دەبڕێت، ئەگەر دەستی بڕوات.

(ب) ئەگەر دەستی بڕوات، پیاو لە پشتەوە سەر دەبڕێت.

٢١٦- (أ) نازانیت چیە تا نەیچێژیت.


(ب) تا نەیچێژیت نازانیت چیە.

لە لایەکی ترەوە، رووبەکی تری گواستنەوە، دیاریکردنی پەیوەندی نێوان بنج و سیما، یان پێکهاتەی قووڵ و رووکەش و سروشتیان روون دەکاتەوە، ئەم رێبازە دەتوانێ چەند رستەیەکی بە رواڵەت جیاواز بخاتە پاڵ هەمان پێکهاتەی قووڵ و هەمان رستە بخاتە پاڵ چەند پێکهاتەیەکی قووڵی جیاواز، لەوانە:[٩١]

١- رستەیەك پێکهاتەیەکی قووڵی هەبێت و زیاتر لە یەك پێکهاتەی رووکەشی هەبێت، وەك لە هێڵکاری ژمارە (٧) و نموونەی (٢١٧) دا روون کراوەتەوە:

---


[91] بڕوانە: وریا عمر امین: (٢٠٠٥: ٢٩٤-٣١٠).




**هێڵکاری ژمارە (٧)**

٢١٧- (أ) من تۆم کرد بە جۆلآ مەکۆم بدزی !؟
(ب) تۆم کرد بە جۆلآ مەکۆم بدزی !؟
(پ) کردمیت بە جۆلآ مەکۆم بدزی !؟


بڕوانە هێڵکاری (٨) بۆ روونکردنەوەی نموونەی (٢١٧):




**هێڵکاری ژمارە (٨)**


بۆ سیمای یەکەم، یاسایەکی بەخورتیمان هەیە، کە دەبێت راناوی لکاو بە کارەکەوە بنووسینین و شوێنەکەی لە رستەدا دیاری بکەین و لەگەڵ بکەری رستەکەدا رێك بکەوێ.

لە سیمای دووەمدا، بکەر بە پێی یاسای بکەرلادان لابراوە، کـە ئەمـەش لـە زمـانی کوردیدا، یاسـایەکی گواسـتنەوەی بـە ئـارەزووە. وەك لـە هێڵکـاری ژمـارە (٩) دا روون کراوەتەوە:




**هێڵکاری ژمارە (٩)**


لە سیمای سێیەمیشدا، (تۆ) بـەرکاری راسـتەوخۆیەو یاسـایەك، هەیـە کـە دەگـونجێ جێناوی سەربەخۆی بەرکاری بە جێنـاوی لکـاو جێگیر بکـرێن. بڕوانـە هێڵکـاری ژمـارە (١٠):




**هێڵکاری ژمارە (١٠)**

لێرەدا ئەم رستەیە کە یەك پێکهاتەی قوولّی هەیەو بە چەند فۆڕمێکی جیا دادەڕێژرێت، بریتییە لە کردەی مۆرفۆسینتاکس، کە ئیدیۆمیش ئەم پرۆسەیە جێبەجێ دەکات.

٢- رستەیەك زیاتر لە بنجێکی هەبێت. بڕوانە هێڵکاری ژمارە (١١):




**هێڵکاری ژمارە (١١)**

٢١٨) شانی پیێدا کرد (لفی لێداو خواردی).
- شانی پیێدا کرد (شانی کرد بە چاکەتەکەداو لەبەری کرد).
- شانی پیێدا کرد (بە تەکان کەوتە ریێ).
- شانی پیێدا کرد (زەوتی کرد).
- شانی پیێدا کرد (قۆڵی لیێ هەڵماڵی و کارەکەی کرد).
٢١٩) گوێی بری (فیێڵی لیێ کرد).
- گوێی بڕی (بە گران شتەکەی پیێ فرۆشت).
- گوێی بڕی (تەمیێی کرد).

واتای ئەم رستانە، لە ریێی پراگماتیك و بارودۆخی قسەکەرەوە روون دەبنەوە.

**ئاستی حەوتەم: L6 ( دەربڕینی ئیدیۆمی دەبێتە دەربڕینی ئاسایی ):**

بە دەرچوون لەو شەش پێوەرەی لە پێشەوە باس کران، ئیدیۆمەکان بەهای ئیدیۆمیان نامێنێتو دەبنە دەربڕینێکی ئاسایی.

٢٢٠) بەرز بە ئاسماندا دەفڕێت.
٢٢١) کە دەڕوات ئاوڕ لە کەس ناداتەوە.
٢٢٢) دەستی بە چەقۆ بڕی.

٣/٣) فریێزی ئیدیۆمی:

رسته له کەتیگۆریە سینتاکسیەکان پێکهاتووه، فرێزەکان جۆرێکی ئەو کەتیگۆرییانەن کە لە وشەیەك، یان کۆمەڵە وشەیەك پێك هاتوون ((فرێز بریتییە لە وشەیەك یان زنجیرە وشەیەك، کە وەك یەکەیەکی سینتاکسی، گۆکردنێکی سینتاکسی هەبێت و لە جێکەوتەی تری رستەدا وەك ئەو یەکەیە بەکار بهێنرێتەوە))[٩٢].

ئیدیۆم یەکەی زمانەوانییە، مۆرفۆلۆجی و سینتاکس و سیمانتکییان هەیە، ( de Sciullo & Williams) دەڵێن: ((ئیدیۆمەکان بابەتی سینتاکسیین، بەوپێیەی ئەوان لە فەرهەنگدا تۆمار کراون))، یان بە شێوەیەکی وردتر (de Sciullo) تێبینی ئەوەی کردووە کە (ئەوان مەیلی نمایشکردنی سینتاکسیان هەیە هەروەك فرێزە نائیدیۆمییەکان)[٩٣]. بەمانەدا دەردەکەوێت، کە ئاکاری ئیدیۆم وەك فرێزە ئاساییەکان وایە.

فۆرمی فرێزی ئیدیۆمی، لەوەدا لە فۆرمی فرێزی ئاسایی جیاوازە، کە فۆرمیان چەسپاوە و جێگیرە، ئەمان کەمتر رێگا بە گۆڕین و فراوانکردن و تێئاخنین و ...تاد، بە کەرەستەکانی دەدەن، بەڵام فرێزەکانی تر وانین، دەتوانرێت بە ئارەزووی قسەکەر فراوان بکرێن و بگۆڕدرێن، وەك:

٢٢٣—(ا) ئاگری بن کا. [کەسێکی ئاشوبگێڕو شەڕانگێز].

(ب) ئاگری سەر کا*.

(پ) ئاگری بن پووش*.

هەواڵنامەی کتێب

٢٢٤—(ا) گوڵی سوور.

(ب) گوڵی جوان.

(پ) گوڵی بۆنخۆش .

٢٢٥-(أ) پیرێژنی دۆرژاو. [واتە دۆش داماوەو خەفەتبار دەنوێنێت].

(ب) ژنی دۆرژاو*.

(پ) پیرێژنی شیررژاو*.

---

(92) عەبدولجەبار مستەفا: (٢٠٠٥، ٧).

(93) Tim Ifill (2002: 2-6).

٢٢٦- (أ) ئەسپێی کراس کۆن.

(ب) ئەسپێی پانتۆڵ کۆن*.

(پ) ئەسپێی کراس پینەکراو*.

(ت) ئەسپێی کراس دراو*.

بەڵام بە گشتی فرێزی ئیدیۆمی لە رووی پێکهاتن و رۆنانەوە هەمان پێکهاتەی فرێزی ئاساییان هەیەو لە خوارەوە دەیانخەینە روو.

## سێیەم: فرێزی ئیدیۆمی

### جۆرەکانی فرێزی [٩٤] ئیدیۆمی:

**أ- فرێزی ناویی ئیدیۆمی و جۆرەکانی :**

ناوێك، بنەماو سەری واتایی ئەم فرێزی ئیدیۆمییەیەو دەتوانێت ئەرکی بکەریی و بەرکاریی لە رستەدا ببینێت، بەوپێیەی لە جێکەوتەی تردا دەردەکەوێتەوە (بڕوانە: ٢٢٧، ٢٢٨):

٢٢٧- (أ) ئەڵقە لە گوێکانی رژێم وڵاتیان وێران کرد. (لە ئەرکی بکەریدایە ).

(ب) پێشمەرگە ئەڵقە لە گوێکانی رژێمی دەستگیر کرد. (لە ئەرکی بەرکاریدایە).

(پ) دادگا حوکمی لە سێدارەدانی بۆ ئەڵقە لە گوێکان دەرکرد. (لە ئەرکی ئەدڤێربەڵدایە).


٢٢٨- (أ) مامەخەمە هات. (لە ئەرکی بکەریدایە ).

(ب) من مامەخەمەم بینی. (لە ئەرکی بەرکاریدایە).

(پ) من بە مامەخەمە مەزانە. (لە ئەرکی ئەدڤێربەڵدایە).

لەناو پێکهاتەی فرێزی ناویدا، ناوێك سەرەیەو ئەوانەی لە دەوروبەریدا دەردەکەون، دەرخەرن بۆی و بە پێی یاسای سەرکۆتایی، ئەم دەرخەرانە دەکەونە دواوەی ناوەکە، وەك (-ەکە، -ەکان، -یەك/ -ێك، -ان)، کە نیشانەی { + ناسراو و دیاریکرن، + تاك و کۆ} بە بناغەکە دەدەن. وەك لە هێڵکاری ژمارە (١٢) دا روون کراوەتەوە.

[94] بڕوانە: عەبدولجەبار مستەفا (٢٠٠٥: ٨).




**هێڵكاری ژمارە (١٢)**

لەگەڵ ئەمانەشدا، وشەی نیشانە (ئەمە- ئەمانە) بۆ تاك و كۆی نزیك، (ئەوە- ئەوانە) بۆ تاك و كۆی دوور، لەو كەرەستانەن، كە لە پێشەوەی ناودێن و دەبنە دەرخەر بۆی، نیشانەكانی {+ دەستنیشانكردن، + جیاكردنەوە، ± تاك و كۆ، ± نزیك و دوور} دەدەن بە ناوەكە، واتە (- ە) كۆتایی فرێزە ئیدیۆمییەكە نیشان دەدات. بڕوانە (٢٢٩).


٢٢٩- (أ) ئەو چاوچنۆكە لە هیچ كوێ جێی نابێتەوە.

(ب) ئەو ئاگری بن كایە هەر خەریكی ئاشوبگێرییە.

(پ) ئەو ژنە تەنیا باڵە زۆر هیلاكە.

لە هێڵكاری ژمارە (١٣) دا نوێنراوە.

١) N + Dem ← Ń




**هێڵكاری ژمارە (١٣)**

## فرێزی ناوی ئیدیۆمی، چەند جۆرێكی هەیە، كە ئەمانەن:

### ❊ فرێزی ناوی سادەی ئیدیۆمی:

دەگونجێت فرێزی ناوی، تەنها لەیەك ناو پێك هاتبێت، بڕوانە لە هێڵكاری ژمارە (١٤)دا داڕێژراوە:

٢) $\acute{N} \longrightarrow N$

$\acute{N}$
|
N
|
چاوچنۆك

**هێڵکاری ژمارە (١٤)**

ئەم جۆرەی فرێزی ئیدیۆمی، چەند دەرخەرێکی هەیە، کە لە پێش و دواوەی ناوەکەوە دێن، ژمارەو رادە یەکێکن لەو دەرخەرانەی کە لە پێشەوەی دێن، ژمارە چەندێتی دیاریکراوو رادەش چەندێتی دیارینەکراو دەردەخەن وەك:

٢٣٠) زۆر بڵێی مرۆڤ تووشی هەڵە دەکات.

نازناوە زانستی و کۆمەڵایەتییەکان/ ئاغا، مەلا،..../ لەو دەرخەرانەن، کە لە پێشەوەی فرێزی ناوی ئیدیۆمییەوە دێن، دەگونجێت دوو، یان زیاتر لەو نازناوانە لەیەك کاتدا، ببنە دەرخەر بۆی، وەك:

٢٣١-(أ) مەلا ئەمە ئاردە؟ [بە یەکێك دەوترێت کە کارێکی ناپەسەند بکات]

(ب) مامۆستا مەلا ئەمە ئاردە؟

*** فرێزی ناوی خستنە پاڵی ئیدیۆمی:**

رۆنانی ئەم جۆرە، ناسادەیەو لە جۆرەکانیدا روون دەکرێتەوە:

**- خستنە پاڵی خاوەنداری:**

پێکهاتنەکەی بە پێی ئەم یاسایە داڕێژراوە.

٣) $\acute{N}$ + 《 $\acute{N}$ + det 》

مۆرفیمی / - ی/ خاوەنداری لەم پێکهاتەیەدا پەیوەندییەکی خاوەنداری دەردەبڕێت، دۆخی رێزمانی خستنەپاڵ لە لای چەپەوە بۆ لای راست بە فرێزە ئیدیۆمییەکە دەبەخشێت، لە لایەکی تریشەوە مۆرفێمی / - ی/، ناوی دووەم دەکات بە خاوەنی ناوی یەکەم، ناوی یەکەم، کە نیشانەی 《 + گشتی 》 هەیە لەناو پێکهاتەی ئەو فرێزەدا،


نیشانەی ﴿ + جیاکراوە ﴾ ی دەدرێتێ، ناوی یەکەم لەم پێکهاتەیەدا، سەری واتاییەو ناوی دووەمیش بە یاسای سەر کۆتایی، سەری ڕێزمانیی فرێزە ئیدیۆمەکەیەو بە هۆی /- ی/ خستنەپاڵی خاوەنداریییەوە لە لای چەپەوە بۆ لای ڕاست حوکم دەکات. بڕوانە (٢٣٢):

٢٣٢- (أ) مانگای مالوان.

(ب) بزنی دێلێژە.

(پ) دانی مار.

پێکهاتەی فرێزە ئیدیۆمییەکانی (٢٣٢)، لە هێڵکاری ژمارە (١٥) دا دارێژراوە.




هەوالنامەی کتێب

**هێڵکاری ژمارە (١٥)**

لەگەڵ ئەوەشدا، کە / - ی/ خستنەپاڵ لە {دەستت، چاوت، دڵی}، لە نموونەی (٢٣٣) دا دەرنەبڕاوە، کەچی وەك فرێزە ئیدیۆمێك ڕێیان پێدەدرێت.

٢٣٣) دەستت بە کەوگیرەو چاوت لە فەقیرە.

ئەم پێکهاتانەی (٢٣٣)، بۆیە ڕێیان پێدراوە، لەبەر ئەوەی مۆرفۆسینتاکسی پێکهاتەی [دەستی تۆ، چاوی تۆ] ن، کە لە هێڵکاری (١٦) دا، پێکهاتەی (٢٣٣) دەخرێنەروو.




**هێڵکاری ژمارە (١٦)**

(١-ب) خستنەپاڵی خاوەنداری زگماکی:

لە رووی پێکهاتەوە، هەمان رۆنانی خاوەندارییی رووتی هەیە، ناوی یەکەم دەرخراوەو ناوی دووەم دەرخەرەو خاوەنی زگماکی و هەمیشەیی ناوی یەکەمە، بڕوانە (٢٣٤، ٢٣٥).

٢٣٤) بسکەی سمێڵ.

٢٣٥) مووی لووت. [بە کەسێك دەوترێ لە مرۆڤ نەبێتەوە].

**- خستنە پاڵی تایبەتی:**

پێکهاتەی خستنەپاڵی تایبەتی و پێکهاتەی خستنەپاڵی خاوەنداری وەکویەکە، تەنها جیاکاری لە نێوانیاندا ئەوەیە، کە کەرتی دووەمی، ناوی تایبەتییەو مۆرفیمی /- ی/ لەم رۆنانەدا، ناوی دووەم ناکاتە خاوەنی ناوی یەکەم، لەگەڵ ئەوەی دۆخی رێزمانیی خستنەپاڵ دەبەخشێت. بڕوانە (٤):

٤) Ń + ﴿ det + Ń ﴾ بڕوانە (٢٣٦):


٢٣٦- (أ) بەیتی بلە. [بە یەکێك دەڵێن لەسەر قسە زۆر بڕوات و نەیبڕێتەوە].

(ب) مەڕی پێغەمبەر [بە کەسێك دەوترێ قورس و زل و زۆر خۆر بێت].

(پ) بەڕووی دەمی بزن. [بە کەسێکی تەنها دەوترێت].

هەواڵنامەی کتێب

هێڵکاری (١٧) لە خوارەوە دەنوێنرێت:




**هێڵکاری ژمارە (١٧)**

٥- (أ) D + ⟨ Ń + det ⟩ → فرێزی خستنەپاڵی خاوەندارییی ئیدیۆمی

٥- (ب) Ń + ⟨ Ń + det ⟩ → خستنەپاڵی تایبەتی ئیدیۆمی

**ب- فرێزی دیارخەریی ئیدیۆمی:**

پێکهاتەی ئەم جۆرەی فرێزی ئیدیۆمی، وەك جۆرەکانی تر، جیای دەکاتەوەو خاوەنی ڕۆنانی سەربەخۆی خۆیەتی، وەك لە (٦) دا دەخرێتەڕوو.

٦) Det + N ⟵ فرێزی دیارخەریی بڕوانە (٢٣٧)

٢٣٧- (أ) چاونەترسەکە کوژرا.

(ب) زۆر بلێیەکە دەمکوت کرا.

٧) N + ⟨ N + det ⟩ بڕوانە (٢٣٨):

٢٣٨- (أ) گوڵی مەجلیس.

(ب) کەللەی شەکر.

(پ) قسە زل.

لە پێکهاتەی ناوەوەی (٢٣٨-پ) دا، بە هۆی مۆرفیمی /-ی/، /-ە/ ئەو دەستەواژەیە پێکەوە بەستراوە، بۆ ئەوەی دۆخی ڕێزمانی بە ئیدیۆمە فرێزەکە بدات. سەری ڕێزمانییەکەیان لە چەپەوە بۆ ڕاست، حوکمی ناوەکە دەکات.

یەکێکی تر لەو یاسایانەی پێکهاتەی فرێزی دیارخەری ئیدیۆمی دەنوێنێت، لـە (٨) دا دەرخراوە.

٨) N + (Dem) Det ⟵ فرێزی دیارخەری (بڕوانە (٢٣٨- أ ب پ)).

**پ- فرێزی ئاوەڵناوی ئیدیۆمی:**

پێکهاتەی ئەم جۆرە ئاوەڵناوێکـە، ئاوەڵنـاو وەك دەرخـەرێکی نـاو، بـەبێ نـاو هـیچ ئەرکێکی نییەو ئاوەڵناوەکـان سـیفات و سـیمای شـتەکانی دەوروپـشت روون دەکەنـەوەو دیاری دەکەن (بڕوانە (٢٣٩))، ئیدیۆم لەگەڵ ئاوەڵناودا وەك یەکن، بەوەی کە ئاماژە بـە سیفات و تایبەتێتیی شـتەکان دەدەن، بـەڵام فـۆڕمی ئیـدیۆم جیـا لـە فـۆڕمی ئاوەڵنـاو، ئاماژە بە چەمکەکان دەکەن، بە واتایەکی تر ئیدیۆمەکان ڕێگایـەکی تـری دیـاریکردن و ڕوونکردنەوەی تایبەتمەندی شتەکانی دەوروپشتە بە فۆڕمێك، کە جیاوازە لەو فۆڕمەی کە هەیە (بڕوانە (٢٣٩) و (٢٤٠)).


٢٣٩- (أ) ئەو ماڵە نان بدەن. (بە دەربڕینی ئاسایی).

(ب) ئەو ماڵە خۆڵەمێشیان زۆرە. (بە دەربڕینی ئیدیۆمی).

٢٤٠- (أ) ئەو ژنە زوو زوو منداڵی دەبێت. (بە دەربڕینی ئاسایی).

(ب) ئەو ژنە شفتە ژێ دەکات. (بە دەربڕینی ئیدیۆمی).

پێکهاتەی ئەم جۆرە، لە ناوێکی گـشتی و ئاوەڵناوێـك دروسـت بـووە، ئاوەڵنـاو وەك کەرتی دووەمی پێکهاتەکە، دەرخەری ناوەکەیە. لە هێڵکـاری ژمـارە (١٨) دا دەخرێنـە ڕوو.




**هێڵکاری ژمارە (١٨)**

یاساکەی لە (٩) دا دارێژراوە:

٩) $N + (\bar{A} + det)$

کەواتە هەرچەندە ئیدیۆم سیفات و تایبەتێتی دەردەخات لەگەڵ ئەوەشدا ئاوەڵناو بەشداری لە پێکهاتنیدا دەکات، پێکهاتەی ئەم فرێزە ئیدیۆمییە، پرۆژەیەکی دانەخراوە، دەتوانرێت ژمارەی ئاوەڵناوەکانی زیاد بکرێت. (بڕوانە (٢٤١)).

٢٤١- (أ) لە سەر بەردی رەق وتەق نان پەیدا دەکات.

(ب) خزمەتی داری بێ بەر دەکات.

(پ) بۆنی شیری خاو لە دەمی دێت.

ئاوەڵناوی ئیدیۆمی بە هەمان پێکهاتەوە، لە بەشی کرداریشدا دەر دەکەون (بڕوانە (٢٤٢)) چونکە لە جێکەوتەی ئاوەڵکرداردا دێن و وەك ئەو ئەرك دەبینن و پێیان دەوترێ ئاوەڵکردار ئاسا، وەك:

٢٤٢- (أ) ئەوچاو لە دەرە.

(ب) ئێوە زۆر سەر بەگۆبەندن.

جێکەوتەی فرێزی ناوی لە رستەدا هەمیشە لە بەشی بکەریدایە، ئەم جۆرە فرێزانە، سەرە واتاییەکانیان ناون، دەتوانن لە جێکەوتەی بکەر، یان ف.ن دا دەربکەون و بەفرێزی ناویئاسا ناوزەد بکرێن (بڕوانە (٢٤٣)).

٢٤٣- (أ) چاکی مەردانەی لێ هەڵکرد.

(ب) سەری کوێرەمار لە جانتاکەیدایە.

**ت- فرێزی پێشناوی و ئاوەڵکرداریی ئیدیۆمی:**

فرێزی پێشناوی ئیدیۆمی، لە پێشناوێك و فرێزێکی ناوی پێکدێت، لە (١٠) دا شێوازبەند کراوە.

١٠) $N + preposition \longrightarrow P$

لەم فرێزە ئیدیۆمییەدا، پێشناو سەری حوکمکەرەو حوکمکردنەکەشی بە پێچەوانەی سەرە رێزمانییەکانی ترەوەیە، لەراستەوە بۆ چەپ حوکمی فرێزی ناوی دەکات (بڕوانە (٢٤٤)).

پێکهاتەی ئەم جۆرە، ناسادەیەو پێشناو سەری حوکمکەرە. جێکەوتەی پێشناوی، لەناو بەشەکرداردایە،
بۆیە توانای ئەوەی هەیە رۆڵی ئاوەڵکردار ئاسا ببینێت (بڕوانە (٢٤٥)).
٢٤٤) بە باچوو. [تەمەنی رۆیشت، یان رەنجی بەفیڕۆ چوو].
٢٤٥) بە دەم و پلە. [روو بە خەڵك دەدات و لەگەڵیاندا ناسکەو زمانی لەوبارەیەوە تیژە]
فرێزی ناوی بەچەند رێگەیەکی تر، نیشانەی ئاوەڵکرداری لەو جێکەوتەیەدا وەردەگرێت:
وەك دووبارەکردنەوەی فرێزی ناوی بەبێ یاریدە (بڕوانە (٢٤٦)) و بەیاریدە بڕوانە (٢٤٧).
٢٤٦ -( أ) هانی هانی لەسەرە. (ب) دەستی دەستی پێ دەکات.
٢٤٧- (أ) چاوی لەچاوی بهاتایە. (ب) کەس بە کەس نییە.


**ج- فرێزی کرداری ئیدیۆمی:**

کردار، بزوێنەری رستەیەو بەشێکی گرنگی بەشە کردارەو وەك سەرە ئەرك دەبینێت، پێکهاتەکەی لە (١١) دا یاسابەند کراوە.

١١) Verb + N ⟶ Verb p (بڕوانە (٢٤٨))

٢٤٨- (أ) بەباچوو.
(ب) بارەی بڕی. [دەمکوتی کرد، لە جرت و فرتی خست].

جۆری ئەو کردارانەی لە (٢٤٨) دان، کردارە تێپەڕەکانن، [کرد] وەك سەرە ئەرك دەبینێت و [بار] تەواوکەرە، [باری کرد] پێکهاتەیەکی فرێزی کرداریی ئیدیۆمییەو لە هێڵکاری ژمارە (١٩) دا، خراوەتە روو.




**هێڵکاری ژمارە (١٩)**

فرێزی نـاوی و فرێـزە ناوییـە ئاسـاکان، تەواوکـەری فرێـزی کرداریـی ئیـدیۆمی پێـك دەهێنن، چونکە دەتوانن لەجێکەوتەی فرێزی ناویدا دەربکەون، یاساکەی لە (١٢) نیشان دەدرێت.


١٢-(أ) V + D

(ب) V + A

٢٤٩- (أ) رەش و سپی جیاناکاتەوە [مرۆڤێکـــی نـــەزان و نەشـــارەزایە، نەخوێندەوارە].

(ب) پەنا حەجەکەی گرتووە.

(پ) ئاگرەکەی خۆش کرد. وەك لەم هێڵکارییەدا دیارە:




هەوالنامەی کتێب

**هێڵکاری ژمارە (٢٠)**

بەوپێیەی کردار هەڵسوڕێنەری رستەیە، ئەرکی دیـاریکردنی ئـەو رەگەزانـە لـە رووی پێکهاتەو واتاوە دیاری دەکات، بە واتایەکی تـر، کـردار دۆخـی رێزمـانی بـەرکاری راســتەوخۆ بــە فرێــزی نــاوی دەدات و بــەم دوانــەش فرێــزی کــرداری پێکــدێن و ئــەم پێکهاتەیەش، فرێزێکی تری ناوی بۆ خـۆی دیـاری دەکـات، تـا دۆخـی رێزمـانی بکـەری پێببەخشێت (بڕوانە (٢٥٠)).

٢٥٠) پاروی گەورە دەگلێنێت.

٢٥١) کاڵەك بە ئەژنۆ دەشکێنێت.

کرداره ناتەواوەکان (بێ هێزەکان)، ناتوانن بە تەنیا رۆڵی بابەتانە بدەن، لەبەر ئەوەیە لەگەڵ هەموو چەشن و جۆرەکانی فرێزی ئیدیۆمیدا دێن (بڕوانە (٢٥٢)).

٢٥٢- (أ) منداڵ بازاڕە. (بەفرێزی ناوی)یەوە یە.

(ب) سەر راستە. (بەفرێزی ئاوەڵناوی) یەوەیە.

(پ) ژنێکی بە دەم و پلە. (بەفرێزی پێشناوی) یەوەیە.

لێرەدا ئاماژە بە شکاندنەوەی بکەرو بەرکار، لە پێکهاتەی مۆرفۆسینتاکسی فرێزی کرداری ئیدیۆمییدا دەدەین و یاساکانیان دەخەینە روو:

١-( أ) ناو + کەس (بکەری) + پێشناوی مۆرفۆسینتاکسی + رەگ + کات + کەس (بەرکاریی) بۆ رابردوو.

٢٥٣- أ) (پاڵی پێوەنا، دەستی لێ بەردا، دەستی پێدا چزا)

(ب) ناو + کەس (بەرکاری) + پێشناوی مۆرفۆسینتاکسی + کات + رەگ + کەس (بکەریی) بۆ رانەبردوو.

ب) (دەستی پێدا دەچزێ، دەستی لێ بەردەدا)

٢-( أ) ناو + کەس (بکەری) + پێشناوی مۆرفۆسینتاکسی + ئاوەڵناو + رەگ + کات + کەس (بەرکاری) بۆ رابردوو.

٢٥٤- أ) (سکم پێی سوتاوە، چاوم لێ سوورکردنەوە)

(ب) ناو + کەس (بەرکاری) + پێشناوی مۆرفۆسینتاکسی + ئاوەڵناو + کات + رەگ + کەس (بکەری) بۆ رانەبردوو.

ب) (سکم پێی دەسوتێ، چاویان لێ سووردەکەمەوە)

٣-( أ)ناو + کەس (بکەری) + پێشناوی مۆرفۆسینتاکسی + پێشگری ئاوەڵکرداری + رەگ + کات + کەس (بەرکاری) بۆ رابردوو.

٢٥٥- أ) (چنگی لێگیر کرد، سەری خوراند)

(ب) ناو + کەس (بەرکاری) + پێشناوی مۆرفۆسینتاکسی + پێشگری ئاوەڵکرداری + کات + رەگ + کەس (بکەری) بۆ رانەبردوو.

ب) (چنگی لێگیر دەکەم، سەری لێی دەخورێ)

هەواڵنامەی کتێب

### چ- فرێزی خستنەتەکیەکی ئیدیۆمی:

لەم جۆرەدا، ئەو پێکهاتەو کەتیگۆرییە سینتاکسییانە دەخرێنە تەك یەك، کە وەك یەکن، بە هۆی مۆرفیمی / -و/ پێکەوە دەبەسترێن، ئەم مۆرفیمە هیچ دۆخێکی ڕێزمانی نادات و تەنیا ئەرکی بەستنەوەی فرێزەکانە (بڕوانە (٢٥٦)).

٢٥٦-(أ) ئاو و گڵ هەڵی گرێت. (خستنە تەك یەکی دوو فرێزی ناوی).

(ب)ئاوی تاڵو ئاوی سوێرمان پێکەوە خواردۆتەوە. (خستنە تەك یەکی دوو فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی).

(پ) بە زەڵم و بە تانجەرۆ پاك نابێتەوە. (خستنە تەك یەکی دوو فرێزی پێشناوین).

(ت) ئاوی ئامون و تونی بابا چێت. (خستنە تەك یەکی دوو فرێزی ناوی تایبەتین).

(ج) لەتەڕ دەخوات و لە وشك دەنوێت. خستنە تەك یەکی دوو فرێزی کرداری).

(چ) دەستت بە کەوگیرەو چاوت لە فەقیرە. (خستنە تەك یەکی دوو فرێزی ناوی خاوەندارین).

(ح) بەرگی مەرەو دانی گورگ. (خستنە تەك یەکی دوو فرێزی دیارخەرین).

پێکهاتەیەکی گشتگیری ئەو جۆرە فرێزە لە (١٣) دا یاسابەند دەکەین.

١٣) X + Conj + X ⟵ Co-Ordinate p

### ح- فرێزی رادەی ئیدیۆمی:

ژمارەو رادە، دەرخەرێکی تری پێشەوەی فرێزی ناوین و نیشانەی چەندێتیی ناو دەردەخەن و هەردووکیان پێکەوە بە دوای یەکدا نایەن، بڕوانە (٢٥٧):

٢٥٧-(أ) چوار چاو.

(ب) دوو دڵ.

یاساکانی بریتین لە:

١٤-(أ) N + Q (تۆزێك حەیا بتگرێت).

(ب) D + Q (هێندەی مەشێلە).

(پ) P + Q (هێندەی بە دەمەوە مەدە).

(ج) Ā + Q (هێندەی کون تیایە مەپرسە).

(چ) V + Q (هیچی لە باردا نییە).

### چوارەم: فرێزی ئیدیۆمی و وشەی لێکدراوی ئیدیۆمی

ژمارەیەك فرێزی ئیدیۆمی و وشەی لێکدراوی ئیدیۆمی هەن، کە لە رووی فۆرمەوە هاوبەشن و بە هەمان واتاوە بەکار دەهێندرێن (تەنیا جیاوازی لە پێکهاتەیاندا بوونی (ی) لە نێوان کەرتەکانی فرێزەکەدایە)، فرێزە ئیدیۆمییەکە بە لابردنی (ی) خستنەپاڵ، دەبێتە وشەی لێکدراوی ئیدیۆمی (بڕوانە (٢٥٨)).

٢٥٨) چاوی روون ← چاوڕوون

چاوی شۆڕ ← چاوشۆڕ

چاوی چنۆك ← چاوچنۆك


دڵی تەنگ ← دڵتەنگ

پشتی پان ← پشتپان [٩٥]

یاساکەی بەم شێوەیەیە:

١٥) A + det + N ← A + N

لەم هێڵکارییەدا دەردەکەوێت:




**هێڵکاری ژمارە ( ٢١ )**

هەواڵنامەی کتێب

(95) هیدایەت عبداللە محمود: (٢٠٠٢: ٦٩).

## پێنجەم: ئیدیۆم و مۆرفۆلۆجی:

- **ئیدیۆم و وشە**

دیاریکردنی ڕۆنانی ناوەوەی وشەکان و، لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی فۆڕمی وشەکان و گرنگیدان بە چەمکی وشە بە گشتی، بابەتی لێکۆڵینەوە مۆرفۆلۆجییەکان پێك دەهێنن، سروشتی ئیدیۆمەکانیش بەشێکی گرنگی ئەم لێکۆڵینەوانەن، لە لایەك، وەك وشەکانن و لە فەرهەنگدا تۆمار دەکرێن‌و دانەی ئامادەی زمانن، لە ڕووی فۆڕم‌و واتاوە وەك یەك لێکسیم دەردەکەون، بڕوانە (٧/٣)، لە لایەکی تریشەوە، ئەو چەشنەی ئیدیۆم، کە فۆڕم و ڕۆنانی وشەی لێکدراوی هەیە، دەیهێنێتە ناو ئەم ئاستەوە.ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە ئیدیۆمەکان بە تەواوی وەك وشەکان وان، گەر وابوونایە، نەدەبوونە دوو دانەی زمانەوانیی جیاو سەربەخۆ، بەم پێیە بۆ جیاکردنەوەی سنووری نێوانیان، ئاماژە بەو جیاوازییانە دەدەین کە لە نێوان ئیدیۆم و وشەدا هەیە، کە ئەمانەن:

أ- لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە: هێز، کە دیاردەیەکی فۆنۆلۆجییە، هۆکارێکی جیاکارییە لە نێوان وشەو ئیدیۆمدا، ، ((یەکێك لەو نیشانە سەرەکیانەی کە وشە لە ئیدیۆم جیا دەکاتەوە، هێزە، وشە یەك هێز وەردەگرێت ، بەڵام ئیدیۆم دوو ، یان زیاتر))[٩٦] بە گشتی وشە یەك هێزی دەچێتە سەر، ئەمە جیای دەکاتەوە لە ئیدیۆم، کە لە هێزێك زیاتری دەچێتە سەر.

ب-لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە: لەگەڵ ئەوەی وشەو ئیدیۆم هەردووکیان بە ئامادەکراوی لە ئاخاوتندا هەن، جیاوازییان لەم ڕوانگەیەوە ئەوەیە کە وشەکان بەسەر مۆرفیێمەکاندا دابەش دەکرێن ئەمانیش لەوە زیاتر کەرت ناکرێن، چونکە واتاکانیان دەشێوێ وەك:

٢٥٩-(أ) ژن ——/——► ژ+ ن

(ب) خاك ——/——► خا+ ك

بەڵام ئیدیۆم بەسەر وشەدا دابەش دەکرێت و ئەمانیش جارێکی تر بۆ یەکەی وردتر شی دەکرێنەوە، وەك:

٢٦٠- (أ) خەیاڵ پڵاو ————► خەیاڵ + پڵاو

(ب) ڕوو ڕەشکردن ————► ڕوو + ڕەش + کردن

---

(96) ن.م. شانسکی: (١٩٦٩، ٣٦).

پ) له رووی روونانه‌وه(سینتاکسیه‌وه): ئیدیۆمه‌كان سركن و چه‌سپاون‌و به‌ ئاسانی ناتوانین یه‌كه‌كانی بگۆڕین، به‌ تایبه‌ت ئه‌وانه‌یان كه‌ به‌ ته‌واوی فۆڕم جێگیرن و قالبێكی به‌ستوویان هه‌یه‌، بڕوانه‌ :

٢٦١)چاوچنۆك.

ت- له رووی واتاییه‌وه: هه‌رچه‌نده ئیدیۆم له چه‌ند وشه‌یه‌ك پێك هاتووه، به‌لاّم یه‌كواتایی نیشان ده‌ده‌ن و له‌به‌ر ئه‌مه‌شه زۆر جار وشه‌ ده‌توانیٚ وه‌ك سینۆنیم به‌رامبه‌ر به ئیدیۆم به‌كار بهێنرێت، جیاوازی نێوانیان له‌م رووه‌وه ئه‌وه‌یه‌، كه زانینی مانای به‌شه پێكهێنه‌ره‌كانی وشه (وشه‌ی لێكدراو)، یارمه‌تیمان ده‌دات بۆ ده‌ستخستنی واتای وشه‌كه‌، بۆ نموونه ئه‌گه‌ر مانای (گوڵ) و (ئاو) زانرا، ده‌توانرێت واتای (گولاّو) بزانرێت بیٚ ئه‌وه‌ی پێویستمان به فه‌رهه‌نگ هه‌بێت، به پێچه‌وانه‌ی ئه‌مه‌شه‌وه زانینی مانای پارچه‌كانی ئیدیۆم یارمه‌تیمان ناده‌ن بۆ پێشبینی كردنی واتای ئیدیۆمه‌كه‌ به‌ گشتی، بڕوانه(٢/١).

هه‌وڵنامه‌ی سێتێر

■ ئیدیۆم‌و په‌یوه‌ندیی مۆرفۆلۆجی:

مۆرفۆلۆجی گه‌ڕانه به دوای رۆنانی ناوه‌وه‌ی وشه‌و دیاریكردنی په‌یوه‌ندی نێوان پێكهاته‌كانی، لێره‌دا دوو جۆر په‌یوه‌ندی (Morphological Relationship) له‌ نێوان پێكهاته‌كانی وشه‌دا دیاری كراوه‌، كه به په‌یوه‌ندی مۆرفۆلۆجی ناو ده‌برێن، ئه‌وانیش[٩٧]:

أ- لێكسیم دروستكردن، یان وشه‌ی داڕێژراو. بریتییه له په‌یوه‌ندی لێكسیمه‌كانی خێزانه وشه‌یه‌ك، كه ده‌چێته بواری سیمانتیكه‌وه‌و له فه‌رهه‌نگیشدا تۆمار ده‌كرێت. به دوو شێوازیش داده‌ڕێژرێن، به لاگر و به وشه، وه‌ك: (مزگه‌ر، مارماسی).

ب- فۆڕمه وشه دروستكردن، یان وشه‌ی رێزمانی. په‌یوه‌ندی فۆڕم و وشه‌كانی لێكسیمێك ده‌گرێته‌وه‌و له بواری سینتاكسدایه‌. ئه‌میش دوو جۆره، شكاندنه‌وه‌و گه‌ردان كردن.

ئیدیۆم، جگه له‌وه‌ی هێمای زمانییه‌و له شێوه‌ی وشه‌ی لێكدراوو فرێزو رسته‌دا ده‌بینرێت، به‌و پێیه‌ی یه‌كه‌ی فه‌رهه‌نگییشه‌، له ئاستی مۆرفۆلۆجی و سینتاكسیدا رۆڵ

---

(97) Martin Haspelmath (2002:38).

دەبینێت، کەرەستەکانی ئەم ئاستانە، یان بەهایەکی واتاییان هەیە، یان ئەرکێکی ڕێزمانی، ئیدیۆمیش بەو پێیەی لەم ئاستەدا دانەیەکە، دەبێت تایبەتمەندی هاوبەش هەبێت لە نێوان یەکەکانی ئەم بوارەداو بە لایەنی کەمەوە دەبێت لە ئاکاریاندا ڕەنگ بداتەوە ((ئیدیۆم دەچێتە ناو مۆرفۆلۆجییەوەو زیاتر وەك مۆرفیم وایە چونکە واتاکەی لە خۆوەیە))[٩٨]. کەواتە ئیدیۆم دانەیەکی ئاستی مۆرفۆلۆجییەو بەوپێیەی ئیدیۆم لە فەرهەنگدا تۆمار دەکرێت، (بڕوانە پاری داهاتوو) و ئەو یەکانەی پێکیان دەهێنن واتایەکی دیکە دەبەخشن، جگە لە واتای تایبەتی خۆیان، لەمەوە دەتوانین بڵێین کە ئیدیۆم بەهایەکی واتایی هەیەو ئاکاریان وەك وشە داڕێژراوەکان وایە، بۆ سەلماندنی ئەمەش بەراوردێك لە نێوان ئیدیۆم و وشە داڕێژراوەکاندا دەکەین و تایبەتیەکانیان دەخەینە ڕوو.

تایبەتیەکانی لێکسیم دروستکردن- وشەی داڕێژراو:

١- لێکسیم دروستکردن و ئیدیۆم، جۆرێکن لە پرۆسەی هێمادانان و دەچنە فەرهەنگەوەو واتای نوێ دروست دەکەن، وەك[٩٩]:

٢٦٢) ماستاو ⟵ وشەیە.

٢٦٣- (أ) چاونەترس ⟵ ئیدیۆمە [لە هیچ سڵ ناکاتەوە].

(ب) مانگابەکەڵ ⟵ ئیدیۆمە (بۆ سووکی بە کەسێك دەوترێ هەمیشە خەڵکی بەدواوە بێت).

٢- وشەی داڕێژراو و ئیدیۆم، فۆڕمێکی نوێ بە وشە (بنج) ەکە دەدەن، بۆ نموونە:

هەولێرنامەی کتێب

---

(98) محەمەد مەحوی: (٢٠٠٥: وانەی خوێندنی باڵا).

(99) بڕوانە: محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید قادر: (٢٠٠٦: ٥٧-٦٣).

٢٦٤) مار + ماسی ← مارماسی
فۆڕمەوشەی (١) فۆڕمەوشەی (٢) وشە

مەبەست فۆڕمی نوێ، واتای نوێی دروست کردووە.

٢٦٥- (أ) قسە + نەکلۆك ← قسە نەکلۆك
فۆڕمەوشەی (١) فۆڕمەوشەی (٢)

ئیدیۆم

(ب) دەست + بلاو ← دەستبلاو
فۆڕمەوشەی (١) فۆڕمەوشەی (٢)

٣- وشەی داڕێژراو و ئیدیۆم، هەندێ جار پۆلی وشە دەگۆڕن، واتە ئەگەر وشەکە ناوبێ، دوای لێکدان دەبێتە ئاوەڵناو، یان هەر بەشێکی تری ئاخاوتن، وەك:

٢٦٦) بێ + هێز ← بێ هێز
وشەداڕێژەر ناو ئاوەڵناو وشە

٢٦٧- (أ) چوار + چاو ← چوارچاو
ژمارە + ناو ئاوەڵناوی لێکدراو
(ب) دەست + بڕ ← دەستبڕ
ناو + ڕەگ ئاوەڵناوی لێکدراو
(پ) سەر + بە + گێچەڵ ← سەربەگێچەڵ
ناو + کۆنجێکشن + ناو ئاوەڵناوی ئاسا

ئیدیۆم

٤- کاری بنچینەیی وشە داڕێژراوەکە، قەدی نوێ بۆ وەرگرتنی گیرەکە ڕێزمانییەکان ئامادە دەکەن، لە ئیدیۆمیشدا بە هەمان شێوەیە:

هەولێرنامەی کتێب

٢٦٨) شا + سوار + ەکە + یان ← شاسوارەکەیان

قەدی لێکدراو

٢٦٩- (أ) چاو + چنۆك + ەکە + یان ← چاوچنۆکەکەیان

قەدی لێکدراو

(ب) قسە + زل + ەکە + یان ← قسە زلەکەیان

قەدی لێکدراو

ئیدیۆم

٥- لێکسیمە نوێکان، واتایان ناتوانرێ لە کەرتە بنجییەکانی وشە دارێژەرەکەوە دیاری بکرێ و بەئاسانی لێك جیا بکرێنەوە، ئیدیۆمیش بە هەمان شێوە واتاکەی ناتوانرێ دیاری بکرێت، کە لەکام کەرتی ئیدیۆمەکەوە هاتووە، تا لێك جیا بکرێنەوە، وەك:

٢٧٠) بەڕانەتی ئایا →
- بە + ڕان + ەتی
- بەڕان + ەتی
- بەڕا + نەتی

لە وشەدا

لێرەدا ئایا واتای ئەم وشەیە بۆ کام لە کەرتەکانی وشەکە دەگەڕێتەوە؟ دیاریکردنی ئاسان نییەو پێویستە بە یاسا واتاییەکان شی بکرێتەوە، لە ئیدیۆمیشدا بە هەمان شێوەیە، بڕوانە(٢٧١، ٢٧٢، ٢٧٣):

٢٧١) یەکشەوە ← لەپڕ دەوڵەمەندبوون

٢٧٢) مانگا بەکەڵ ← (بۆ سووکی بە کەسەێك دەوترێ هەمیشە خەڵکی بەدواوە بێت).

٢٧٣)چنگ لەسەر شان ← زۆر خێرا

ئایا ئەم واتایانە بۆ کام لە پێکهاتەکانی دەگەڕێتەوە؟

٦- لە بەکارهێنانی ئیدیۆم و لێکسیمی نوێدا، ئارەزوومەندییەك لە بەکارهێنانی وشەکەو هاوواتاکانیان بەدی دەکرێت، بە واتایەکی تر (وشە داڕێژراوەکە لە رووی ڕێزمانییەوە بەرامبەر تاکە وشە دەوەستێ و دەتوانرێ بە وشەی سادە جێگەی بگیرێتەوە، ئیدیۆمیش بە هەمان شێوەیە:

هەوالنامەی کتێب

لە وشەدا: ٢٧٤- (أ) (منالّ + ەکە) هات.

↓

(ب) (منالّ + ۆچکە) هات.

گۆڕینی (منالّەکە) بە (منالّۆچکە)، هیچ لە بەهای ڕێزمانی ڕستەکە کەم ناکاتەوە.

لە ئیدیۆمدا:

٢٧٥- (أ) چنگ لەسەرشان هات.

↓

بە خێرایی هات.

بە هەڵەداوان

(ب) لاوێکی چاونەترسە.

↓

لاوێکی ئازایە.

گۆڕینی ئیدیۆمی (چنگ لەسەرشان- چاونەترس) بۆ هاوواتاکانیان، (بە خێرایی- ئازا)، هیچ لە بەهای ڕێزمانیی ڕستەکە کەم ناکاتەوە.

٧- لێکسیمە نوێیەکە، واتای چەمکی بنجەکەی گۆڕیوەو لە ئیدیۆمدا بە هەمان شێوە چەمکەکە دەگۆڕدرێت، زۆر جار بۆ چەند چەمکێکی تر دەبنە ئاماژە، وەك:

لە وشەدا:

٢٧٦) پیاو + ەتی ← پیاوەتی

چەمکی (پیاو، پیاوەتی) لە رووی واتاوە جیاوازن.

لە ئیدیۆمدا:

٢٧٧) کاسە لێس ← - چڵکاوخۆر
← - نۆکەر

٢٧٨) تاكولۆ ← - جیاجیا
← - پەرشوبڵاو

لەم دوو ئیدیۆمەدا، وشەکانی [<کاسە>، <لێس>] و [<تاك>، <لۆ>] هەر یەکەیان لە رووی واتاوە جیاوازن، لەو واتا نوێیانەی کە دەیگەیەنن پێکەوە، واتای ئیدیۆمی واتە ئەو وشانە بەو فۆڕمانەیانەوە، جگە لە واتای فەرهەنگی، چەمکی نوێیش دەبەخشن و ئەمە سیمای سەرەکی ئیدیۆمەکانە.

٨- هەرچەندە لێکسیمە نوێکان بە زۆری لە رووی واتاوە روونن، هەندێ جار واتاکەیان پێشبینی ناکرێت، بە تایبەتی ئەگەر کەرتەکان فرەواتا، یان هاوبێژبن، ئەم تایبەتیە بە زۆری لە ئیدیۆمدا دەردەکەوێ[100]، چونکە زۆربەیان لە رووی واتاوە لێڵن.

**لە وشەدا:** ٢٧٩) هەڵکەوت: (أ) بە مانای دەرکەوتن، یان ناوداربوون.

(ب) بە مانای بەربوونەوە و پێ لەشت کەوتن.

**لە ئیدیۆمدا:** ٢٨٠- (أ) کەم دەست: ١-دەست کورت.

٢-- کەم دەسەڵات.

(ب) گەروگول: ١- پیس و پۆخڵا.

٢- هەژارو ریسوا.

(پ) دەم هەراش: ١- بەدەم و زمانەو بۆ قسە دانامێنێت.

٢- بە قسە کەس نایبەزێنێت.

٩- دەشێت وشە دارێژراوەکان، لە رووی واتاوە نا دارشتەیی بن، ئیدیۆمیش بە هەمان شێوەیە. وەك:

٢٨١) پیاو + ەتی ⟵ پیاوەتی (ناوی ئەبستراکتی دروست کردووە).
خۆشناو + ەتی ⟵ خۆشناوەتی (ناوی کردووە بە ناوی شوێن).
وشە

٢٨٢) چووە ژێری. ⟵ پێی لێ نا ، دانی پێدانا.
چووە ساڵەوە. ⟵ پیر بووە.
ئیدیۆم

■ **ئیدیۆم و پێکهاتنی مۆرفۆلۆجی:**

کوردی وەك زمانە لکاوەکان، لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆجیدا، بەشێکی کەمی وشەکانی سادەن (یەك مۆرفێم) و زۆرینەی وشەکانی بەرێگای لێکدان (لێکدانی دوو مۆرفێم)، یان

---

(100) بڕوانە: محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح رەشید (٢٠٠٦: ٦١).

دارِشتن (ئاوێتە کردنی مۆرفیمێك، یان زیاتر لەگەڵ لاگرەکاندا) پێکدێنێت، وشـەی سـادە لە رووی رۆنان و واتاوە لەگەڵ جۆری دووەمـی لێکدانـدا کـە ئیدیۆمـە، یـەك دەگرنـەوەو هەمان تایبەتمەندییان هەیە.

(وشـەی سـادە بـە وشـەی تاریـك دادەنـرێ، چـونکە واتاکانیـان لـە فۆرِمەکانیانـەوە، پێشبینی ناکرێت، تەنانەت ئەو وشانەش، کە بە سروشتی ناسراون، لە واتـادا هـەر لـێڵن، چـونکە واتاکانیـان لـە زمانێکـەوە بـۆ زمـانێکی تـر دەگـۆرِدرێن)[101] بروانـە (٢٨٣)، وشەکانی (جۆری لێکدان) بە پێی رۆنـان و واتایـان، بـۆ دوو جـۆر پـۆلێن دەکـرێن: جـۆری یەکەم: ئەوانەن، کە خۆمان سازیان دەکەین بە پێی یاسای مۆرفۆلـۆجی زمانەکـەمان، لـە رووی واتاشەوە بە وشەی روون دەژمێردرێن، چونکە واتاکانیان لە واتـای کەرتەکانییـەوە، پێشبینی دەکرێت و دەزانرێت، بە گشتی مانای ئەم جۆرە وشانە روونن، بروانە (٢٨٤):

٢٨٣) دار ، سەگ، گوڵ.... هتد.

٢٨٤- (أ) پیرەمێرد

(ب) سەوزەگیا


(پ) گوڵاڵە سوورە

جۆری دووەم: ئەو وشە لێکدراوانەن، کە بەئامادەکراوی لە هـەموو زمانێکـدا هـەن و لە کـاتی ئاخاوتنـدا ئێمـە دروسـتیان ناکـەین و بوونەتـە قاڵـب و جێگیربـوون، لـە رووی واتاییەوە بە وشەی تاریك دادەنرێن، لەبەر ئەوەی شێوەی فۆنەتیکی وشەکان، یان فۆرِمی وشەکان دەبنە هێما بۆ چەمکێکی تر، بـە واتایـەکی تـر ماناکانیـان لـە فۆرِمەکانیانـەوە پێشبینی ناکرێت، ئیدیۆمەکان لەم جۆرەی وشەی لێکدراون، بۆ نموونە کە واتای (چـنگ) و (لەسەر) و (شان) زانرا، ئەمانـە نابنـە رێنماییمـان بـۆ زانـینی مانـای دەربرِاوەکـە بـە گشتی، کە بە واتای (زۆر بە خێرایی) دێت، یان ئیدیۆمەکانی:

| | |
|---|---|
| ٢٨٥-(أ) چڵکاو خۆر | [بەکرێ گیراوی ئەم و ئەو]. |
| (ب) دەست کورت | [هەژار]. |
| (پ) چاو لە دوو | [بەشتێك دەوترێت بەخشرابێت بەڵام بە نابەدڵی]. |

[101] محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح رەشید: (٢٠٠٦، ٤١).

هەر یەك لەم واتا ئیدیۆمییانەیان، لە واتای بەشە پێكهێنەرەكانیانەوە نەهاتوون، ئەم دوو جۆرەی وشەی لێكدراو، لێكسیمی نوێ سازدەكەن و دەچنە فەرهەنگەوە، وەك لەم هێڵكارییەدا دەردەكەوێت:




هێڵكاری ژمارە (٢٢)

هەولێنامەی كتێب

كەواتە ئەو ئیدیۆمانەی، كە لە شێوەی وشەی لێكدراودان، دەچنە خانەی لێكدانی پێكهاتەی مۆرفۆلۆجیی زمانی كوردییەوە، بەم پێیە ئیدیۆم هەرچەندە بە ئامادەكراوی لە زماندا هەیەو قاڵبدارە، دەبێت یەكگرتنی یەكەكانی، كە ئیدیۆمەكەیان پێكهێناوە لەگەڵ رێسا مۆرفۆلۆجییەكانی زمانەكەماندا بگونجێت، یان بە لایەنی كەمەوە هاوبەشییەك لە نێوانیاندا هەبێت، ئەگینا ئەو كاتە ئیدیۆم لە هەموو زمانێكدا، یەك قاڵب و یەك پێكهاتەیان دەبوو، ئەمەش وانییە، راستە ئیدیۆم دانەیەكی گشتیی زمانەو لە هەموو زمانەكانی جیهاندا هەیە، لە نێوان زمانەكانیشدا ئیدیۆمی هاوبەش

لە رووی واتــاوە هەیــە، (بڕوانــە:٣/١)، لــە رووی رۆنانــەوە هــەموو میللــەتێك ئیــدیۆمی تایبەتیان هەیە، کە بە پێی یاساو رێسای زمانەکەیان دارێژراوە.

لێرەدا باس لە رۆنانی ئەم فۆرمەی ئیدیۆم دەکەین کە لە شێوەی وشەی لێکدراودایە، بۆ دیاریکردنی پێکهاتن و ئاکاریان، بەراوردی دەکەین لەگەڵ وشـەی لێکـدراوداو وشـەی لێکدراوی ئیدیۆمی، هەمان پێناسەی وشەی لێکدراوی ئاسایی بەسەردا جێبەجێ دەبێت، کە ((پێکهاتەیەکی فەرهەنگییە، لەدوو بنەما، یان زیاتر پێکـدێت و لــە رووی رێزمــان و واتاوە وەك یەك وشە رەفتار دەکات))[١٠٢].

وەك وشەی لێکدراو دووجۆر سەری هەیە، سەری رێزمانی و سەری واتایی، کە لەگـەڵ پێکهاتەو سیستم و رستەی زمـانی کوردیـدا، یـەك سـەرەوریز بوونیـان هەیـە، کـە سـەر کۆتایین، بۆ نموونە:

أ- ئەو وشانەی سەر کۆتایین:

ناو + سەری رێزمانی: چاوکاڵ


ناو + سەری واتایی: رۆژنامە

ئیدیۆمیش بە هەمان شێوە، لـە سـەرێك و تەواوکـەرێك پێـك هـاتووەو سـەرکۆتاییە، وەك:


ناو + سەری رێزمانی: دڵ رەق

ناو +سەری واتایی: بەد زمان

وەك لەم هێڵکارییانەدا دەردەکەون:




**هێڵکاری ژمارە (٢٣)**




**هێڵکاری ژمارە (٢٤)**

(102) هیدایەت عەبدوڵڵا محەمەد: (٢٠٠٢: ٨٤).


هەواڵنامەی کتێب

ب- ئەو وشـە لێکدراوانـەی (ئاوەڵنـاو) تیایانـدا دەچـێتە پێـشەوە، کـە ئاوەڵنـاو (- نیشانە ئاوەڵناوییـەکانی)، لەگـەڵ {(پێـشناو + نـاو)} [(١٠٣)] ، پێکهاتەکـەی پێکـدێنن، بڕوانە (٢٨٦):

٢٨٦- (أ) پیره پیاو [پیرێك كه پیاوه].

(ب) شۆخه ژن [شۆخێك كه ژنه].

وەك لەم هێڵكارییەدا دیارە:





**هێڵکاری ژماره ( ٢٥ )**

وشەی لێکدراوی ئیـدیۆمیش، هـەمان پێکهاتـەی هەیـە، وەك (٢٨٧)، لـەهێڵكاریی ژماره (٢٦) دا دیارە:

٢٨٧- (أ) سیسەمار

(ب) تازە بابەت




**هێڵکاری ژماره ( ٢٦ )**

هەواڵنامەی کتێب

- **وشەی لێکدراوی ئیدیۆمی و جۆرەکانی( ١٠٤ ):**

**أ- ناوی لێکدراوی ئیدیۆمی:**

ئیدیۆمی ناوی، ئەو جۆرانەن، کە ڕۆڵی ناو دەبینن و ئەم پێکهاتانەیان هەیە:

---

(103) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(104) بۆ دیاریکردنی ئەم پێکهاتانە، بڕوانە: ١. (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٧: ٨٤- ٩٥).

٢. (محەمەدی مەحوی :٢٠٠١ :٥١- ٥٢ ).

١٦) N + N → N

٢٨٨) < ئاگر> + < باران> — ئاگر باران، چاوجوان

١٧) N + Det + N → N

٢٨٩) < پایز> + / -ە / + <برا> — پایزەبرا، کونەبا

١٨) N + Co + N → N

٢٩٠) <ئاسمان> + / -و/ + <ڕێسمان> — ئاسمانو ڕێسمان، سەروگوێلاك

١٩) N + Det + N → N

٢٩١) < سەر> + / -بە / + < گۆبەن> — سەربەگۆبەن، سەربەقور

٢٠) A + N → N

٢٩٢) < دەست> + < کورت> — دەستکورت، چاوچنۆك

٢١) N + A → N

٢٩٣) < بەد> + < زمان> — بەدزمان، سوێرقسە

٢٢) N + Det + A → N

٢٩٤) < سیس> + / -ە / + < مار> — سیسەمار، تازەبابەت

٢٣) N + Conj + A → N

٢٩٥) < چڕ> + / -و/ + < چاو> — چڕوچاو، تڕوتفاق

٢٤) Base verb + N → N

٢٩٦) < سەر> + < شۆڕ — سەرشۆڕ، شەڕفرۆش

٢٥) Root verb + Conj + N → N

٢٩٧) < دەست> + / -و/ + < برد> — دەستوبرد، چڵكاوخۆر

٢٦) Rv + Conj + Rv → N

٢٩٨) < مشت> + / -و/ + < ماڵ> — مشتوماڵ، پەناوپەسێر

٢٧) N + Adv → N

٢٩٩) <سەر> + <قەڵەمانە> → سەرقەڵەمانە

هەواڵنامەی کتێب

**ب- ناوی ڕووداویی ئیدیۆمی:**

لەم ڕۆنانانەدا دەردەکەون:

٢٨) V + N → V

٣٠٠) <ئابڕو> + <چون> ئابڕوچوون، ملنان

٢٩) V + A → V

٣٠١) <ڕووڕەش> + <کردن> ڕووڕەشکردن، ڕووزەردبوون

٣٠) V + A + N → V

٣٠٢) <ئاگر> + <خۆش> + <کردن> ئاگرخۆشکردن، دەمچەورکردن

٣١) V + Adv → V

٣٠٣) <زۆر> + <تێگوشین> زۆرتێگوشین، بەرزفرین

٣٢) V + N + Conj + N → V

٣٠٤) <پەر> + / -و/ + <باڵ> + <کردن> پەڕوباڵکردن، پینەوپەڕۆکردن

٣٣) Adv + V + Conj + N → V

٣٠٥) <ئاو> + <کردن> + / -ە / + <ژێر> ئاوکردنەژێر

٣٤) V + Adv + N → V

٣٠٦) / -پێ / + / -لێ / + <داگرتن> پێ لێداگرتن

هەواڵنامەی کتێب

پ- ئاوەڵناوی لێکدراوی ئیدیۆمی:

ئەوانەن، کە ئەرکی ئاوەڵناو دەبینن و سەری ئیدیۆمەکە، بریتییە لە ئاوەڵناوێک، پێکهاتەیان لەم ڕۆنانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

٣٥) N + N → A

٣٠٧) < خەیاڵ > + < پڵاو > خەیاڵپڵاو، گەردنکەچ

٣٦) A + N → A

٣٠٨) < زمان> + < درێژ > زماندرێژ، چاوپیس

٣٧) N + Det + N ⟵ A

٣٠٩) <لێو> + / -بە / + <بار>     لێوبەبار، گوڵبەدەم

٣٨) N + A ⟵ A

٣١٠) <خۆش> + <باوەڕ>     خۆشباوەڕ

٣٩) N + Det + A ⟵ A

٣١١) <سیس> + / -ە / + <مار>     سیسەمار

٤٠) R + N ⟵ A

٣١٢) <قۆڵ> + <بڕ>     قۆڵبڕ، جەرگبڕ

٤١) R + A ⟵ A

٣١٣) <رەش> + <بین>     ڕەشبین، دوورکوژ


٤٢) N + No ⟵ A

٣١٤) <دوو> + <زمان>     دووزمان، چوارچاو، تەنیاباڵ

٤٣) R + Adv ⟵ A

٣١٥) <بەڵادا> + <هات>     بەلاداهات، بەباچوو

وەك لەم هێڵكارییەدا دەردەكەوێت:




**هێڵكاریی ژمارە ( ٢٧ )**

هەواڵنامەی کتێب

بە گشتی ئیدیۆم پەیڕەوی ڕێسا مۆرفۆلۆجییەکانی زمانەکە دەکات، بەو پێیە بە یەکەیەکی ئاستی مۆرفۆلۆجی دادەنرێ، ڕۆنان و ئاکاریان وەك کەرەستەکانی ئەم ئاستە وایە، ئەوەی لەم ئیدیۆمانە تێبینی دەکرێ ئەوەیە، کە زۆربەیان بە هەردوو واتای فەرهەنگی و ئیدیۆمی بەکار دەهێندرێن.

**شەشەم: ئیدیۆم و فەرهەنگ**

وشە، چەمکێکی بەرفراوانەو واتای زۆری هەیە، تا ئەو رادەیەی لێڵییەك بەرامبەر ئەم زاراوەیە دروست بووە، زمانەوانان بۆ دیایکردنی واتاکەی و کەمکردنەوەی لێڵییەکەی، بە پێی بواری بەکارهێنانی، زاراوەی زۆریان بۆ داناوە، یەکێك لەو بوارانەش بواری بەکارهێنانی وشەیە لە فەرهەنگدا، کە زاراوەکانی (لێماو لێکسیم و لیستێم،..) یان، بۆ داناوە، بۆ ناونانی ئەو هێما زمانییانەی لە فەرهەنگدا تۆمار دەکرێن. لێرەدا بە کورتی باس لە هەر یەکەیان دەکەین و تایبەتێتیان دەخەینەڕوو و، پەیوەندی نێوان ئیدیۆم و هەریەك لەم زاراوانە روون دەکەینەوە، بە مەبەستی دیاریکردنی ئیدیۆم وەك یەکەیەکی فەرهەنگی.

**أ- لێما:**

زانستی فەرهەنگنووسی، وەکو هەموو زانستەکانی تر، لایەنی تیۆری و پراکتیکی هەیە، کاری فەرهەنگ لە رووی تیۆرییەوە، بریتییە لە: ((دیاری کردنی لێماو دەروازەی زانیاری هەر لێمایەك، بەم پێیە لێما بریتییە لەو هێما زمانییانەی بە پێی پیڕەوی (أ، ب، ت،...) و یاساو ڕێسای زانستی فەرهەنگنووسی لە فەرهەنگدا تۆمار دەکرێن))[١٠٥]، لە لێکسیکۆلۆجیدا لێما ئەو وشەیەیە، کە ((لە سەرەتای دەروازە فەرهەنگییەکاندا، نواندنێکی ئەبستراکتی هەیەو هەموو گۆڕانە فەرهەنگییە شێوازبەندەکان، کە دەکرێ جێبەجێ بکرێ، پیشان دەدات. لە زانستی دەروونی زمانەوانیشدا، بۆ تایبەتمەندییە سیمانتیکیو سینتاکسی و فۆنۆلۆجییەکانی وشەیەك دەگەڕێتەوە، کە لە فەرهەنگی بنەڕەتیدا نوێنراوە))[١٠٦].

هەولێرنامەی گشتی

---

[105] محەمەد مەحوی: (٢٠٠٥، وانەکانی خوێندنی باڵا).

[106] Crystal (2003: 263).

دەروازەی زانیاریی هەر لێمایەکیش، بریتییە لە: ((واتاو نیشانە واتاییەکان، چۆنێتی دەربڕین، چۆنێتی و جۆری ڕێنووسکردنی، پەیوەندی ئەو لێمایە لەگەڵ لێماکانی تر، کە لە یەك ڕەگەوە هاتوون، ئاماژەدان بەو گۆڕانە کرۆنۆلۆجییانەی (زانینیی مێژوویی و بە دوای یەکدا ڕێکخراو،بەپێی کاتو ڕووداو)، کە بە سەریاندا هاتووەو دیاریکردنی کەتیگۆری فەرهەنگیی لێماکان، کە بریتییە لە ناو، ئاوەڵناو، ئەدڤێربڵ و کردار))[107]. دەروازەکانی فەرهەنگیش بە دوو شێوە داڕێژراون: ((پێکهاتەی هێمای لێکسیمی وهێمای فرێزی هەیە. تایبەتییەکانیشیان، بریتییە لە:فۆن-phon، کە هەمیشە بە هۆی زنجیرەیەك پیت دەنوێنرێت، سین-syn، زانیارییە سینتاکسیەکان دەگرێتەوە، سێم-sem، داتا سیمانتیکییەکان لە خۆ دەگرێت))[108].

هێمای زمانی، بۆ ئەوەی ببێتە لێماو لە فەرهەنگدا تۆمار بکرێت، پێویستە واتای هەبێت، ئەمەش بەوەی، یان خاوەنی واتا بێت، وەك: (جوان، خواردن، چون..)، یان هەڵگری واتا بێت، وەك: (-یی، -ەکە، -ان،...).

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێبدرێت، کام جۆری واتایە، (لە خۆوەیی، یان نالە خۆوەیی واتا)، کاتێك باس لە هێمای زمانی دەکرێت، مەبەست دیاریکردنی پەیوەندی نێوان هەردوو دیوی فۆڕم و واتایە، کە پەیوەندییەکی لە خۆوەیەو دەستوور بەدەرە، ((لە ڕژێمی هێمای زمانیدا پەیوەندییەکی دەستوور بەدەر لە نێوان ناولێنراو (واتا) و، ناولێنان (فۆڕم) هەیە، ڕەمزەکان (وشەکان) لە زمانە سروشتیەکاندا گشتیان دەستوور بەدەرن))[109]. بەواتا مانای هێمای زمانی نادارشتەییەو هیچ پەیوەندییەکی بەو پیتانەوە نییە، کە فۆڕمەکەی دەنوێنن، بۆ نموونە فۆڕمی (تا، دار، شا...)، ئەمانە هیچ پەیوەندییەکیان بەو واتایانەوە نییە، کە ئاماژەیان بۆ دەکەن، چونکە ئەگەر وابووایە، ئەوا دەبوو، زۆربەی ئەو وشانەی، کە ئاماژە بە دیاردە سروشتییەکان دەدەن، لە زۆربەی زمانەکانی جیهان، وەك یەك بوونایە، ((تەنانەت ئەو وشانەش، کە بە سروشتی ناسراون، هەر لە واتادا لێڵن چونکە واتاکانیان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێ))[110]،

(107) Stephan Gramly and Patzold (2004: 27).
(108) Gregor Erbach (1992: 5).

(109) محەمەد مەحوی: (٢٠٠١، ١٥).

(110) محەمەد مەعروف و سەباح ڕەشید: (٢٠٠٦: ٤١).

لەمەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە ئەو لێمایانەی (هێما زمانیی) لە فەرهەنگدا تۆمار دەکرێن، کەرەستە بنجییەکانی زمانن، بریتین لەو فۆڕمانەی، کە ماناکانیان لە بەشە پێکهێنەرەکانیانەوە، ناتوانرێت پێشبینی بکرێن. لەم روانگەیەوە مۆرفیمەکان، بچوکترینی ئەو هێمایانەن، کە پەیوەندی نێوان دیوی دەربڕین و واتایان لە خۆوەیە، لە هەمان کاتیشدا ئەرکییان هەیە، ((مۆرفیم گچکەترین هێمایەکە واتاو فۆڕم و گۆکردنی ڕێزمانی و ناوەڕۆکی هەبێت))[111].

زمانەوانان، پۆلێنکردنی جۆراوجۆریان بۆ ئەو چەشنەی مۆرفێم کردووە، کە لەسەر بنەمای واتاو ناوەڕۆك دابەش کراوە، بە مۆرفێمی فەرهەنگی، یان رەگی، یان مۆرفێمە بنەڕەتییەکانی زمان ناوزەدییان کردووە[112]، لەبەر ئەوەی واتای نادارشتەییان هەیەو پەیوەندی نێوان فۆڕم و ماناکەی، لە خۆوەیە، چونکە ماناکەیان دەشێوێت، بەم پێیە دەتوانین بڵێین، ئیدیۆمیش دەچێتە خانەی ئەم چەشنەی مۆرفێم، کە بە پێی ناوەڕۆك و مانا پۆلێن کراوەو بە مۆرفێمی فەرهەنگی، یان یەکەی فەرهەنگی زمان دادەنرێن، ((لەبەر ئەوە دەبێت لەم روەوە ئیدیەم، وەك مۆرفێم سەیر بکرێت و، بۆ کەرتی وردتر شی نەکرێتەوە، چونکە واتاکەی دەشێوێ، هەر لەبەر ئەمەشە لە زۆربەی فەرهەنگەکاندا، ئیدیەم وەك وشە، بە دانەیەکی زمانی دادەنرێت))[113].

(de Sciullo & Williams)، لەبارەی سروشتی تۆمارکردنی هێمای زمانی لە فەرهەنگدا دەڵێن ((چەندە سروشتی فۆڕمێك کەمتر دارشتەیی بێت، ئەوەندە زیاتر لە فەرهەنگدا تۆمار دەکرێت))[114].

کەواتە نا دارشتەیی واتایی، سیمایەکی سەرەکی هێمای زمانییە، بۆ ئەوەی ببێتە لێماو لە فەرهەنگدا تۆمار بکرێت، ئەمەش تایبەتێتییەکی سەرەکی ئیدیۆمە، بۆیە ئیدیۆم ئەو دانەیەی زمانە، کە دەبێت لە فەرهەنگدا تۆمار بکرێت ((ئیدیەم لەوشە

---

(111) محەمەد مەحوی: (٢٠٠٥، وانەکانی خوێندنی باڵا).

(112) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(113) محەمەد مەعروف فەتاح: (١٩٨٦، ٧٦).

(114)Katamba (1993: 297).

دەچێت هەردووکیان دانەی ئامادەن لە زمانداو پێویستیان بەوەیە لە فەرهەنگدا تۆمار بکرێن))[115]، وەك:

٣١٦-(أ) بووە بە داسكو دەرزی. [لەڕو لاوازە].

(ب) ئەم هەویرە ئاو زۆر دەکێشێت. [بە قسەیەك دەوترێت مانای زۆر بێت].

(پ) ناوشانی پانە . [هەڵدەگرێت وای لێ بێت].

ئەو هێمایانەی، کە مرۆڤ بەکاریان دەهێنێت، لەگەڵ لە خۆوەیی واتادا، سۆسێر ((تایبەتێتیی جیاوازی بۆ هێما زمانییەکان داناوە، بەوەی زمان بە جیاوازی کار دەکات، نەك بە لێکچوون، واتە بۆ ئەوەی لە واتای وشەیەك بگەین، دەبێت لە فۆڕمو واتادا جیاواز بێت))[116] ئیدیۆمەکانیش، ئەو دانانەی تری زمانن، کە لە رووی فۆڕمو واتاوە، لە یەکەکانی تری زمان جیاوازن.


تایبەتیەکی تری هێمای زمانی، دیاری نەکردنی کورت و درێژی هێماکەیە، یان زۆرو کەمی ژمارەی ئەو پیتانەی، کە فۆڕمەکەیان پێکهێناوە، لێرەدا گرنگ گەیاندنی واتاو چەمکە، لەگەڵ کۆکبوونی کۆمەڵ لەسەر ئەو هێمایە، کە واتایەك بەو فۆڕمەوە بگەیەنێت ((سنوورێك بۆ کورت و درێژی هێما دانەنراوە، بۆیە وشەیەك، رستەیەك، یان دەربڕاوێك دەشێت هێمایەك بێت))[117]. ئیدیۆمیش، هەرچەندە لە رووی فۆڕمەوە بەشێوەی جیاجیا دەردەکەون وەك (وشەی لێکدراو، فرێزو رستە)، بەڵام ئەوەی گرنگە، گەیاندنی بیرو چەمك و واتایە بە فۆڕمێك، کە کۆمەڵ لەسەری رێکەوتبن ، نەك کورت و درێژی هێما بە هەند وەربگیرێت، لە لایەکی تریشەوە، لەبەر ئەوەی پەیوەندی نێوان فۆڕم و واتای هێمای زمانی، لە خۆوەیە، دەبێتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵێك پەیوەندی تر ((چەندین پەیوەندی نێوانیان لە زماندا دێتە ئاراوە، یەکێك لەوانە هەندێك جار یەك تاکە فۆڕم دەتوانێ چەند مۆرفیمێك بینوێنێ، واتا چەند واتایەکی جیاوازی هەبێت، وەك لە وشە هاودەنگەکاندا دەردەکەوێ، بڕوانە وشەی (پێ) لە (پێم دێشێ) و (پێم وەهایە)، لە

(115) محەمەد مەعروف فەتاح: (١٩٨٦، ٧٢).

(116) محەمەد مەعروف فەتاح: (١٩٩٨: وانەکانی خوێندنی بالاّ).


(117) محەمەد مەحوی: (٢٠٠٥، ٧).

یەکەمدا بە واتای (قاچ) دێ و لە دووەمـدا ئـامرازی بەنـدی (بـە) دەگەیـەنێت))[118]. و بڕوانە نموونەی (٣١٧):

٣١٧)



**هێڵکاری ژمارە ( ٢٨ )**

بە هەمان شێوە، ئیدیۆمیش جۆرێکی ترە لەو پەیوەندییەی نێوانیان، کـە لـە زمانـدا دێتە ئاراوە، کە یەك فۆرم دەتوانێ لە چەند مۆرفیمێك پێکهاتبێ و ئـەو تاکـە فۆڕمـەش چەند مانایەکی جیاواز ببەخشێت. بڕوانە نموونەی (٣١٨).

٣١٨- (أ)
(ب)
(پ)



**هێڵکاری ژمارە ( ٢٩ )**

هەواڵنامەی کتێب


(118) محەمەد مەعروف و سەباح رشید: (٢٠٠٦، ٢٤- ٢٥).

کەواتە ئیدیۆم جۆرێکی لێمایەو لەناو فەرهەنگدا هەن و ئەوەش بە هۆی بوونی هەمان ئەو تایبەتیانەی کە لە لێماکاندا هەن لەمانیشدا بەرجەستە دەبن.

**ب- لێکسیم:**

لە پێشەوە ئاماژەمان بەوە دا، کە کەرەستە بنجییەکانی زمان ئەوانەن، کە لەسەر بنەمای واتاو ناوەڕۆك پۆلێنکراون و لە فەرهەنگیشدا تۆمار کراون ((وشەی فەرهەنگی پێی دەوترێت لێکسیم، دەتوانرێت وەك رستێك لە فۆڕمە وشەکان لێی تێ بگەین))[١١٩].

یەکەی لێکسیکی، یان لێکسیم ((یەکەیەکی ئەبستراکتیەو زمانەوانان بۆ ئاماژەدان بە بچووکترین یەکەی جیاکەرەوە، لە سیستمی سیمانتیکی زمانێکدا، ئەم زاراوەیەیان بەکار هێناوە))[١٢٠]، ئەو یەکە زمانییانەی لە رووی واتاییەوە تەماشا دەکرێن، بە لێکسیم دانراون ((ئەو فۆڕمە وشانەی کە لە رووی واتاوە دیاری کراون، بە لێکسیم، یان یەکەی لێکسیکی ناویان لێنراوە))[١٢١]، لێکسیم، وەك هەر هێمایەکی زمانی تر، تایبەتمەندیی خۆی هەیەو بە شێوەیەکی گشتی لە سێ بەش پێك هاتووە: ((فۆڕم، یان ژمارەیەك فۆڕمی هەیە، کەتیگۆری هەیە، واتایەکی نادارشتەیی هەیە))[١٢٢]. وەك لەم هێڵکارییەدا دەردەکەوێ:




**هێڵکاری ژمارە (٣٠)**

لێکسیمەکان، بەوپێیەی لە فۆڕمێك زیاترییان هەیە، لە رووی پێکهاتنەوە رۆنانی جیاوازییان هەیە و لەدوو شێوەدا دەردەکەون:

(119) Martin Haspelmath (2002:13).
(120)Crystal (2003: 265-266).
(121) Stephan Gramley and Patzold (2004: 23).
(122) Koenroad and Allan (1996: 130).

**١-** لێکسیمی وشەیی: ئەو لێکسیمانەی، کە فۆڕمەکانیان فۆڕمی وشەن و. بە تایبەت ئەوەیان لە شێوەی وشەی لێکدراودایە.

**٢-** لێکسیمی فرێزی: ئەو لێکسیمانەن، کە فۆڕمەکانیان فرێزین، ئەم جۆرەیان بەسێ شێوە ئیدیۆمین: ((لە رووی رێزمانییەوە، لە رووی سیمانتیکییەوە، لە هەردوو لایەنی رێزمانیو سیمانتیکی پێکەوە. لە رووی رێزمانییەوە مەبەست دابەشبوونیانە لەرستەکانی زماندا، لە رووی سیمانتیکیشەوە، واتاکانیان لە تایبەتمەندی سینتاکسیو سیمانتیکی پارچەکانیانەوە پێشبینی ناکرێت)) (١٢٣).

بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت لێکسیمی فرێزی، لە رووی فۆڕمەوە پەیوەندیدار بکرێت، لەگەڵ دەربڕینە فرێزییە نا ئیدیۆمییەکان (هەندێك یان هەموو)، کە فۆڕمەکانیان چوونیەکن، لەگەڵ ئەو فۆڕمانەدا، کە لێکسیمە فرێزییەکان هەیانە، لە رووی واتاشەوە دەربڕینە فرێزییە نائیدیۆمییەکان لێکسیمی نین، چونکە بەشێك نین لە وشەکانی فەرهەنگی زمانێك و واتای فەرهەنگییان هەیە، بە پێچەوانەی لێکسیمی فرێزە ئیدیۆمییەکانەوە، کە واتای هێمایی، یان ئیدیۆمیان هەیە. ((لێکسیمی وشەی لێکدراوی و ئیدیۆمیش بە هەمان شێوەیە)). لێرەدا دوو جۆر وشەی لێکدراو و فرێز دەستنیشان کراوە، ئەوانەی کە ماناکانیان دارشتەیین و دەتوانرێت لە واتای وشە پێکهێنەرەکانییەوە واتای وشەی لێکدراوەکەو فرێزەکە بزانرێت، وەك :

**٣١٩)** وشەی لێکدراو:(أ) پیاوچاك

(ب) کەرپیاو

**٣٢٠)** فرێز: (أ) گوڵی سوور

(ب) شاری سلێمانی

(پ) ئاوی کانی

ئەمانە پێویست ناکات لە فەرهەنگدا تۆمار بکرێن، بەڵام ئەو وشە لێکدراو و فرێزانەی، کە واتاکانیان نادارشتەییەو ناتوانرێت لەسەر بنەمای مانای بەشە پێکهێنەرەکانی لێکبدرێنەوە، ئەوا پێویستە لەگەڵ واتاکانیاندا، لە فەرهەنگدا تۆمار بکرێن و لەبەریش بکرێن، ئەم جۆرە فرێزانە، لە لایەن (de Sciullo & Williams) وە،

---

(123) John Lyons (2002: 145).

بە (بابەتە سینتاکسییە لیستکراوەکان) ئاماژەیان پێکراوە، (Jackendoff) دەڵێ:
((ئەوان سیمای تایبەتیان هەیە، پێویستە بخرێنە فەرهەنگەوە وەك یەکەی تاك، لەگەڵ واتا دیاری کراوەکەیانداو قسەکەرانیش پێویستە فێری قەیدەکانیان بن))(١٢٤). بڕوانە:
وشەی لێکدراوی ئیدیۆمی وەك:

٣٢١-(أ) کونە با [ئەوکەسەی کە سەرچاوەی قسەی هیچ و پووچە].(١٢٥)
(ب) قەڵتاغە کۆن [پیرو داماو].
(پ) شلو مل [ناسکو نازدار].
فرێزی ئیدیۆمی وەك:

٣٢٢-(أ) مووی لووت. [کەسێکی ملۆزم و بێزراوە، پیاو لێی وەرس دەبێت، لاوازو پەرێشان دەبێتەوە].
(ب)ئاگری بن کا.
(پ) ماری حەوت سەر. [بە یەکێکی هارو هاجو بزێو دەوترێت].
بەم پێیە ئیدیۆم، لێکسیمی وشەی لێکدراوو فرێزییە، لە رووی واتاو فۆرمیشەوە، زمانەوانان ئیدیۆم بە کەرەستەی لێکسیکی دادەنێن، لەبەر ئەوەی یەکواتایی نیشان دەدات، هەروەك وشە تاکەکان، واتاکەشی ناتوانرێت لە زانینی مانای بەشە پێکهێنەرەکانییەوە هەڵبگوازرێت. بۆ نموونە:


٣٢٣- (أ) شلو مل. [ناسکو نازدار].
(ب) ئاگری قوورەت. [هاروهاجە، ئاشوبگێڕە، زۆر بەتواناو لێهاتووە].
لەم روانگەیەشەوە ئیدیۆم لێکسیمە، ((ئیدیۆم یەکەی فەرهەنگییەو رۆڵیان بە تەواوی، وەك وشەی تاك وایە، هەرچەندە چەند وشەیەکیش لەخۆدەگرن))(١٢٦). وەك لەم هێڵکارییەدا دیارە:

---

(124) Tim Ifill (2002: 6).

(125) محەمەد مەعروف فەتاح: (١٩٨٦: ٧٨).

126 Katamba (1993: 297).




**هێڵکاری ژمارە (٣١)**

ئەوەی جێی سەرنجدانی زمانەوانان بوو ئەوەبوو، ئایا فەرهەنگ، جگە لە وشە سەربەخۆکان، کەرەستەی زمانیی تر لە خۆ دەگرێت، یان نا؟ لەم بارەیەوە تاوتوێی زۆر کرا، بۆ گەیشتن بەو ئەنجامەی، کە لە فەرهەنگدا ئیدیۆم و مۆرفیمە بەندەکانیش تۆمار دەکرێن، لێکۆڵینەوە لە ئیدیۆمو دانانی بە یەکەیەکی لێکسیکی لە پێناو دەستخستنی ئەو راستییەدا بوو، کە دەبێت ئیدیۆم، وەك وشەکان لە فەرهەنگدا تۆمار بکرێن ((ئیدیەم لەوشە دەچێت هەردووکیان دانەی ئامادەن لە زماندا، پێویستیان بەوەیە لە فەرهەنگدا تۆمار بکرێن))[١٢٧].

لەگەڵ ئەوەی سەربەخۆیی فەرهەنگ، لە وشەو دەربڕاوەکانی زمانێك، بە گشتی ئەم زانستە کەم بەها دەکات، چونکە لە فەرهەنگدا، دەبێت کورتەو پوختەی هێماکانی زمانی لە خۆگرتبێ، با هەر پێکهاتەیەکیشی هەبێت، لەبەرئەمەیە فەرهەنگ، بە گەنجینەی فۆڕمەکان دانراوە، مەبەستیش لەم فۆڕمانە، تەنها وشە تاکەکان نین، بەڵکو یەکە دارێژراوەکانیش دەگرێتەوە، ئەوانەی هەموو تایبەتمەندییەکانیان ملکەچی ئەو یاسایانە نابن، کە دایڕشتوون، (Williams) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((فەرهەنگ برێکی زۆر فرێز لەخۆ دەگرێت، هەروەك چۆن برێکی زۆر وشەش لەخۆ دەگرێت، پێموایە فرێزی لێکسیکی زیاتر لە وشەی لێکسیکی تێدا تۆمار دەکرێت))[١٢٨]. (Katamba) دەڵێت:

---

(127) محەمەد مەعروف فەتاح: (١٩٨٦، ٧٢).

(128) Williams (1994: 8).

((فەرهەنگەکان، جگە لە مۆرفیمی سەربەخۆ، ئیدیۆم و پەندو مۆرفێمی بەندیش لەخۆ دەگرن))[١٢٩]. بۆ نموونە لەو ئیدیۆمانەی، کە لە فەرهەنگدا تۆمار دەکرێن، وەك :

٣٢٤- (أ) چاوچنۆك

(ب) چنگ لەسەرشان

(پ) دەست بەسەراگرتن

بەم پێیە ئیدیۆم لە فەرهەنگدا تۆمار دەکرێن و یەکەی لێکسیکین و دەتوانین بە جۆرێکی لێکسیمی دانێین.

**پ- لیستێم:**

لە بارەی تۆمارکردنی کەرەستە زمانییەکان لە فەرهەنگدا، بنەمایەکی تر، کە لە لایەن (de Sciullo & Williams)وە، لە کتێبی (پێناسەکردنی وشە) دا خراوەتە روو، بریتییە لە لیست بوونێتی، بۆ ئەو یەکانەی کە لە فەرهەنگدا تۆمار کراون و بۆ ئەمەش زاراوەی (لیستێم) یان داناوە، کە (ناو، ئاوەڵناو، کردار...) دەگرێتەوە، زۆربەیان یەکەی تاکن و تایبەتمەندیی ناوازەیی (ئایدۆسینکریتیك) یان هەیە. ((لیستێم زاراوەیەکە، هەندێ جار لە زانستی زمانەوانی دەروونیدا بەکار دێت، بۆ ئاماژەدان بە چەمکی وشەیەك، یان دەربڕینی تر، وەك دانەیەك لە بوونی لیستی زمانەوانی، کە لە مێشکدا خەزن کراوە))[١٣٠].

لیستێم دانراوە، بۆ ئەو یەکە لیستکراوانەی ناو فەرهەنگ، چ فەرهەنگی بنەڕەتی بێت، یان گشتی بێت، هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە، بەوپێیەی، فەرهەنگی گشتی، دەبێت ئاوێنەی فەرهەنگی بنەڕەتی بێت، بنەمای ئەم زاراوەیەش بۆ ئەو یەکانەیە، کە دەبێت واتایەکیان هەبێت، نەتوانرێت بە شێوەیەکی دارشتەیی دەست بخرێن و بە هۆی بنەمای گشتییەوە حوکم ناکرێن و، قسەکەران پێویستە لەبەری بکەن، بۆ ئەمەش پێویستە لە فەرهەنگدا تۆمار بکرێن. ئیدیۆمەکانیش بەم پێوەرە لیستێمن.

تایبەتییە ناوازەییەکانی (ئایدۆسینکریتیك) ی لیستێمەکان، بریتیین لە :

أ- تایبەتمەندیی فۆنۆلۆجی: چۆنێتی خوێندنەوە دیاری دەکات....

---

[129] Katamba (1993: 83).
[130] Crystal (2003: 274).

ب- تایبەتمەندیی مۆرفۆلۆجی: ئاماژەدەرە بە ڕۆنانی ناوەوەی وشەو دیاریکردنی ڕەچەڵەکی و پێکهاتەیی و...یا لەخۆ دەگرێت.

پ- تایبەتمەندیی سینتاکسی: دەستنیشانکردنی ڕەگەز، ڕادە، کەتیگۆری و...دەگرێتەوە.

ت- تایبەتمەندیی سیمانتیکی: دیاریکردنی واتاو نیشانەی واتایی و بەهاکانیان و، هاوواتایی و دژواتایی و....،[١٣١]

بە هەمان شێوە، (Jackendoff-1997)، هەڵسەنگاندنی بۆ ئیدیۆم و دەربڕینە چەسپاوەکانی تر کردووەو گرنگییانی لە ڕووی زمانەوانییەوە خستۆتە ڕوو، ئیدیۆمی بەجۆرێك لە لیستێم داناوە[١٣٢]، (Katamba) ش یەکە لیستکراوەکانی ناو فەرهەنگ بە ئیدیۆمەکان ناو دەبات ((زۆر باوتر پێیان دەوترێت ئیدیۆمەکان، بریتین لەو لیستێمانەی کە پیشاندەری نموونەی دژن، بەو بیرۆکەیەی، کە هیچ فرێزێك نییە شیاو بێت بۆ لیستکردن لە فەرهەنگدا))[١٣٣].

یەکێك لە ئەنجامەکانی دانان بەوەی، کە ئیدیۆم فرێزی لیستێمییەو دەبێت لە فەرهەنگدا وەك یەکە زمانییەکانی تر تۆمار بکرێت، ئەوەیە کە دەبێت وەك ئەوان پێکهاتەی زمانەوانیان هەبێت، کە فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و سینتاکس و سیمانتیکە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، ڕاستە ئیدیۆم یەکەیەکی سەربەخۆی زمانەو خاوەنیی تایبەتێتیو پێکهاتەی خۆیەتی، بەڵام دانەیەکی زمانەو لە ژێر ڕکێفی سیستمی زماندایەو وەك یەکەکانی تر تایبەتێتیی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و سینتاکس و سیمانتیکیی هەیە، (لە بەشەکانی پێشوودا لێیان دواین).

لە لایەکی ترەوە، چەسپاوێتیی فۆڕمی ئیدیۆم، هۆکارێکی تری ئاماژە پێدەرە بەوەی، کە خاوەنی پێکهاتەیەکی ناوەکی پتەوو توندوتۆڵە، ئەم سیفەتەی بۆتە هۆی ئەوەی، کە یاریکردن بە کەرەستەکانی و جێگۆرکیێ و گواستنەوەو تێ ئاخنین و،.... بە گشتی لە نێوان یەکەکانیدا، نەتوانرێ بەئاسانی جێبەجێ بکرێت، یان زۆر بە سستی ئەگەر بکرێ.

---

[131]Katamba (1993: 295).
[132]Williams (1994:3).
[133]Katamba (1993: 100).

ئەمەش بە پێی پلەی چەسپاوێتی، فۆرمیان دەگۆڕێت، بە گشتی فۆڕمی ئیدیۆم، فرۆز نییەو بە قاڵبووەو پتەوەو زۆر مل بۆ یاساکانی زمان وەك یەکەکانی تر نادات.

ئیدیۆم پێکهاتەدارە، لەگەڵ ئەوەی ئەم جۆرە چەسپاوانەی، هاوشێوەی مۆرفیم و وشە تاکەکانەو وەك ئەوان یەکواتایی نیشان دەدەن و خاوەنی پێکهاتەی پتەون، ((گرنگترین دەستکەوتی ڕۆنانکارەکان، دۆزینەوەی ئەو راستییەیە، کە وشە خاوەنی ڕۆنانێکی ناوخۆییە))[١٣٤] ئیدیۆمیش خاوەنی ڕۆنانێکی ناوخۆیی پتەوە، ئەمەش سیفەتی چەسپاوێتیی داوەتێ و لە یەکەکانی تری زمانی جیا کردۆتەوە ((ئیدیۆمەکان پێکهاتەیەکی ناوەکی بە بایەخیان هەیە، کە بەرپرسیارە لە زۆربەی ئاکاری ئیدیۆمەکان، ئەم ڕۆنانە لە پەیوەندی نێوان سینتاکسی فرێزە ئیدیۆمییەکە و واتا فەرهەنگییەکەی پێکهاتووە))[١٣٥]. ئەمانەش بە گشتی تایبەتێتیی ئەو یەکانەن، کە لە فەرهەنگدا بوونیان هەیە، ئیدیۆمیش وەك کەرەستە زمانییەکانی تر خاوەنی ئەو تایبەتمەندییانەیەو لەبەر ئەوە دەبێت یەکەی فەرهەنگی بن و لە فەرهەنگیشدا تۆمار بکرێن.

(de Sciullo & Williams)، لەم بارەیەوە تێبینییەکانی خۆیانیان لە بارەی ئەو کەرەستە زمانیانەی لە فەرهەنگدا تۆمار دەکرێن بە گشتی، لە خشتەی ژمارە (١) دا خستۆتە ڕوو[١٣٦]، کە تیایدا ئیدیۆمەکانیش یەکێکن لە کەرەستە زمانییەکانی فەرهەنگ:

---

[134] محەمەد مەعروف فەتاح: (٢٠٠٦، ٧).

[135] Tim Ifill (2002: 3).

[136] Katamba (1993: 297).

| مۆرفیمەکان > | وشەکان > | لێکدراوەکان > | گرێکان > | ڕستە |
|---|---|---|---|---|
| هەموو مۆرفێمەکان پێویستە لیست بکرێن، بەو پێیەی ئەوانە هەرە بچوکترین بوونێکی جیای سیمانتیکی ناشیکراوەییان هەیە. | هەندێك لە وشە ئاڵۆزەکان، کە چەند مۆرفێمێکیان هەیە لیست دەکرێن (بەڵام ئەوانە تۆمار ناکرێن ئەگەر واتاکانیان دارِێژراوی بن). | هەندێك لە لێکدراوەکان، کە پێك هاتوون لە دوو شێوە، یان زیاتر، ئەوانە کەمتر دەچنە بەر ئەوەی تۆمار بکرێن و لەبەر بکرێن. | هەندێك فرێزی سینتاکسی (واتە ئیدیۆمەکان)ئەوا نە ناوازەن و پێویستە تۆمار بکرێن. | زۆربەی هەرە زۆری ڕستەکان پێویست ناکات تۆمار بکرێن. |

**خشتەی ژمارە (١)**

هەواڵنامەی کتێب

## ئه نجام

ئەنجامە گرنگەکانی نامەکە لەم خالآنەدا خراونەتە روو:

١. ئیدیۆمی کوردی لە دەربڕینە نادارشتەییەکانە، دوو پێوەر دیاری کراوە بۆ ئەوەی دەربڕینێك بە ئیدیۆمی تەواو دابنرێت، یەکەمییان لێڵیی واتایەتیی، بەوەی مانای ئیدیۆمیان لە واتای فەرهەنگییانەوە نەهاتووە، پێوەری دووەمیشیان ئەوەیە، کە لەرووی فۆرمەوە چەسپاون‌و بوونەتە قالب‌و جێگیرن‌و لە زماندا بەو فۆرمە قالبگرتووە ئامادەکراوە دەناسرێنەوە .

٢. هەرچەندە میتافۆر سەرچاوەی پەیدا بوونی واتای ئیدیۆمییە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا ئیدیۆمی کوردی و میتافۆر لەرووی واتاو پێکهاتنەوە جیاوازن و خالە جیاوازەکانیشیان خراونەتە روو .

٣. پراگماتیکییانە لە واتای ئیدیۆمی کوردی کۆڵراوەتەوەو، پراگماتیکیش وەك سەرچاوەیەکی تری سەرهەڵدانی واتای ئیدیۆمی دەستنیشان کراوە .

٤. ئیدیۆمی کوردی لە رووی فۆرمەوە، لە دوو وشە یان زیاتر پێك هاتووە، ئەمەش تایبەتییەکی تری ئیدیۆمی کوردییە، کەجیای دەکاتەوە لەو فۆرمە سادانەی، کە بەکارهێنانی ئیدیۆمیان هەیە، نەوەك خودی خۆیان ئیدیۆم بن.

٥. پێکهاتەی سینتاکسی ئیدیۆمی کوردی، لەگەڵ پێکهاتەی سینتاکسی دانە زمانییەکانی تردا چونییەکەو بەپێی یاسا سینتاکسییەکانی زمان دارێژراوە، تەنها ئەوە نەبێت ئەمان چەسپاون‌و مل نادەن بەو کرانەوەو گۆڕانە بەرفراوانانەی کە ئەوانی تر رێگەیان پێدەدەن، ئەمەش بە پێی پێوەر رادەو پلەی چەسپاویان پێشان دراون.

٦. لەم کارەدا پەیوەندی و پێکهاتەی مۆرفۆلۆجیی ئیدیۆمی کوردی دیاری کراوەو خراوەتە روو، کە بە پێی یاسا مۆرفۆلۆجییەکانی زمانی کوردی سازدراون .

٧. نادارشتەیی واتایی‌و چەسپاوێتیی فۆرمی ئیدیۆمی کوردی، بوونەتە هۆی ئەوەی، کە وەك یەك یەکە ئەرك ببینن‌و لە لێکسیکۆلۆجیدا وەك یەك دانەی زمانی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ‌و، ببنە یەکەی فەرهەنگی‌وفەرهەنگی تایبەت بەخۆیانیان هەبێت.

# سەرچاوەکان


**١- بە زمانی کوردی:**

أ- کتێب:

- ئەورەحمانی حاجی مارف، وشەی زمانی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٥.

- ئەورەحمانی حاجی مارف، وشە رۆنان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٧.

- ئەورەحمانی حاجی مارف، رێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، مۆرفۆلۆژی، بەشی یەکەم، ناو، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق- دەستەی کورد، بەغدا، ١٩٧٩.

- ئەورەحمانی حاجی مارف، لە بواری فەرهەنگ نوسیی کوردیدا، لە چاپکراوەکانی ئەمیندارێتی گشتی رۆشنبیریو لاوانی ناوچەی کوردستان، بەغدا، ١٩٨٧.

- ئەورەحمانی حاجی مارف، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، سلێمانی، ٢٠٠٤.

- جەلال مەحمود عەلی، ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی حسام، بەغدا، ١٩٨٢.

- جەلال مەحمود عەلی، ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، بەرگی دووەم، زنجیرە کتێبی دەزگای چاپوپەخشی سەردەم (١٣٢)، سلێمانی، ٢٠٠١.

- کامل حەسەن بەسیر، زانستی ئاوەڵواتا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی کورد، بەغداد، ١٩٨١.

- کلۆد جێرمان- ریمۆ لۆبلان، واتاسازی، وەرگێرانی: یوسف شەریف سەعید، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦.

- محەمەد مەحویی، رستەسازیی کوردی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠١.

- محەمەد مەحوییو نەرمیین عومەر ئەحمەد، مۆدێلی رێزمانی کوردی، زنجیرە کتێبە چاپکراوەکانی شارەوانی زنجیرەی (٣٢) ، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٤.

- محەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٠.

- محەمەد مەعروف فەتاحو سەباح رەشید قادر، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، چاپخانەی روون، سلێمانی، ٢٠٠٦.

- میدیا، سەرەتاییێکی زمانناسی، بەرگی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٨.

ب- نامەی زانکۆیی (بڵاونەکراوە):

- بەکر عومەر عەلی، میتافۆر لە روانگەی زمانەوانییەوە، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٠.

- فەتاح مامە عەلی، ئیدیەم لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر،١٩٩٨.

- عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، دروستەی فرێز لە زمانی کوردییدا، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٥.

- قیس کاکل تۆفیق، جۆرەکانی رستەو تیۆری کردە قسەییەکان ، نامەی ماستەر، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر،١٩٩٥.

- هۆگر مەحمود فەرەج، پراگماتیكو واتای نیشانەکان، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٠.

- هیدایەت عەبدوڵڵا موحەمەد، رێککەوتنی واتایی ناوو ئاوەڵناو لە زمانی کوردییدا، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٢.

پ-گۆڤارەکان:

- غازی فاتح وەیس، فۆڕم و ناوەڕۆکی ئیدیۆم،گۆڤاری ئۆتۆنۆمی، ژمارە (٤)، ساڵی حەوتەم، هەولێر، ١٩٨٢.

- محەمەد مەعروف فەتاح، دیسان ئیدیەم، پێداچوونەوەیەك لەبەر رۆشنایی زمانەوانیدا، گۆڤاری کۆری زانیاری عێراق، دەستەی کورد، بەرگی (١١)، چاپخانەی کۆری زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٦.

- نەسرین محەمەد فەخری، هەندی زاراوەو ئیدیۆمەی کوردی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەیان لە رووی زمانەوە، گۆڤاری کۆلیجی ئەدەبیات، زانستگای بەغدا، ژمارە ( ١٩)، چاپخانەی (دار الجاحظ)، بەغدا، ١٩٧٦.

- وریا عمر امین، لە رووەکانی رێبازی گوێزانەوە، گۆواری ئەکادیمی، کۆڕی زانیاری کوردستان، ژمارە (٣)، کوردستان، هەولێر،٢٠٠٥.

ت- وانەی خوێندنی باڵا و چاوپێکەوتن:

- بەکر عومەر عەلی، چاوپێکەوتن، مانگی ئازاری ٢٠٠٦.
- عبدالسلام سالار،چاوپێکەوتن، مانگی شوباتی ٢٠٠٦.
- محەمەد مەحوی، فەرهەنگسازی، دەستنوس ، ٢٠٠٥.
- محەمەد مەحوی، وانەی خوێندنی باڵا (زانستی زمان)، مانگی ئەیلولی ٢٠٠٥.
- محەمەد مەعروف فەتاح، وانەی خوێندنی باڵا (واتاسازی)، مانگی نیسانی ١٩٩٨.
- وریا عومەر ئەمین، چاوپێکەوتن، مانگی ئازاری ٢٠٠٦.

**٢-بە زمانی روسی:**

- ر. ئا. بوداگۆڤ، سەرەتایەك لە زانست لە بارەی زمان، مۆسکۆ،١٩٥٨.
- ن .م . شانسکی، فریژۆلۆجیی زمانی روسی ئەمرۆ، چاپی دووەم، مۆسکۆ، ١٩٦٩.

**٣-بە زمانی فارسی:**

- سید جلیل ساغروانیان، فرهنگ اصگلاحات زبان شناسی،مشهد، نشرنما،چاپ اول،١٣٦٩.
- سیروس شمیسا، بیان، چاپ پنجم، تهران، ١٣٧٦.

**٤- بە زمانی ئینگلیزی:**

- American Heritage Dictionary of the English Language, (2000) Eds, pickett, J. P. et. Al. 4thed, Boston, Houghton Mifflin.
- Bradshaw, Robert, Figures of Speech, 2002.
- CAMBRIDGE Advanced Learner's dictionary New, Cambridge University Press, Third Printing, 2004.
- Chambers 21st Century Dictionary, Chambers Harrap Publisher, Third Printing, 2003.
- Cobuild, Collins, Advanced Learner's English Dictionary, Harper Collins Publisher, Great Britain, Third Printing, 2004.
- Crystal, David, A Dictionary of Linguistics& Phonetics, Black well, Fifth Edition, Oxford, 2003.
- Elena, Rosa, Representing and Processing Idioms,
- Erbach, Gregor, Head- Driven Lexical Representation of Idioms in Hpsg, University des Saalandes, 1992.
- Fromkin, Victoria, Robert Rodman, An Introduction to Language, Printed in U. S. A, Fourth Edition, 1988.
- Gramley, Stephan, and Patzold, A Survey of Modern English, Second Edition, Routledge, London, 2004.
- Haspelmath, Martin, Understanding Morphology, Arnold Publisher, 2002.
- Hurmiz, Salam Ni'mat, Idiomatic Expressions in English: A Syntactic Semantic Study, Arts College, University of Salahaddin-Arbil, 2002.
- Ifill, Tim, Seeking the Nature of Idioms: A study in Idiomatic Structure, Haverford Gollege, 2002.
- Katamba, Francis, Morphology, Macmillan Press Ltd, London, 1993.
- Kuiper, Koenvaad, and Allan, W., Scott, An Introduction to English Language, Macmillan Press Ltd, London, 1996.
- Levinson, Stephan C., Pragmatics, Cambridge University Press, 1983.

- Linden ,Jan  Van Der & Kraaij , Wessel, Ambiguity Resolution and the Retrieval of Idioms, Tilburg University, Netherland, 1995.
- Lyone, John, Language and Linguistics, Cambridge University press, NewYork, 2002.
- McMordin, Jennifer w., English Idioms, Oxford University Press, Fifth edition, NewYork, 1988.
- Muhammad, Sama Kais, Comprehension of News Headlines in B&A Newspaper by Iraq, University Students of English, Thesis, College of Arts, Al- Mustansiriya University, 2003.
- Trask, R. L., A Dictionary of Grammatical Terms in Linguistics, Routledge, London, First Published, 1993.
- Websters Dictionary.
- Williams, Edwin, Remarks on Lexical Knowledge, Holland, 1994.
- Wright, Jon, Idioms Organiser by Metaphor, Topic and Keyword, Australia, 1999.
- Yule, George, Pragmatics, Oxford University Press, Fifth impression, NewYork, 2000.

٥- پێگەی ئینتەرنێتی:

- www.1913dictionary.com

هەوالنامەی کتێب

## ABSTRACT

This thesis entitled (Idioms, their types and their construction in Kurdish language), has been studied in terms of the descriptive analysis approach. It tends to determine or specify the meaning of idioms, how to understand them, presenting their models and syntactic structure for Kurdish idiom forms, according to the universal bases used in this field.

This thesis has been divided into an introduction, three chapters and a conclusion.

Chapter One covers the concept of idiom, linguistics' opinions about idioms in general, and the evaluation of the previous Kurdish works concerning idioms.

Chapter Two, has been, specified for analyzing idioms meaning and how to understand them, determining the bases that distinguish an idiomatic meaning from metaphoric meanings, and explaining the relationship between idioms and pragmatics, and how to deal with them.

Chapter Three is a practical part, in which a lot of classifications and divisions dealing with idioms structure have been applied to the Kurdish idioms, and the syntactic structure (sentence and phrase), morphology of idioms have been studied as a lexical constituent and its properties have been dealt with.

The most significant conclusions of this thesis are the following;

Idioms are un compositional expressions, having types and sorts in terms of meaning as well as form and structure. Appropriate idioms are those which have ambiguous meaning with a fixed and frozen form. According to the degree of meaning ambiguity or transparency, and their form fixedness or flexibility; they have different types and sorts which have been presented in this thesis.

On the other hand, the meaning of idiom and metaphore have been presented, distinguishing between them, according to the bases determined by the linguists. Also the relationship between idioms and pragmatics has been presented, and the Kurdish idioms have been dealt with, pragmatically.

Idioms forms are syntagma, bigger than words, having a form which is not simple. They have syntactic, and morphological constructions, similar to the structure of other units of a language, except their fixedness and frozenness which don't permit such flexibility and openness that the other language items enjoy.

This semantical and syntactical feature of idioms has made them to role as one unit in lexicon, and to be considered by which as lexical units, having their own lexicons, like words.

# لیستی زاراوەکان

**ب**

| | |
|---|---|
| بناغەی یەکەم | First Base |
| بوون بە ئیدیۆمی | Idiomatic |

**ت**

| | |
|---|---|
| تاکمۆرفیمی | Mono Morphemic |
| تایبەت | Idiosyncrasy |
| توغنیێ | Tournure |

**پ**

| | |
|---|---|
| پسێدۆ (درۆینە ، ساختە) | Pseudo |
| پێچەوانە نەکراو | Irreversible Binomial |
| پێکهاتەیبوون(سیستەمکردن) | Institutionalization |
| پێکهاتەی ئەدەبییانە | Institutionalized Politeness |
| پێکهاتەی زیادنرخاندن | Institutionalized Hyperboly |
| پێکهاتەی کەمنرخاندن | Institutionalized Understatement |
| پێکهاتەی مۆرفۆلۆجییانە | Morphological Structure |
| پێکهاتەی ناڕاستەوخۆ | Institutionalized Indirectness |

**ج**

| | |
|---|---|
| جێگیر | Alternative |

**د**

| | |
|---|---|
| داڕشتەیی | Compositional |
| دەروازەی فەرهەنگیی | Lexical Entry |

**ز**

| | |
|---|---|
| زگماکی | Innateness (Nativist) |

**س**

| | |
|---|---|
| سێمیمیك | Sememic (Sememe) |

**ف**

هەوالنامەی کتێب

Lexicon فەرهەنگ

Phonemic فۆنیمیك

**ك**

Incorporating کرداری تێکئاخنراو

Processing کردە

**ل**

Lexemic لێکسیمیك

Ambiguity لێڵی

**م**

Morphemic مۆرفیمیك

**ن**

Non-Compositional نادارِشتەیی

Represent نواندن

**ه**

Hypo Phonemic هایپۆفۆنیمیك

Hyper Sememic هایپەر سێمیمیك

**و**

Literal Meaning واتای فەرهەنگیی(پیتی)

هەواڵنامەی کتێب

# هێما و کورتکراوەکان

| هێما | کورتکراوە |
| --- | --- |
| / | یان |
| ← | دەبێت بە |
| * | نارێزمانی |
| ف.ن | فرێزی ناوی |
| ﴾ ﴿ | نیشانەی واتایی |
| { } | فرێزو دەستەواژە |
| / / | ئەوەی دەکەوێتە نێوانیان (مۆرفێم)ە |
| /... — / | پێشگر |
| / — ... / | پاشگر |
| d / det | مۆرفێمی خستنەپاڵ |
| Ń | فرێزی ناوی سادە |
| N | فرێزی خستنەپاڵی ناوی |
| Ā | فرێزی ئاوەڵناوی سادە |
| A | فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی |
| No | ژمارە |
| N | ناو |
| P.pp | فرێزی پێشبەندی |
| D | فرێزی دیارخەری |
| Adp | فرێزی ئاوەڵکرداری |
| Q | فرێزی رادە |
| Dem Det | Demonstrative Determiner |
| < > | هێمایە بۆ وشە |
| # | واتای نائیدیۆمی |
| Conj | Conjunction |

هەواڵنامەی کتێب

## لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی

### بەرهەمی نووسین

١-فەرهەنگی ڕێزمانی کوردی، د. کەمال میراودەلی.

٢- فەرهەنگی زەویزانی، جەمال عەبدول.

٣-**حركات الخوارج فى غربى إقليم الجبال وشهرزور والجزيرة الفراتية:عطا عبدالرحمن محي الدين.**

٤- سۆفیزم و کاریگەریی لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورددا: ١٨٨٠- ١٩٢٥، د. جەعفەر عەلی

٥-**قـضـــاء** هەڵـەبجــە، دراسه في الجغرافيه الإقليميه: **عطا محمد علاءالدين.**

٦-ڕۆڵی هۆکـــاره سیاســـییەکان لە دابەشبوونی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانیدا: جاسم محەمەد محەمەد

٧-پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا، ١٩٩١-١٩٩٨: هێرش عەبدوڵڵا حەمەکەریم.

٨-ڕۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپاو ئەمریکا، ١٩٤٩-١٩٩١ ، نەوزاد عەلی ئەحمەد.

٩-هوشیاری کۆمەڵایەتی، فواد تاهیر سادق

١٠-شاری سلێمانی ١٩٣٢-١٩٤٥ ، د. ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی.

١١-**إقليم كوردستان العراق في دائرة السياسات النفطية العالمية، د. محمد رؤوف سعيد مهندس زمناكو سعيد**

١٢-بەعەرەبکردن لە هەرێمە کوردنشینەکاندا ٦٣- ٨٤٧ ز، رحیم ئەحمەد ئەمین

١٣-**تعريب قضاء خانقين من منظور جيوسياسي، صلاح الدين انور قيتولي**

١٤-کۆیە، کامەران طاهر سەعید

١٥-بوون لە شیعری مەحویدا، د.محمەد ئەمین عەبدوڵڵا

١٦-شێواز لە شیعری کلاسیکیی کوردیدا، حەمە نوری عمر کاکی

١٧- ئەرمەنۆساید، مامەند رۆژە

١٨-کولتوور و ناسۆنالیزم، د. رەفیق سابیر

١٩- بنیاتی کارنامەیی لە دەقی نوێی کوردیدا، د. عبدالقادر حمە امین محمد

٢٠-رستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا، کاروان عومەر قادر

٢١- جیۆگرافیای باشووری کوردستان، د. عەبدوڵڵا غەفوور

٢٢-دابەشبوونی دانیشتوانی شاری هەولێر، فاتیمە قادر مستەف

٢٣- ئیدیۆم چەشنو پێکهاتنی لە زانی کوردیدا، شیلان عومەر حسەین

24/Report on the Sulaimani District of Kurdistan، E.B. Soane.

### بەرهەمی وەرگێڕان

١-کۆمەڵکوژییەکەی دەرسیم، حوسێن یڵدرم، لە سوێدییەوە: کاوە ئەمین.

٢-جەنگی عێراق، کاپلان و کریستل، لە ئینگلیزییەوە: عەبدولکەریم عوزێری.

٣-یاسا دەستوورییەکانی تورکیا و کورد لە سەردەمی نوێدا، م. ئە. حەسرەتیان، لە روسییەوە: د. دلێر ئەحمەد

٤-سلێمانی ناوچەیەك لە کوردستان، ئی.بی. سۆن، لە ئینگلیزیەوە: مینە.

٥- شەرەفخانی بەدلیسی- سەردەم، ژیان، نەمریی، ێڤگێنیا ڤاسیلییێڤا، لە روسیەوە: د.ئارام عەلی

- **گۆڤاری کوردۆلۆجی، ژمارە یەکی ساڵی ٢٠٠٨**
- **گۆڤاری کوردۆلۆجی، ژمارە دووی ساڵی ٢٠٠٩**

هەواڵنامەی کتێب